دێمۆکراسی بۆ ئێـــران    خودموختاری بۆ کوردســـــتان

# کوردستان


## بانگەواز بۆ بەشداریی ئێرانی‌یەکان لە ڕێورەسمی

## پەردەلادان لەسەر تابلۆی بیروەریی قوربانی‌یەکانی تیرۆری میکونووس‌دا

کانوونی پەنابەرانی سیاسیی ئێران لە بیرلین لە بانگەوازێك‌دا پاش ئاماژەکردن بە هەوڵە بێ‌ئاکامەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ پێشگیری لە بەڕێوەچوونی ڕێورەسمی پەردەلادان لە تابلۆی بیرەوەریی قوربانی‌یەکانی تیرۆری میکونووس، ڕایگەیاندوە کە ئەو ڕێورەسمە ڕۆژی سێ‌شەممە ٢٠ی ئاوریل بە بەشداریی ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتی‌یە سیاسی‌و حوقووقی‌یە ئێرانی‌و ئەڵمانی‌یەکان بەڕێوەدەچێ. بەم بۆنەیەوە داوای لە هەموو ئێرانی‌یە ئازادیخوازەکان کردوە بە بەشداری لەو ڕێورەسمەدا نەفرەت‌و بێزاریی خۆیان لە تیرۆریزمی دەوڵەتیی ئێران دەرببڕن تا ناوی قوربانی‌یەکان‌و دەستووردەران‌و بەڕێوەبەرانی ئەو تیرۆرە بۆ هەمیشە لە مێژوودا تۆمار بکرێ.

**شوێن: بەرامبەر ڕێستوورانی میکونووس**

**کات: سێ‌شەممە ٢٠ی ئاوریلی ٢٠٠٤/ کاتژمێر ٥ی دوانیوەڕۆ**


ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران | ٣١ی خاکەلێوەی ١٣٨٣ | ١٩ی ئاوریلی ٢٠٠٤ | ژمارە ٣٨٧ | ١٥٠ تمەن


# سەرئەنجام کۆماری ئیسلامی دانی بە کوشتنی ٦ تێکۆشەری دێمۆکرات‌دا نا که "بزووتنەوەی ئیسلامی" حەوت ساڵ‌و نیو لەمەوبەر پێی فرۆشت

### سکرتێری گشتیی حیزب:

**ئێمە داوا دەکەین "بزووتنەوەی ئیسلامی" کە بە ناهەق‌و بە بوختان ناوی ئیسلام و کوردی لەسەر خۆی داناوە، بخرێتە ژێر فشار تا هەموو حەقیقەتی پێوەندیدار بە چارەنووسی ئەو عەزیزانەی ئێمە ئاشکرا بکا. تاوانبارانی ئەو جینایەتە دەبێ بە دەستی عەدالەت بسپێردرێن.**


حەمە عەزیز قادری


ئەرشەد ڕەزایی


یونس محەممەدپوور


عەددنان ئیسماعیلی


موزەفەر کازمی


مەعروف سۆهرابی

### بەڕێوە چوونی ڕێورەسمێکی پرسەوسەرەخۆشی بە بۆنەی ڕاگەیاندرانی هەواڵی شەهیدکرانی ٦تێکۆشەری حیزبەوە

ڕۆژی پێنج شەممە ٢٧ی خاکەلێوەی ١٣٨٣ی هەتاوی، بە بۆنەی ڕاگەیەندرانی هەواڵی شەهید بوونی ٦تێکۆشەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە لە ئاکامی کردەوەیەکی جینایەتکارانەدا، پاییزی ساڵی ١٣٧٥ی هەتاوی، لە لایەن بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستانەوە تەحویلی کۆماری ئیسلامی درانەوە، لە یەکێك لە بنکەکانی سەر بە دەفتەری سیاسیی حیزب بە بەشداریی بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە سکرتێری گشتیی حیزب و ئەندامانی دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی و هەروەها بە بەشداری کادرو پێشمەرگەو بنەماڵەکانیان، ڕێورەسمێکی پرسەو سەرەخۆشی پێك هات.

لە سەرەتای ڕێورەسمەکەدا، بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە وتەیەکی بەو بۆنەیەوە پێشکەش کرد. پاشان هاوڕێی بەڕێز محەممەد نەزیف قادری ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی ناوەندی ١ی کوردستان، پاش باسێکی پێوەندیدار بەو ڕووداوەوە، ژیاننامەی هەریەك لە شەهیدان، ئەرشەد ڕەزایی، محەممەد عەزیز قادری، مزەفەرکازمی، عەدنان ئیسماعیلی، مەعرووف سوهرابی‌و یونس محەممەدپووری خوێندەوە. پاشان خاتوو سەمیرا قادری، کچی شەهید محەممەد عەزیز قادری، پەیامی بنەماڵەی شەهیدانی پێشکەش کرد. لە کۆتایی ڕێورەسمەکەدا، بەشداران یەکەیەکە سەرەخۆشیی خۆیان ئاراستەی بنەماڵەی ئەو شەهیدە سەربەرزانەو سکرتێری گشتیی حیزب کرد.

**دەقی قسەکانی سکرتێری گشتیی حیزب لە لاپەڕی ٢ی ئەم ژمارەیە دایە.**

### بەیاننامە:

## ئاشکرابوونی تاوانێکی سامناکی کۆماری ئیسلامیی ئێران

**هاونیشتمانە بەڕێزەکان!**

**خەڵکی فیداکاری کوردستان!**

**ئەندامان، لایەنگران‌و دۆستانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!**

وەك لە بیرمانە نیزیك بە حەوت ساڵ‌و نیو پێش، لە شەوی نۆزدە لەسەر بیستی ئۆکتۆبری ١٩٩٦ی زایینی، ڕێکەوتی ١٣٧٥/٧/٢٨ی هەتاوی، حەوت تێکۆشەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەناوەکانی: ئەرشەد ڕەزایی، داریووش ئیسلامدوست، محەممەد عەزیز قادری، یۆنس محەممەدپوور، عەدنان ئیسماعیلی، مزەفەر کازمی‌و مەعرووف سوهرابی لە حاڵێك‌دا کە لە مەئموورییەتێکی حیزبی دەگەڕانەوە بنکەکانی خۆیان، لە نیزیك شاری هەڵەبجەی کوردستانی عێراق، لەلایەن چەکدارەکانی بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستانی عێراقەوە بەدیل گیران‌و بێ‌سەرو شوێن چوون. چەند ڕۆژ دوای ئەو ڕووداوە دەرکەوت کە ئەو تێکۆشەرانە تەحویلی کۆماری ئیسلامی دراونەوە.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە لەو کاتەدا لە سەفەری دەرەوەی وڵات بوو، ڕۆژی ٢٦ی ئۆکتۆبر لە نامەیەك‌دا بۆ بەڕێزان "پترۆس پترۆس‌غالی"، سکرتێری ئەوکاتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، "مووریس کاپیتۆرن" نوێنەری تایبەتیی کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤ بۆ لێکۆڵینەوە لە وەزعییەتی مافی مرۆڤ لە ئێران‌و "پییەر مورروا"، سەرۆکی ئەوکاتی ئەنتێرناسیۆنالی سوسیالیست، ئەوانی لەو کارەساتە ئاگادار کردو داوای لێ‌کردن بۆ نەجاتی گیانی ئەو تێکۆشەرانە هەوڵ بدەن. لە نامەی سکرتێری گشتی‌دا هاتبوو:


٢


## سەرەڕای دانان بە بێ‌دەسەڵاتی خاتەمی هەروا ئامادەیە زیللەتی مانەوە لە پۆستەکەی‌دا قبووڵ بکا

**هەواڵدەریی ئیرنا:** محەممەدی خاتەمی سەرکۆماری ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە نامەیەك‌دا بۆ کەڕوبی، سەرۆکی مەجلیس کە ڕۆژی سێ‌شەممە ٢٥ی خاکەلێوە لە کۆتایی کۆبوونەوەی ئاشکرای مەجلیس‌دا خوێندرایەوە داوای وەرگرتنەوەی دوو لایحەکەی خۆی کرد. خاتەمی لە نامەکەی‌دا دەڵێ:

ساڵ‌و نیوێك لەمەوبەر بە مەبەستی پێکهێنانی بوار بۆ هەڵبژاردنێکی دادپەروەرانەو بە داکۆکی لە مافە بێ‌ئەو لاو ئەولاکانی خەڵك. . . لایحەی گۆڕانکاریی قانوونی هەڵبژاردنم پێشکێشی مەجلیس کرد. هەروەها بۆ ئەوەی سەرکۆمار بتوانێ سوێندو بەڵێنی خۆی بە خەڵك جێ‌بەجێ بکا گەڵاڵەی گۆڕانکاری لە ئەرك‌و دەسەڵاتی سەرکۆمارم دا بە مەجلیس". خاتەمی لە نامەکەی‌دا پاش ئیشارە بە دژایەتیی شووڕای نیگابان لەگەڵ ئەو لایحانەدا، دەڵێ: "بەو هۆیەوە کە ئەگەری ئەوە هەیە ئەگەر ئەو دوو لایحەیە هەروا لە دەستووری مەجلیس‌دا بمێننەوە، بە پێچەوانەی نێوەرۆکە گشتی‌یەکەیان‌و بە زیانی ماف‌و قازانجەکانی خەڵك‌و نەخش‌و مەوقیعییەتی سەرکۆمار، ئاڵوگۆڕیان بەسەردا بێ، بە سەرنجدان بەوە كە ئەو دوو لایحەیە هێشتا بە یەکجاری پەسند نەکراون، داوای وەرگرتنەوەی ئەوان لە مەجلیس دەکەم.

**محەممەدی خاتەمی کە ناچارە نیوەنیوە بێ‌دەسەڵاتیی خۆی‌و کەندوکۆسپەکانی سەر ڕێگای بدرکێنێ، ئەو ئازایەتی‌یەی نیە واز لەو پۆستە بێنێ‌و خۆی لەو زیللەتە کە هەر ئەو قبووڵی دەکا، ڕزگار بکا.**

## نامەی سوپاس‌و پێزانین بۆ خاتوو مۆنیکا تیمەن

کۆمیتەی هاوکاریی حیزبە کوردستانی‌یەکان لە بریتانیا بە نوێنەرایەتیی چەندین حیزبی کوردستانی نامەیەکی سوپاس‌و پێزانینی بۆ خاتوو مۆنیکا تیمەن شارەداری بێرلین نارد. لە نامەی کۆمیتەی ناوبراودا هاتوە:

ئێمە وەك کۆمیتەی هاوکاریی حیزبە کوردستانییەکان لە بریتانیا بە دڵێکی پڕ هومێدەوە سوپاسی بێ پایانتان دەکەین بۆ ئەو هەوڵ‌و ماندووبوونەتان بۆ ئەو بڕیارەی داوتانە بۆ لابردنی پەردە لەسەر تابلۆیەکی بیرەوەری بۆ شەهیدانی ریستورانی میکونووس، لە ڕۆژی ٢٠ی ئاوریلی ٢٠٠٤دا. لە کۆتایی‌دا هەر ئەوەندە دەتوانین بڵێین کە هەر نموونەتان زۆر بێ‌و ئەم کارەتان بۆتە مایەی ڕێزو پێزانینی هەموو گەلی کورد.

## بانگ کردنی خۆیندکارە چالاکەکان بۆ"دادگاه" بەردەوامە

لە ماوەی یەك حەوتووی رابردوو دا ژمارەیەکی زۆر لەو خۆیندکارانەی لە بزووتنەوەی خۆیندکاری دا چالاکانە بەشدارن بۆ بە ناو دادگاکانی کۆماری ئیسلامی بانگ کراون. خۆیندکارە چالاکەکانی زانستگاکانی رەفسەنجان، تەورێز، کرماشان‌و هەمەدان، لەو خۆیندکارانەن. هێندیك لەو خۆیندکارانە بە تاوانی بەشداری لە حەرەکەتە خۆیندکاریەکەی جۆزەردانی ٨٢داو هاندانی خۆیندکارانی زانستگەی رازیی کرماشان بۆ بەشداری نەکردن لە تاقیکردنەوەکان دا لە دریژە خۆیندن بێ‌بەش کراون."محمدرضا عبداللهی" دەبیری پیشووی ئەنجومەنی ئیسلامیی خۆیندکارانی زانستگەی رەفسەنجان لە لایەن دادگای گشتیی شاری ئەراکەوە بە ٦مانگ زیندان و سەدهەزارتمەن جریمەی نەقدی مەحکووم کراوە. دوو خۆیندکاریش لە تەورێز هەر یەکەی بە ٢٠شەلاق مەحکووم کران.

٨ خۆیندکاری زانستگەی زاهیدانیش بە هۆی کۆمیتەی ئینزباتیی زانستگەوە، لە یەك یا دوو تێرمی خۆیندن دواخران. **رادیو فردا**

## ئەمریکا پشتیوانیی خۆی لە گەڵاڵەی UN بۆ عێراق ڕاگەیاند

**BBC:** ئەمریکا ڕای‌گەیاند کە لە گەڵاڵەی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ داهاتووی عێراق پشتیوانی دەکا. کالین پاوڵ وەزیری دەرەوەی ئەمریکا گوتی: ڕاسپێری‌یەکانی ئەخزەر ئیبراهیمی ناردراوی تایبەتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عێراق، زۆر بە جێن.

گەڵاڵەی ئەخزەر ئیبراهیمی، دوا قۆناغەکانی خۆی دەپێوێ. بەڵام وا چاوەڕوان دەکرێ ناوبراو داوا بکا پاش گوێزرانەوەی دەسەڵاتدارەتی بە عێراقی‌یەکان لە ٣٠ی ژوئەن‌دا، دەوڵەتێکی کاتی جێگای شووڕای حکوومەتیی عێراق بگرێتەوە کە لەلایەن ئەمریکاوە پشتیوانیی لێ دەکرێ. بە پێی گەڵاڵەکە، ئەو دەوڵەتە کاتی‌یە لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دیاری دەکرێ. لەو گەڵاڵەیەدا هاتوە کە هەڵبژاردن لە عێراقدا، ئەو کاتە بەڕێوە دەچێ کە هەلومەرجی ئەمنییەتیی ئەو وڵاتە لەبار بێ. بەڵام بەرپرسایەتیی کارو باری نیزامیی عێراق هەروا لەسەر ئەمریکا دبێ.

تۆنی بلێر سەرۆك وەزیری بریتانیاش، ڕۆژی هەینی ١٦ی ئاوریل پاش دیدار لەگەڵ جۆرج بووش لە ئەمریکا لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەنووسیی هاوبەش‌دا ڕای‌گەیاند، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبێ لە ڕەوتی گواستنەوەی دەسەڵات بۆ عێراقی‌یەکان لەلایەن هێزە ئەمریکایی‌یەکانەوە، نەخشێکی زیاتری هەبێ. بلێر هەروەها داواکاری بڕیارنامەیەکی تازە لەبارەی عێراقەوە بوو و، گوتی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی لەبارەی گۆڕانی داهاتوو لە عێراقدا بۆچوونی وەك یەکی هەیە.


وتووێژ لەگەڵ داریووش ئیسلامدووست ٤

بڕیاری دادگای میکونووس پەڵەیەکی هەمیشەیی بە تەوێڵی کۆماری ئیسلامی‌یەوە ٥

شەهیدانی بێرلین، چراخانێ بەخوێن هەڵدەکەن ٨

وەبیرهێنانەوەی شەڕێکی نەخوازراو بۆ مەبەستێکی خێر ٩

کوردو ڕەوتێکی جیاوازی ناسیونالیستی ٩

کێشەی کوردو هەڵوێستی هێندێ ڕووناکبیری ئێرانی ١٠

تەبلیغکردن بۆ "صیغه" بێ‌حورمەتی بە کەسایەتیی ژنانە ١١



دنیای منداڵان ژمارە ٢٢

"بە سەرنجدان بە دژایەتیی کاربەدەستان لەگەڵ سەرجەمی ئازادیخوازان و موخالیفان، بەتایبەتی لەگەڵ خەباتگێڕانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ئێستا مەترسیی جیددی هەڕەشە لە گیانی ئەو خەباتگێڕانەی ڕێگای ئازادیو دێموکراسی دەکاو کەس‌وکارو هاوبیرانیان بە توندی نیگەرانی چارەنووسی ئەوانن."

دریژەی بەیاننامەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەبارەت بە:

# ئاشکرابوونی تاوانێکی سامناکی کۆماری ئیسلامیی ئێران

لەو کاتەوە تا ئێستا هەموو هەوڵو تەقەلایەکی کەس‌وکاری گیراوەکان لەلایەك‌و ڕێبەرایەتیی حیزبەکەیان لەلایەکی دیکە، بۆ ئاگاداربوون لە چارەنووسی ئەو تێکۆشەرانە بێ‌ئاکام مابۆوەوە تەنیا یەکێك لەوان بەناوی "داریوش ئیسلامدوست"، لەکاتی پووچەڵکردنەوەی پیلانێکی دژی ئینسانیی بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی‌دا، ڕزگار کرا. هەوڵو تەقەلای حیزبی دێموکرات لەلای کۆڕو کۆمەڵە جیهانی‌یەکان، بێ‌پسانەوە درێژەی کێشا تا ساڵی ڕابردوو کە سکرتێری گشتیی حیزب لە نامەیەکدا بۆ سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەڕێز کووفی ئەنان، داوای کۆمەکی لێ‌کردو ئەو داوایە لەلایەن دەیان‌و سەدان کەسایەتیی نێونەتەوەیی‌یەوە پشتیوانیی لێ‌کرا.

سەرئەنجام لە ژێر فشاری بیروڕای گشتیی جیهانی‌و لایەنگرانی مافی مرۆڤدا، کۆماری ئیسلامی ناچار بوو پەردە لەسەر گۆشەیەکی هەرچەند بچووك لە تاوانەکانی هەڵ داتەوەو ئاشکرا بکا کە بە داخەوە شەش تێکۆشەری حیزبی ئێمە دوای تەحویلدانەوەیان دەسبەجێ یان دوای چەندین حەوتوو ئەشکەنجەو ئازاری لەشی‌و گیانی، بێ‌دادگاییکردن لەلایەن جەللادەکانی ڕێژیمەوە ئیعدام کراون. سەفیری کۆماری ئیسلامی لە بریتانیا لە نامەیەکدا کە ڕۆژی ٢٩ی مارسی ٢٠٠٤ی زایینی، لە وەڵامی نامەی ١١ی نوامبری ٢٠٠٣ی بەڕێز "جێرمی کۆربین"، جێگری سەرۆکی گرووپی مافی مرۆڤ لە پارلمانی بریتانیادا بۆ ئەو بەڕێزەی ناردوەو ئەو بەڕێزەش ئێمەی لێ‌ئاگادار کردوەو، ڕایگەیاندوە کە ئەو خەباتگێڕانە دوای گەڕانەوەیان بۆ بنکەکانیان لەگەڵ بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان تووشی شەڕ هاتوون، شەش کەسیان شەهید بوون‌و یەکیشیان بەناوی داریوش ئیسلامدوست، بەدیل گیراوە کە دواتر بە هەوڵو تەقەلای هێندێ لە خزمانی ئازاد بووە. هەر لەو نامەیەدا ئیدیعا کراوە کە ئەو ئازیزانە لەگەڵ هێزەکانی ڕێژیمی ئیسلامی تووشی شەڕ بوون‌و یەکێك لە پاسدارانی ڕێژیمیان لە دەست کوژراوە.

بەو بۆنەیەوە ئێمە وێڕای سوپاس لە هەوڵو تێکۆشانی هەموو ئەو کەسایەتی‌یە نێونەتەوەیی‌یانە کە کۆمەگیان کرد چارەنووسی تێکۆشەرەکانی دێموکرات ـ هەرچەند تاڵیش بێ ـ ڕوون بێتەوە، ڕادەگەیەنین کە کۆماری ئیسلامی لێرەشدا تۆسقاڵێك حەقیقەتی لەگەڵ دەریایەك لە درۆو بوختان‌و ناڕاستی تەحویلی خەڵکی ئێران‌و جیهان داوە. ئەو هاوڕێیانە لە سەفەری خۆیاندا نە لەگەڵ هێزەکانی کۆماری ئیسلامی تووشی شەڕو پێکدادان هاتوون‌و نە بەرامبەر بە چەکدارەکانی بزووتنەوەی ئیسلامییش دەستیان بۆ چەك بردوە. بەڵکوو لەبەر ئەوەی ئەوانیان بە دوژمنی خۆیان نەزانیوە، دەگەڵیان چوونە بنکەکەیان‌و تا کاتێك بە پێچەوانەی هەموو ڕێوشوێنێکی ئایینی‌و ئەخلاقی‌و ئینسانی دەست‌و چاویان نەبەستوون‌و تەسلیمی کۆماری ئیسلامی‌یان نەکردوونەوە، نەیانزانیوە چ نیازێکی خراپیان هەیە. داریوش ئیسلامدوستیش پاش تەحویلدرانەوەی بە کۆماری ئیسلامی، هیچکاتێك لەلایەن بزووتنەوەی ئیسلامی‌یەوە بەدیل نەگیراوە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕۆژانی ئایندەدا هێندێ شتی دیکەش لەو پێوەندی‌یەدا ئاشکرا دەکا.

ئێستا ئەرکی ڕێکخراوە نیشتمانپەروەرەکان‌و بەتایبەتی حیزب‌و ڕێکخراوە کوردستانی‌یەکانە کە فشار بخەنە سەر بزووتنەوەی ئیسلامی بۆ ئەوەی هەقیقەتی ئەو کردەوە شەرماوی‌یەی بە دژی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئەنجامی داوە، بۆ بیروڕای گشتیی کوردستان‌و دنیا ئاشکرا بکا. ئەو بزووتنەوەیە کاتی خۆی هەرە چەشنە پێوەندی‌یەکی خۆی بەم کارەساتەوە ئینکار دەکرد، بەڵام ئێستا کە ڕێژیمی ئێران بەم‌جۆرە پەردە لەسەر هاودەستی‌یەکەی هەڵ دەداتەوە، پێویستە هەڵوێستی خۆی ڕوون بکاتەوە.

> **ئەو بزووتنەوەیە، "بزووتنەوەی ئیسلامی" کاتی خۆی هەرە چەشنە پێوەندی‌یەکی خۆی بەم کارەساتەوە ئینکار دەکرد، بەڵام ئێستا کە ڕێژیمی ئێران بەم‌جۆرە پەردە لەسەر هاودەستی‌یەکەی هەڵ دەداتەوە، پێویستە هەڵوێستی خۆی ڕوون بکاتەوە**

بەڵێ، هاونیشتمانە بەڕێزەکان! ئەمە چارەنووسی بەشێکی بچووك لەو هەزاران تێکۆشەرەی ڕێگای ئازادی‌یە کە پاش نەوەد مانگ هەوڵو تەقەلای خێرخوازان، پەردەی لەسەر وەلادەدرێ. داخوا ئەو ڕۆژەی کۆماری ئیسلامی تووشی چارەنووسێکی وەك چارەنووسی ڕێژیمی سەددام حسێن لە عێراق دێ، چەندو چەندین هەزار گۆڕی بەکۆمەڵ لەو وڵاتە بەڵاڵێدراوەی ئێمە کە کۆنەپەرستان ناویان ناوە "ئێرانی ئیسلامی" دەربکەوێ؟

لەم بۆنەیەدا لە بیروڕای گشتیی خەڵکی ئێران‌و دەرەوەو بەتایبەتی لە کۆڕو کۆمەڵە جیهانی‌یەکانی لایەنگری مافی مرۆڤ داوا دەکەین فشار بخەنە سەر کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی، تا ناچاری بکەن تەواوی هەقیقەت لە پێوەندی لەگەڵ ئیعدامی ئەو تێکۆشەرانەی دێموکراتدا ئاشکرا بکاو بەتایبەتی تەرمەکانیان تەسلیمی کەس‌وکاریان بکاتەوە.

ئێمە وێڕای دەربڕینی ئەوپەڕی داخ‌و کەسەر لە شەهیدبوونی ئەو شەش تێکۆشەرە قارەمانە، تاوانی دژی ئینسانیی جەللادەکانی کۆماری ئیسلامی بە توندی مەحکووم دەکەین‌و داوا لە هەموو ئازادیخوازانی کوردستان‌و سەرانسەری ئێرانیش دەکەین، دەنگی خۆیان بۆ مەحکوومکردن‌و لەقاودانی زیاتری ئەو تاوانە دڕندانەیە، بخەنە پاڵ دەنگی ئێمە. هەر بەو بۆنەیەشەوە پڕ بەدڵ سەرەخۆشی‌و هاودەردی پێشکێشی تێکڕای کەس‌وکاری ئەو شەهیدانەو هاوسەنگەرانیان دەکەین‌و خوڕاگری‌و سەبووری‌یان بۆ بە ئاوات دەخوازین.

سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدان: ئەرشەد ڕەزایی، محەممەد عەزیز قادری، یۆنس محەممەدپوور، عەدنان ئیسماعیلی، مزەفەر کازمی‌و مەعرووف سوهرابی‌و هەموو شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان

بەردەوامی بۆ ڕێگای خەباتیان‌و بەرقەراری بۆ ئامانجە پیرۆزەکانیان

**دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**٢٦ی خاکەلێوەی ١٣٨٣**
**١٤ی ئاوریلی ٢٠٠٤**

❊ ❊ ❊

# لە پێوەندی لەگەڵ دیدارەکانی ئەم دواییانەی هەیئەتی حیزبی دێموکرات لەگەڵ هەیئەتی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان‌و پارتی دێموکراتی کوردستان‌دا

ڕۆژی چوارشەممە ٥ی خاکەلێوە، هەیئەتێکی پایەبەرزی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە سەرۆکایەتیی بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن‌زادە، سکرتێری‌گشتیی حیزب‌و پێکهاتوو لە ژمارەیەك لە ئەندامانی دەفتەری سیاسی‌و کومیتەی ناوەندی، سەردانی مەکتەبی سیاسیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانی لە قەڵاچوالان کرد. ئەو هەیئەتە لەلایەن بەڕێز جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتی‌و ژمارەیەك لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی‌و سەرکردایەتیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانەوە بەگەرمی پێشوازیی لێ‌کرا.

هەروەها لە ڕۆژی چوارشەممۆ ١٢ی خاکەلێوەشدا هەیئەتێکی دیکەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە سەرۆکایەتیی بەڕێز عەبدوڵڵا حەسەن‌زادە سکرتێری گشتیی حیزب‌و بە هاوڕێیەتیی ژمارەیەك لە ئەندامانی دەفتەری سیاسی‌و ڕێبەرایەتیی حیزب، سەردانی مەکتەبی سیاسیی پارتی دێموکراتی کوردستانی لە پیرمام کردو لەلایەن بەڕێز مەسعوود بارزانی سەرۆکی پارتی دێموکرات‌و ژمارەیەك لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی‌و ڕێبەرایەتیی پارتی دێموکراتەوە بە گەرمی پێشوازیی لێ‌کرا.

> **دانیشتنەکان لە کەشوهەوایەکی گەلێك دۆستانەو برایانەدا بەڕێوەچوون‌و بە خاڵێکی بەهێزی پێوەندی‌یەکانی نێوان حیزبی دێموکرات‌و دوو هێزی سەرەکیی کوردستانی عێراق دانران**

لە هەر دووی ئەم دیدارو دانیشتنە دۆستانەو برایانەدا، سەرەتا بەڕێز عەبدوڵڵا حەسەن‌زادە سکرتێری گشتیی حیزب، پیرۆزبایی پەسندکرانی یاسای دەوڵەتیی کاتیی عێراق‌و دابین بوونی بەشێك لە مافەکانی کورد لەو یاسایەدا لە بەڕێزان مەسعوود بارزانی‌و جەلال تاڵەبانی هەیئەتەکانی خانەخوێی کردو سوپاسی ئەو نەخشە کاریگەرەی کرد کە ڕێبەرانی کورد لە ئەنجومەنی حوکمی عێراقدا گێڕاویانەو هەروەها دەوری بەرچاویانی لە دیاریکردنی دەوڵەتی داهاتووی عێراق‌و چەسپاندنی بەشێك لە مافەکانی گەلی کورد لەو پارچەیە لە کوردستان‌دا، بەرز نرخاند. پاشان لە هەر دوو دیدارەکەدا کۆمەڵێك مەسەلەی پێوەندیدار بە وەزعی جیهان بە گشتی‌و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەگەڵ ئاڵوگۆڕەکانی ئەم دواییانەی عێراق، بە تایبەتی پێوەندیی دۆستانەو برایانەی حیزبی دێموکرات لەگەڵ پارتی دێموکراتی کوردستان‌و یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، کەوتنە بەرباس‌و ئاڵوگۆڕی بیروڕایان لەسەر کرا. دانیشتنەکان لە کەشوهەوایەکی گەلێك دۆستانەو برایانەدا بەڕێوەچوون‌و بە خاڵێکی بەهێزی پێوەندی‌یەکانی نێوان حیزبی دێموکرات‌و دوو هێزی سەرەکیی کوردستانی عێراق دانران.

پێکهاتنی ئەو جۆرە دیدارانە لە نێوان هەیئەتەکانی ڕێبەرایەتیی هێزەکانی کوردستان، ئەگەر لەجێ‌دا ئاسایی‌و لە چوارچێوەی پێوەندی‌یەکانی نێوانیاندا بەڕێوە دەچن، بەڵام، دیدارەکانی ئەم دواییانەی هەیئەتی بەڕێوەبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لەگەڵ هەیئەتەکانی سەرکردایەتیی پارتی دێموکرات‌و یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، لە هێندێ بارەوە گرینگیی تایبەتی خۆیان هەبوو.

یەکەم، ئەو دیدارانە پاش پەسندکرانی یاسای دەوڵەتی کاتیی عێراق‌و دابینبوونی بەشێك لە مافەکانی کورد لەو یاسایەدا، بەڕێوەچوون کە ئەوەش باس لە مەسەلە جیهانی‌و ناوچەیی‌و وەزعی عێراقی لە داهاتوودا پتر و پێویست‌تر دەکردو ئاڵوگۆڕی بیروڕا لەم پێوەندی‌یانەدا، گەلێك زەرووری بوو، چونکە چارەنووسی هەر بەشێك لە گەلی کورد لە ناوچەکەدا شوێن لەسەر باقیی شوێنەکان‌و دەوروبەر دادەنێ‌و ئەوەش شتێك نیە، کە هێزە سیاسی‌یەکان بە تایبەتی هێزە کوردی‌یەکان خۆی لێ‌ببوێرن:

دووهەم، پێکهاتنی ئەو دیدارانە، ئەگەرچی یەکگرتن‌و هاوکاری لە دژی هیچ لایەنێکی دیکەی لێ نەکەوتۆتەوەو لێی ناکەوێتەوە، بەو حاڵەش هەر ئەوەندە کە بۆ ڕۆڵەکانی گەلی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان کە هەمیشە خوازیاری بوونی پێوەندیی برایانە لە نێو هێزە سیاسی‌یەکانی کوردستان‌دا بوون، جێگای خوشحاڵی بوو و بۆ هێندێ لایەنیش تا ڕادەیەك پرسیار خوڵقێن بوو. لەحاڵێکدا ئەم دیدارانە هەمیشەو هەر چەند مانگ جارێك پێك هاتون. ئەوەی کە دیداری ئەم دواییانەی لە دیدارەکانی پێشوو لێك جیا دەکردەوە، ڕاگەیاندنی بوو لە ڕاگەیەنە گشتی‌یەکانی ئەو هێزو لایەنانەدا کە ئەویش لە جێ‌دا هەر کارێکی ئاسایی‌و هەنگاوێکی بەسوود بوو و بێگومان ئەم چەشنە دیدارانەش لە داهاتووشدا هەر بەڕێوە دەچن.

سێهەم، پێ‌داگرتنەوەی ئەو هێزانە لەسەر پێویستی بەردەوامیی پێوەندی‌یەکانیان‌و پەرەپێدان‌و پتەوترکردنی بوو، شتێك کە هەمیشە ڕۆڵەکانی گەلی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان لە ڕەوتی جووڵانەوەی کورددا خوازیاری بوون‌و بە مەرجێکی هەنووکەیی سەرکەوتنی دەزانن.

هیوادارین، ئەم جۆرە دیدارانە لە نێو هەموو هێزەکاندا هەر بەردەوام‌و پێوەندی‌یەکانیان پەرەگرتووترو برایەتییان تا سەرو تا سەرکەوتن بەردەوام بێ.

❊ ❊ ❊

# برووخێ ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران

# دەقی قسەکانی بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە

## لە کۆڕی پرسەو سەرەخۆشیی ٦ قوربانیی پیلانی "بزووتنەوەی ئیسلامی" و کۆماری ئیسلامیدا

**خوشكو برایانی بەڕێز!**
**هاوڕێیانی خۆشەویست!**
**تێكۆشەرانی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران!**

نیزیك مانگێگ لەمەوبەر راست لەم سالۆنەدا كۆبووینەوە بۆ ئەوەی شەش تێكۆشەری زیندانیمان كە بە هەوڵو هیممەتو تواناو بە شێوەیەكی موعجەزە لە زیندانی بێدادی رزگارییان بوو، لە باوەش بگرین. هەر لەوێدا ئەو ئاواتەمان هەڵخواست كە لە رۆژێكی وەك ئەمڕۆدا، جێژنی لە باوەش گرتنەوەی شەش تێكۆشەری دیكەمان بگرین كە حەوت ساڵ زیاتر بوو لە زیندانی كۆنەپەرستیدا بوون. یەكجار زۆر تاڵە كە ئەمڕۆ كۆبووینەوە بۆ ئەوەی غەمی لە دست دانی ئەو عەزیزانە لە نێو خۆتاندا دابەش كەین، هەرچەند قابیلی بەشكردن نیە. چونكی، هی هەموومانەو بەش هەموومانی پێوەیە.

هاوڕێیانو تێكۆشەرانی ناسراو بۆ زۆربەی ئێوە، ئەرشەد رەزایی، محەممەدعەزیزی قادری، عەدنانی ئیسماعیلی، موزەفەری كازمی، یونس محەممەدپوورو مەعرووف سوهرابی، ئەو هەڵۆ تیژ باڵانە بوون كە كۆنەپەرستی هیچ وەختێك نەیدەتوانی دەستی بە شاباڵی وان رابگاو خوێناوی بكا، ئەگەر بە عادەتی هەمیشەیی خۆی پەنای بۆ غەدرو فێڵو جینایەت نەبردبایەو هەروەها بە عادەتی هەمیشەیی خۆییو بە عادەتی هەمیشەیی سوننەتێكی چەپەڵ كە لە نێو جەماوەری كورددا هەیە، خائینانێك لە میللەتی كورد هاودەستییان لەگەڵ نەكردایە. زیاتر لە حەوت ساڵە ئەو عەزیزانەمان لە دەست چوون، لەو ماوەیەدا هەم بنەماڵەكانیان، هەم حیزبەكەیانو هاوسەنگەرەكانیان بە سەعاتو بە دەقیقە لێیان غافڵ نەبوون. بە پەیسەریانەوە بوون، هەوڵیان داوە لە چارەنووسی ئەو عەزیزانە ئاگادار بن.

هیچ موبالەغەی تێدا نیە، ئەگەر بڵێم، ئێمە دەستەو داوێنی زیاتر لە هەزار شەخسییەتی "بینالمللی" بووین، چ بە یادداشت، چ بە مولاقات چ بە فاكسو چ بە ئیمەیلو بە رێگاكانی جۆراوجۆردا. بۆ ئەوەی خەبەرێك لە چارەنووسی ئەو تێكۆشەرانە بزانین. لە چەند ساڵی ئەخیردا كە بەداخەوە ئەو قەنەعاتەمان لەلا پەیدا ببوو كە نەماون، هەوڵەكەمان ئەوە بوو كە دەمانگوت بابە ئێستە ئازاد ناكرێن، مولاقاتیان نادرێ، چ نیە، لانیكەم ئەگەر لەدەستیش چوون خەبەری لەدەستچوونیان بە ئێمەو بە كەسوكاریان بڵێن. بەڵام دوژمنی دڵڕەق تەنانەت ئەوەیشی لە هاوسەنگەرانو هاوبیرانی ئەو عەزیزانە، لە كەسوكارەكانیان، لە میللەتی كوردستان وەچاو بوو كە نائومێدییەكەیان سەرەنجام لە نەتیجەی هەوڵو تەقەلایەكی زۆری ئێمە بەدەنگەوە هاتنێكی باشی خێرخوازان لە دنیایەدا، كۆڕو كۆمەڵ شەخسییاتی ئینسانیو ئینساندۆست، ئەوان ناچار بوون، لە لەفافەی دیسانەكە تەزویرو درۆو ئیفتراو ئیعتراف بە جنایەتێك بكەن كە كردویانە، دەرحەق بەو عەزیزانە. هەورەك لە بەیانیەی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێراندا هاتبوو، لە جەوابی نامەی جێگری سەرۆكی كۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی پارلمانی ئینگلستاندا كە دوو جار لەو پێوەندییەدا ئێمە مولاقاتمان لەگەڵی كردوەو داوای كۆمەكمان لێكردوە، دەنووسن ئەوانە لە تاریخی ئۆكتۆبری ساڵی ١٩٩٦دا حەوت تیرۆریست بوون كە واریدی كوردستانی ئێرانێ بوونەوە. لەوێ دەرگیری شەڕێك بوونو پاسدارێكی (كە رەنگە ئەو پاسدارە هەر لە دنیایەدا وجودی نەبێ) ئەوەیان كوشتوەو لە گەڕانەوەدا دەگەڵ هێزەكانی بزووتنەوەی ئیسلامیی كوردستان، تووشی شەڕ بوونو لەوێدا شەش كەسیان شەهید بوون. (هەڵبەتە دەڵێ كوژراون) یەكێكیشیان بە دیل گیراوە كە دوایی بە دەخالەتی دوو نەفەر ناو دەبا، عەبدولكەریمی جەلالی بە عینوانی یەكێك لە سەرانی حیزبی مونحەللەی دێموكراتی ناو دەبا، محەممەد محەممەدسەعید كە دەڵێ یەكێكە لە بەستەگانی داریووش. ئەو، نەجاتی بووەو ئێستە لە سوێدییە.

دەپێش هەموو شتێك وا دەبێ بڵێین لەقەبی تیرۆریست كالایەكی پڕ بە باڵا بە بەژنی سەرانی جەمهووری ئیسلامی لە سەرەوەیان هەتا خوارێ بڕاوەو ئەوە توهمەتێكە كە بە هیچ جۆر بە داوێنی تێكۆشەرانی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێرانەوە ناچەسپێ. ئەمن ناچمە سەر باسی ژیانو خەباتی ئەو هاوڕێ لەدەست چووانە. لە فورسەتێكی دیكەدا رەفیقێكی مەسئوول ژیاننامەی ئەو هاوڕێیانە بۆ ئێوە باس دەكا. بەڵام، لە یەك كەلامدا دەڵێم ئەوانە تێكۆشەری رێی ئازادی بوونو ئەوانە هەڵگری گەورەترین، بە قیمەتترین بایەخە ئینسانییەكان بوون، ئەوانە ئەو كەسانە بوون كە حازر بوون گیانیان ببەخشن لە پێناوی ئەوەی كە میللەتیان بە ئازادیو بە مافی ئیسانیی خۆی بگا. هەر وەكوو كوتیشم: ئەگەر بە غەدرو خیانەت نەبایە كۆنەپەرستان كەمتر لەوەبوون بتوانن بە باڵاو قامەتی پتەوو ئوستواری ئەوانە هەڵزنێن.

رەنگە لە ئایندەیەكی نیزیكدا بۆتان دەركەوێ ئەوانە لەوەختی گیرانیشیاندا، نەیانوێراوە، یەك بە یەك نەبێ لەگەڵیان بەرەوڕوو بن، پاش ئەوەی بە غەدرو خیانەت دەعوەتیان كردوونو پەلاماریان داون. دەستو پێیان بەستوونو تا ئاخیر لەحزە بێ ئەوەی هیچیان ئاگایان لە هیچیان بێ. ئەوانە نەیانزانیوە بەرەو كوێ دەچن تا وەختێكی لە شاری پاوەی، خۆیان لە زیندانی كۆنەپەرستیدا دیوەتەوە.

هەروا بەو جۆرەی كە لە هاوڕێی نەجات بوومان بیست، (لێمان پرسی) بە هیچ جۆر ئەوان دوچاری هیچ شەڕێك نەبوونو نەش چوونەوە بۆ شەڕ. ئەوان چوونەوە بۆ پەیامی حیزبەكەیان بە میللەتی خۆیان بگەیەنن. چوونەوە بۆ تەجدیدی پەیمان لەگەڵ میللەتەكەیان، چوونەوە بۆ گەیاندنی ئەو پەیامە پیرۆزەی كە هەڵیان گرتوەو ژیانیان لەسەری داناوە هەر وەكوو لە گەڕانەوەشیاندا لەگەڵ هیچ كەش تووشی هیچ جۆرە دەرگیرییەك نەبوون. كۆنەپەرستی ئەوانەی كوشت، زۆری دیكەشی لێ كوشتوین، زۆری دیكەی لە هێزە سیاسییەكانی دیكەی كوردو ئێرانی كوشتوە، گۆیا نیدای حەقخوازی لە گەروی ئەو خەڵكەدا دەخنكێنن. بەڵام، تەجرەبە شتێكی دیكەمان پێ دەڵێ: لە دەورووبەری ئێمە زۆر بوونو زۆر هەنو زۆرمان بیستوون كە بە قەد وان، جاری وایە زیاتر لەوانیشیان ئینسان كوشتوە، چارەنووسی هەموویانمان دیوە. لە ئایندەیەكی نیزیكدا چارەنووسی ئەمانەش دەبینین، دەبینین كە خوێنڕشتن چاری هیچ مەسەلەیەك ناكاو، هیچ دیكتاتۆرێك هیچ زاڵمێك لە چارەنووسی حەتمی، خۆی رزگار ناكا.

لەو موناسەبەدا پێم خۆشە بڵێم، ئێمە زۆرمان ددان بە جەرگی خۆمان داگرت، زۆرمان تەنانەت ئەسرار پاراست. ئێستە ئیدی كە ئەو عەزیزانە لە دەستمان چوون ـ ئاشكرایان كردوە كە لەدەست چوون ـ داوا دەكەین خەڵك بێدەنگ نەبن، دەبێ كەسوكاری ئەو عەزیزانە، هاوشارییەكانیان، هاوزمانەكانیان، میللەتەكەیان ئیعتراز بكەن، داوای سەرنویشتیان بكەن. كۆنەپەرستیو زۆرداری هەتا پاشەكشەی لەبەردا بكەی ئەو پەلامار دێنێ، دەبێ پەلامار بدەی تا ئەو پاشەكشە بكا. هەر لەو موناسەبەتەدا بە دەلیلی ئەوەی ئەوان بە سەراحەت بزووتنەوەی ئیسلامی موتتەهەم دەكەن تەنانەت بە قەتڵی ئەو ئازیزانەی ئێمە، ئێمە داوا لە هەمووان لە بیروڕای گشتیی جیهانیو بیروڕای گشتیی كوردستانو حیزبە سیاسییە كوردستانییەكان لە نێویاندا بەتایبەتی لە دوو حیزبی حاكم لە كوردستاندا داوا دەكەین، لەوانیش تێپەڕێ لە دەسەڵاتی كاتیی هاوپەیمانان كە ئەمڕۆ حكوومەتی عێراقی لە دەست دایە، لەوانیش داوا دەكەین كە ئەو سازمانە كە بەناحەقو بە بوختان ناوی ئیسلامو كوردی لەسەر خۆی داناوە چونكی لە هەر دووكیان بێبەرییە، بخەنە ژێر فشار تا كوللی حەقیقەتی پێوەندیدار بە چارەنووسی ئەو عەزیزانەی ئێمە ئاشكرا بكا. لەوە زیاتر هەوڵ بدەن، تێبكۆشن تاوانبارانی ئەو جینایەتە بە دەستی عەدالەت بسپێرن.

خۆشەویستان! پێم خۆش بوو لەو موناسبەتەدا شتێك بڵێم. هەر لەم رۆژانەدا كە ئێمە بە هەموو حەسرەتێكەوە خەبەری مەرگی ئەو عەزیزانەمان راگەیاندوە، لەم لاولەولا شایعاتێك بڵاو دەكەنەوە دیسان بۆ ئەوەی خۆڵ لە چاوی خەڵكی بكەن كە نەخێر ئەوانە لە زیندان بینراون. ئەمن ئاوات دەخوازمو دۆعا دەكەم بۆ ئەوەی ئەو شایعاتە راست بێ، خەبەرەكەی ئێمە درۆ بێ، هەرچەندە خەبەرەكە لە مەقامێكی رەسمییەوە هاتوە ـ خوا دەكا ئەو عەزیزانەمان لە باوەش دەگرینەوە، با حیزبی دێموكرات سەد جار بە غەڵەت بەیانیەی دەركردبێ ـ بەڵام بە هەموو حەسرەتەوە رادەگەیەنم كە ئەمانە هەمووی شایعاتی درۆن. ئێمە لە رێگای خۆیەوە تەواوی ئەو شایعاتانەمان خستۆتە ژێر لێكۆڵینەوە، ئەوانە لە هیچ زیندانێك نەبینراون، هیچ كەس مولاقاتی نەكردون، هیچ نامەیەك، هیچ پەیامێكیان بە كەسوكاریان نەگەیشتوە. ئەمە بۆیە دەڵێم تا دیسان دوژمن نەتوانێ لە تەوەهومدا رامان بگرێ، ئەگەرچی تاڵە ئەو حەقیقەتە قبووڵی دەكەین. بەڵام، ئیدی دوژمن نابێ بمان خافڵێنێ.

لەو موناسەبەتە تاڵەدا لەلایەن خۆمو دەفتەری سیاسیو كومیتەی ناوەندیو هەموو تێكۆشەرانی حیزبی دێموكراتی كوردستانەوە هاودەردی، سەرەخۆشی، دڵبەخەمی پێشكەش هەموو خەڵكی كوردستان، خەڵكی ناوچەی پاوەو هەورامانات دەكەم. بەڵام بەتایبەتی سەرەخۆشیو هاودەردی پێشكەشی دوو خانمی گەورە دەكەم، دوو خوشكی هەم شێر، هەم روسوورو، مناڵە چاوگەشەكانیان دەكەم كە نیزیك هەشت ساڵ ئەو میحنەتەیان تەحەممول كرد، بێ ئەوەی دوژمن بە خۆیان خۆش كەن. بێ ئەوەی جارێك گلەیی بكەن كە بۆ پیاوەكانیان، عەزیزەكانیان، شەریكی ژیانیان لە پێناوی عەقیدەدا دووچاری چارەنووسێكی ئاوا بوون.

پێم وایە، لەگەڵمن كە بڵێم ئەو دوو خوشكە بۆمە لەجێی ئەرشەدو حەمەعەزیزان، منداڵەكانیانو هەموو منداڵە شەهیدێك دەبێتە ئەرشەدێكو حەمەعەزیزێكو عەدنانێكو موزەفەرێكو یوونسێكو مەعرووفێك.

بەڵێن بە گیانی پاكی ئەو شەهیدانە، بە كەسوكاریان، بە رەفیقە دیسان داغدارو ماتەمبارەكانیان دەدەین كە حیزبی دێموكرات كۆڵ نادا تا حەقی ئەوانە دەستێنێ. حەقی ئەوانە لە دیدگای حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێرانەوە كوشتن نیە. هەزاران لەو ئینسانە حەقیرانە لە پێناوی تۆڵەی خوێنی یەكێك لەو عەزیزانەدا بكوژرێن ئێمە بە تۆڵەی وانی نازانین. تۆڵەی وان ئەستاندنی مافی گەلەكەیانە، ئەو مافەی ئەوان گیانیان لەسەر داناوە. بە هیمەتی هەموو پیاوانو ژنانی بە شەرەفو تێكۆشەر، بە هیممەتی هەموو خێرخوازانو تەرەفدارانی ئاشتیو ئازادیو عەدالەتو مافی ئینسان، ئێمە لە ئایندەیەكی پشت بە خودا نە زۆر دووردا، مەرگی دیكتاتۆریو كۆنەپەرستیو بە ئاوات گەیشتنی میللەتەكەمان دەبینین. ئەو وەختەیە كە دەچین كڕنۆش بۆ گڵكۆی هەموو شەهیدەكان دەبەینو مژدەی سەربەستییان پێدەدەین.

سڵاو لە گیانی شەهیدان ئەرشەدو حەمەعەزیزو موزەفەرو عەدنانو یونسو مەعرووف.

بەردەوام بێ، رێگایان پڕ رێبوار بێ، ئاواتەكانیان بەرقەرار بێو ئاڵای خەباتەكەیان شەكاوە بێ. سەبووری، تەسەلا، قوەتی قەلب بۆ هەموو عەزیزانیان بەتایبەتی بۆ ئەو دوو خوشكە دڵ بریندارەو بۆ منداڵەكانیان، كە ناڵێم نازلێشێواو، حیزبی دێموكرات برایانە، سەرپەرستیانە، پشت بە خوا قەت ئەوانە بێناز نابن.

ئێوەش خۆش بن

❊ ❊ ❊





**حەقی ئەوانە لە دیدگای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە کوشتن نیە. هەزاران لەو ئینسانە حەقیرانە لە پێناوی تۆڵەی خوێنی یەکێك لەو عەزیزانەدا بکوژرێن ئێمە بە تۆڵەی وانی نازانین. تۆڵەی وان ئەستاندنی مافی گەلەکەیانە، ئەو مافەی ئەوان گیانیان لەسەر داناوە**

**ئەگەر بە غەدرو خیانەت نەبایە کۆنەپەرستان کەمتر لەوەبوون بتوانن بە باڵاو قامەتی پتەوو ئوستواری ئەوانە هەڵزنێن**

## له وتووێژێكدا، داریووش ئیسلامدووست

# نهێنی‌یه‌كانی پیلانێكی هاوبه‌شی كۆماری ئیسلامی‌و "بزووتنه‌وه‌ی ئیسلامی" ئاشكرا ده‌كا

***به‌دوای ده‌رچوونی به‌یاننامه‌ی ده‌فته‌ری سیاسیی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران له‌ پێوه‌ندی له‌گه‌ڵ ئاشكرابوونی جینایه‌تێكی دیكه‌ی كۆماری ئیسلامی‌و شه‌هیدكرانی ٦ تێكۆشه‌ری دێموكرات‌و به‌ له‌به‌رچاوگرتنی ئه‌وه‌ كه‌ كۆماری ئیسلامی له‌و پێوه‌ندی‌یه‌دا كۆمه‌ڵێك درۆو ناڕاستیی ته‌حویلی بیروڕای گشتیی دا، "كوردستان" به‌ مه‌به‌ستی ده‌رخستنی ڕاستی‌یه‌كان وتووێژێكی له‌گه‌ڵ "داریووش ئیسلامدووست" ته‌نیا كه‌سی ڕزگاربوو له‌ پیلانی هاوبه‌شی بزووتنه‌وه‌ی ئیسلامی‌و ڕێژیمی كۆماری ئیسلامی‌دا، پێك هێنا. كه‌ سه‌رنجی هه‌موو لایه‌ك بۆ ڕاستی‌یه‌كانی پێوه‌ندیدار به‌و پیلانه‌وه‌ ڕاده‌كێشین.***



**داریووش: من وه‌كوو شاهیدێكی ئه‌و جه‌ره‌یانه‌ به‌ كۆمه‌ڵانی خه‌ڵكی كوردستان ڕاده‌گه‌یه‌نم غه‌یری "بزووتنه‌وه‌ی ئیسلامیی كوردستانی عێراق"، هیچ ده‌سته‌و لایه‌نێك له‌ ته‌حویلدانه‌وه‌ی ئێمه‌ به‌ كۆماری ئیسلامیی ئێراندا ده‌ستیان نه‌بووه‌**

* * *

**پرسیار: كاك داریووش! تۆ یه‌كێك له‌و ٧ كه‌سه‌ بووی كه‌ پاییزی ١٩٩٦، له‌ نزیك هه‌ڵه‌بجه‌ له‌لایه‌ن چه‌كداره‌كانی بزووتنه‌وه‌ی ئیسلامی‌یه‌وه‌ گیران‌و ته‌حویلی ئێران درانه‌وه‌. ئه‌و تاقمه‌ له‌و ماوه‌یه‌دا به‌ڕه‌سمی هه‌میشه‌ حاشای له‌و كرده‌وه‌ ئینسانفرۆشانه‌یه‌ كردوه‌و ده‌ڵێ ئێمه‌ شتی وامان نه‌كردوه‌. وه‌ك شاهیدێكی زیندووی ئه‌و تاوانه‌، چ قسه‌یه‌كت بۆ وه‌درۆخستنه‌وه‌ی تاقمی ناوبراو هه‌یه‌؟**

**وه‌ڵام:** هه‌روه‌كوو له‌ پرسیاره‌كه‌دا ئیشاره‌تان پێ كردوه‌، من وه‌كوو شاهیدێكی ئه‌و جه‌ره‌یانه‌ به‌ كۆمه‌ڵانی خه‌ڵكی كوردستان ڕاده‌گه‌یه‌نم غه‌یری بزووتنه‌وه‌ی ئیسلامیی كوردستانی عێراق، هیچ ده‌سته‌و لایه‌نێك له‌ ته‌حویلدانه‌وه‌ی ئێمه‌ به‌ كۆماری ئیسلامیی ئێراندا ده‌ستیان نه‌بووه‌. به‌ زۆر نموونه‌و به‌ ڕوونی‌و به‌ ئاشكرا ئه‌توانم ئه‌م قسه‌یه‌م بسه‌لمێنم.

**پ: ئایا ئه‌وان هیچ هه‌وڵیان دا سه‌ر له‌ ئێوه‌ بشێوێنن بۆ ئه‌وه‌ی نه‌زانن كه‌ ئه‌وان چه‌كداری بزووتنه‌وه‌ن؟ جگه‌ له‌ "بزووتنه‌وه‌ی ئیسلامی" چ هێزێكی چه‌كداری دیكه‌ له‌ ناوچه‌كه‌دا هه‌بوو؟**

**و:** به‌ڵێ، سه‌عات یه‌كی شه‌و كه‌ ئێمه‌یان برد بۆ قوتابخانه‌ی عه‌نه‌ب، نه‌فه‌رێك به‌ناوی مه‌هدی گوڵپی هات‌و خۆی به‌ پێشمه‌رگه‌ی یه‌كیه‌تیی نیشتمانیی كوردستان له‌ قه‌ڵه‌م دا، له‌ حاڵێكدا كه‌ ئێمه‌ پێشتر ئاگادار كرابووین، بێجگه‌ له‌ بزووتنه‌وه‌ی ئیسلامی هیچ هێزێكی دیكه‌ له‌و ناوچه‌یه‌دا نیه‌.

**پ: تۆو ئه‌و ٦ هاوڕێیه‌ت له‌ چ شوێنێك ته‌حویلی ڕێژیمی ئێران درانه‌وه‌. پێت وابوو له‌ گیران‌و ته‌حویلدانه‌وه‌تاندا، هه‌ماهه‌نگیی پێشتر له‌نێوان ئه‌و دوو لایه‌نه‌دا هه‌بووه‌؟ هه‌ستتان به‌ هیچ نیشانه‌یه‌ك كرد كه‌ له‌مێژ بوو خه‌ریكی پیلانی داڕشتن بۆ گرتن‌و ته‌حویلدانه‌وه‌ی ئێوه‌ن؟**

**و:** له‌به‌ر ئه‌وه‌ی كه‌ ئێمه‌ چاومان به‌سترابووو شوێنه‌كه‌مان نه‌زانی، به‌ڵام له‌ كاتی لێدانماندا چاوبه‌سته‌كه‌ی من كرایه‌وه‌، ئه‌وكات بۆم ده‌ركه‌وتس كه‌ له‌ پاوه‌ین.

**پ: ئه‌وه‌نده‌ی ئه‌وكات لێت ڕوون بوو بێته‌وه‌ یا دواتر بۆت ده‌ركه‌وتبێ، "ده‌سكه‌وت"ی "بزووتنه‌وه‌ی ئیسلامی" له‌م ئینسانفرۆشی‌یه‌، چی بوو؟ كۆماری ئیسلامی له‌باری مادی‌و نیزامی‌و سیاسی به‌رامبه‌ر به‌و كاره‌ چی بۆ ئه‌و لایه‌نه‌ كرد؟**

**و:** من له‌ كاتی بازجوویی یه‌كه‌مدا بۆم ده‌ركه‌وت كه‌ ئێمه‌ به‌ پاره‌ فرۆشراوین، به‌ڵگه‌شم ئه‌وه‌یه‌ له‌ كاتێكدا كه‌ لێكۆڵینه‌وه‌م لێ ده‌كرا، داوای دادگاییكردنم كرد، له‌ وه‌ڵامدا وتیان ئێمه‌ له‌ باره‌ته‌قای ئێوه‌دا پاره‌مان داوه‌، بۆیه‌ دادگاییكردن بۆ ئێوه‌ نیه‌.

**پ: كۆماری ئیسلامی ئیددیعای كردوه‌ ئێوه‌ له‌ چوونه‌وه‌دا له‌گه‌ڵ هێزه‌كانی ڕێژیم تێكهه‌ڵچوونتان بووه‌و پاسدارێك كوژراوه‌و پاشان له‌ گه‌ڕانه‌وه‌تان بۆ كوردستان عێراق له‌گه‌ڵ چه‌كداره‌كانی بزووتنه‌وه‌ ده‌رگیر بوون‌و ٦ كه‌ستان لێ كوژراوه‌و كه‌سێكیش كه‌ جه‌نابت بێ، به‌دیل گیراوه‌و دوایه‌ به‌هۆی خزمانته‌وه‌ له‌لایه‌ن بزووتنه‌وه‌وه‌ ئازاد كرابی؟**

**و:** نه‌خێر، من به‌ ڕاشكاوی به‌ كۆمه‌ڵانی خه‌ڵكی كوردستان ڕاده‌گه‌یه‌نم ئه‌وه‌ی كه‌ كۆماری ئیسلامی ئیددیعای ده‌كات، حه‌تتا یه‌ك له‌ سه‌دیشی ڕاست نیه‌. ئێمه‌ ئه‌و كاته‌ بۆكارێكی ته‌شكیلاتی‌و ته‌بلیغی ڕۆیشتبووینه‌وه‌ بۆ ناوچه‌ی هه‌ورامان كه‌ نزیك به‌ ١٥ ڕۆژمان پێچوو (به‌ چوون‌و گه‌ڕانه‌وه‌مان) له‌و فاسیله‌یه‌دا تووشی هیچ جۆره‌ تێكهه‌ڵچوونێك له‌گه‌ڵ هیچ هێزو لایه‌نێك نه‌بووین، ئه‌وه‌ به‌ ئیتمینانه‌وه‌ ده‌ڵێم.

**پ: ڕه‌نگه‌ زۆر كه‌س نه‌زانن كه‌ تۆ له‌ كاتێكدا ده‌زگای تیرۆرو جاسووسیی كۆماری ئیسلامی ده‌یه‌ویست پیلانێكی تیرۆریستیت پێ ئه‌نجام بدا، له‌ ده‌ستیان ڕات كرد. ده‌كرێ داستانی خۆرزگاركردنی خۆت بگێڕی‌یه‌وه‌و شتێك له‌باره‌ی ئه‌و هه‌موو ئیمكانات‌و ڕایه‌ڵكه‌ تیرۆریستی‌یه‌ی كۆماری ئیسلامی له‌ كوردستانی عێراق پێكی هێنابوو، باس بكه‌ی؟**

**و:** داستانی ڕزگاربوونی من ئه‌گه‌ر بمه‌وێت به‌ درێژی باسی بكه‌م، له‌وانه‌یه‌ چه‌ندین لاپه‌ڕه‌ی بوێت. بۆیه‌ له‌و ڕوانگه‌وه‌ ده‌ڵێم كه‌ واقیعیه‌ته‌كه‌شی ئه‌وه‌یه‌، من له‌ زیندانی كرماشان چاویان به‌ستم تا مه‌رزی په‌رویزخان نه‌یانكرده‌وه‌، تا نه‌گه‌یشتمه‌ ئه‌و شوێنه‌، نه‌مزانیوه‌ بۆ كوێم ده‌به‌ن‌و مه‌به‌ست له‌ هێنانی من بۆ كوردستانی عێراق چیه‌! منیان له‌ په‌رویزخانه‌وه‌ به‌ره‌و سلێمانی برد به‌ناوێكه‌وه‌ كه‌ ئه‌وان خۆیان له‌سه‌ر منیان دانابوو "سه‌لیم". له‌ سلێمانی له‌ ناو ماشیندا هه‌تاكوو سه‌عاتی ١١ی شه‌و ڕایانگرتم‌و دواتر منیان برد بۆ شوێنێكی‌تر. كه‌ گه‌یشتینه‌ به‌ر ده‌رگای ئه‌و شوێنه‌، به‌رقی ئه‌و ساختمانه‌ كوژایه‌وه‌و نه‌فه‌رێك به‌ چرایه‌كه‌وه‌ ده‌رگاكه‌ی كرده‌وه‌و ئێمه‌ به‌ ماشینه‌كه‌وه‌ چووینه‌ ژووره‌وه‌. هه‌ر له‌وێ منیان ڕه‌وانه‌ی ژێرزه‌مینێك كرد. له‌ ژێرزه‌مینه‌كه‌دا دوو نه‌فه‌ر دانیشتبوون كه‌ یه‌كێك له‌وانه‌ هاوڕێیه‌كی نزیكی خۆم بووو ئه‌وی‌تریان یه‌كێك له‌ سه‌رانی ئیتلاعاتی غه‌ربی كیشوه‌ر بوو كه‌ پێشتر چه‌ند جارێك لێكۆڵینه‌وه‌ی لێ‌كردبووم له‌ زینداندا. دوای ماوه‌یه‌ك قسه‌و گفتوگۆ بۆم ده‌ركه‌وت كه‌ تا ئه‌و كاته‌ نه‌مده‌زانی مه‌به‌ستیان له‌ هێنانی من بۆ سلێمانی چیه‌. له‌وێ بۆم ده‌ركه‌وت كه‌ ئه‌و هاوڕێیه‌م قه‌ولی به‌ كۆماری ئیسلامی داوه‌ ئه‌گه‌ر چاوی به‌ من بكه‌وێت، له‌ باره‌ته‌قه‌ی ئازادكردنی مندا ئه‌و ئاماده‌یه‌ هاوكاریی كۆماری ئیسلامیی ئێران بكات، كه‌واته‌ یارمه‌تیی من بۆ كاری تیرۆریستی‌و زه‌ربه‌وه‌شاندن له‌ مه‌قه‌ڕه‌كانی حیزبی دێموكرات‌و هه‌روه‌ها پێشمه‌رگه‌ ده‌كات.

به‌ڵام هاوڕێیه‌كه‌ی من زۆر له‌وان زیره‌كتر بوو. چه‌ند وه‌ختێك پێشتر بێ‌ئه‌وه‌ی سه‌رانی ئیتلاعات هیچ بۆنێكیان بردبێ، كاك مه‌نسوور فه‌تتاحی، ئه‌ندامی ڕێبه‌رایه‌تیی حیزبی دێموكرات‌و به‌رپرسی ئه‌وكاتی كۆمیته‌ی پاوه‌ی له‌ پیلانه‌كه‌ی كۆماری ئیسلامیی ئێران ئاگادار كردبوو، ئه‌ویش قه‌ولی به‌ هاوڕێكه‌ی من دابوو بۆ پووچه‌ڵكردنه‌وه‌ی پیلانه‌كه‌ی كۆماری ئیسلامی‌و ئازادكردنی من هاوكاریی من بكات. به‌ خۆشی‌یه‌وه‌ نه‌ك هه‌ر ڕزگارم بوو، پیلانه‌ گڵاوه‌كه‌ی كۆماری ئیسلامیمان پووچه‌ڵ كرده‌وه‌و ئه‌و شتانه‌یش كه‌ كۆماری ئیسلامی‌و بزووتنه‌وه‌ی ئیسلامی كه‌ تا ئه‌و كاته‌ حاشایان لێ‌كردبوو، بۆ كۆمه‌ڵانی خه‌ڵكی كوردستان‌و هه‌روه‌ها حیزبی دێموكراتیش ڕوون بۆوه‌.

**پ: ئێوه‌ ئه‌و ٧ كه‌سه‌، دوای ته‌حویلدانه‌وه‌ به‌ ڕێژیمی ئێران، تا چ ماوه‌یه‌ك پێكه‌وه‌ (له‌ یه‌ك زیندان) مانه‌وه‌؟ له‌ زینداندا قه‌ت چاوتان به‌ یه‌ك كه‌وت؟ دواجار كه‌ یه‌كترتان بینی، چه‌ند ڕۆژ یا چه‌ند مانگ دوای ته‌حویلدانه‌وه‌ بوو؟ ئایا "بازجو"و لێكۆڵه‌رو ئه‌شكه‌نجه‌گه‌ران یا به‌رپرسه‌كانیان ده‌یاندركاند كه‌ ئێوه‌ به‌هۆی چ تاقمێكه‌وه‌ ته‌حویل درانه‌وه‌؟**

**و:** پاش ته‌حویلدانه‌وه‌مان بۆ ماوه‌ ٢ ڕۆژ له‌ زیندانی پاوه‌ پێكه‌وه‌ بووین، به‌ڵام كه‌ بردیانین بۆ كرماشان، ئاگامان له‌ یه‌ك نه‌ما. له‌و كاته‌ی كه‌ به‌ڕێیان ده‌كردین بۆ كرماشان، له‌گه‌ڵ ئه‌رشه‌د بۆ ماوه‌ی چه‌ند ده‌قیقه‌یه‌ك له‌ یه‌ك ژووردا بووین. ئه‌و پێنج هاوڕێیه‌كه‌ی دیكه‌م له‌ ژوورێكی‌تردا بوون.

**پ: وه‌ك بیستووته‌و خوێندووته‌وه‌، به‌ داخه‌وه‌ ئه‌و ٦ هاوڕێیه‌كه‌ له‌گه‌ڵ تۆ گیران‌و ته‌حویل درانه‌وه‌، له‌ مێژه‌ له‌نێو براون. پێت وایه‌ مه‌رگی ئه‌وان چه‌ند مانگ یا چه‌ند ساڵ دوای ته‌حویلدانه‌وه‌یان بووه‌؟ ئایا له‌ژێر ئه‌شكه‌نجه‌دا گیانیان لێ‌ئه‌ستاندوون یا ئیعدامیان كردوون؟ هۆی چیه‌ كوشتوویانن؟**

**و:** به‌ پێی ئه‌و ئه‌شكه‌نجه‌یه‌ی كه‌ من بۆخۆم ماوه‌ی ٧ مانگ له‌ ژێریدا بووم، ئه‌گه‌ر ئه‌و ئه‌شكه‌نجه‌یه‌ به‌و شێوه‌یه‌ به‌رده‌وام بووبێت، گومانم له‌وه‌دا نیه‌ كه‌ ده‌بێ هاوڕێكانم له‌ ژێر ئه‌و ئه‌شكه‌نجه‌یه‌دا گیانیان له‌ده‌ست دابێت. هۆی كوشتنیشیان ڕوون‌و ئاشكرایه‌، چونكه‌ ئازادیخواز بوون‌و بۆ ڕزگاربوونی گه‌له‌ چه‌وساوه‌كه‌یان خه‌باتیان ده‌كرد.

**پ: پێش ئه‌وه‌ی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران، هه‌واڵی مه‌رگی ئه‌و هاوڕێیانه‌ ڕابگه‌یه‌نێ، ئایا پێشتر هیچ هه‌واڵ یا ده‌نگۆیه‌كت له‌سه‌ر ئیعدام یا مه‌رگی ئه‌وان بیستبوو؟ هه‌واڵه‌كان چۆن بوون؟**

**و:** نه‌خێر، من هیچ هه‌واڵێكم له‌و باره‌یه‌وه‌ نه‌بیستبوو.

**پ: ئه‌گه‌ر دادگایه‌ك یا ناوه‌ندێك بیهه‌وێ له‌و تاوانه‌ بكۆڵێته‌وه‌، ئاماده‌ی ڕاستی‌یه‌كانیان بۆ ڕوون بكه‌یه‌وه‌و ئه‌و كه‌سانه‌یان پێ بناسێنی كه‌ له‌و تاوانه‌دا ده‌ستیان هه‌بووه‌؟**

و: به‌ڵێ من بۆ ڕیسواكردن‌و به‌درۆخستنه‌وه‌ی زیاتری كۆماری ئیسلامی‌و بزووتنه‌وه‌ی ئیسلامی، هه‌موو كات ئاماده‌م كه‌ له‌ هه‌ر دادگایه‌كدا حازر بم.

**پ: ئێستا كه‌ زیاتر له‌ ٧ ساڵ چاوه‌ڕوانیی بنه‌ماڵه‌ی ئه‌و ٦ كه‌سه‌، به‌ هه‌واڵی تاڵی مه‌رگی ئازیزانیان كۆتایی هاتوه‌، چ په‌یامێكت بۆ ئه‌و بنه‌ماڵانه‌ هه‌یه‌؟ ئه‌دی له‌ حیزب‌و ڕێكخراوو كۆڕو كۆمه‌ڵه‌ دێموكرات‌و مرۆڤدۆسته‌كان سه‌باره‌ت به‌ مه‌حكوومكردنی ئه‌و تاوانه‌و ڕیسواكردنی بزووتنه‌وه‌ی ئیسلامی‌و ڕێژیمی ئێران، چ چاوه‌ڕوانی‌یه‌كت هه‌یه‌؟**

و: من له‌ ناخی دڵه‌وه‌ پرسه‌و سه‌ره‌خۆشیی خۆم ئاراسته‌ی بنه‌ماڵه‌ی به‌ڕێزیان ده‌كه‌م‌و خۆم به‌ شه‌ریكی خه‌م‌و په‌ژاره‌یان ده‌زانم. داوا له‌ هه‌موو كۆڕو كۆمه‌ڵه‌ به‌شه‌ردۆست‌و ئازادیخوازه‌كان ده‌كه‌م ده‌نگی خۆیان بخه‌نه‌ پاڵ ده‌نگی بنه‌ماڵه‌ی به‌ڕێزی هاوڕێكانم‌و حیزبی دێموكرات بۆ هه‌رچی زیاتر ڕیسوابوونی كۆماری ئیسلامی‌و بزووتنه‌وه‌ی ئیسلامیی كوردستانی عێراق‌و هه‌روه‌ها مه‌حكوومكردنی زیاتریان‌و داوا ده‌كه‌م تاوانباران ته‌حویلی دادگایه‌كی خه‌ڵكی بدرێن.

* * *

## هه‌یئه‌تێكی یه‌كیه‌تیی نه‌ته‌وه‌یی دێموكراتی كوردستان، چاوی به‌ هه‌یئه‌تێكی حیزب كه‌وت

سه‌عات١١/٣٠ی پێشنیوه‌ڕۆی ڕۆژی سی‌شه‌ممۆ ٢٥ی خاكه‌لێوه‌ی ساڵی١٣٨٣ی هه‌تاوی، هه‌یئه‌تێكی یه‌كیه‌تیی نه‌ته‌وه‌یی دێموكراتی كوردستان به‌ سه‌رۆكایه‌تیی به‌ڕێز غه‌فوورمه‌خمووری سكرتێری گشتیی و پێكهاتوو له‌ به‌ڕێزان شاخه‌وان خالید، ئه‌ندامی مه‌كته‌بی سیاسی، عه‌بدوڵلا عه‌دۆو قه‌هار تاهیر ئه‌ندامانی كۆمیته‌ی سه‌ركردایه‌تی‌و مام عه‌بدوڵلا ئه‌حمه‌د، ئه‌ندامی مه‌كته‌بی ناوه‌ندی پێوه‌ندی‌یه‌كان، سه‌ردانی ده‌فته‌ری سیاسیی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێرانی كردو له‌لایه‌ن هه‌یئه‌تێكی ڕێبه‌رایه‌تیی حیزب به‌ سه‌رۆكایه‌تیی به‌ڕێز عه‌بدوڵلا حه‌سه‌نزاده‌، سكرتێری گشتیی‌و پێكهاتوو له‌ به‌ڕێزان، حه‌سه‌ن شه‌ره‌فی، حوسێن مه‌ده‌نی ئه‌ندامانی ده‌فته‌ری سیاسی، ته‌یموور مسته‌فایی، چه‌كۆ ڕه‌حیمی و كه‌ماڵی كه‌ریمی، ئه‌ندامانی كۆمیته‌ی ناوه‌ندی‌و محه‌ممه‌دی حه‌سه‌نپوور ئه‌ندامی جێگری كۆمیته‌ی ناوه‌ندی، پێشوازی لێ‌كرا. له‌ دانیشتنێكی چه‌ند سه‌عاته‌دا، دوو هه‌یئه‌ت كومه‌ڵێك مه‌سه‌له‌ی پێوه‌ندیدار به‌ وه‌زعی ناوچه‌و ئاڵوگۆڕه‌كانی ئه‌م دوایانه‌ی عێراق كه‌وتنه‌ به‌رباس‌و ئاڵوگۆڕی بیروڕایان له‌سه‌ر كرا. هه‌روه‌ها په‌ره‌پێدان‌و پته‌وتركردنی پێوه‌ندی‌یه‌كانی نێوانیان پێی له‌سه‌ر داگیرایه‌وه‌. كۆبونه‌وه‌كه‌ سه‌عات ٤ی ئێواره‌ی هه‌مان ڕۆژ له‌ كه‌شوهه‌وایه‌كی دۆستانه‌دا، كۆتایی پێ هات. ❋

## چاوپێكه‌وتن له‌گه‌ڵ هه‌یئه‌تێكی هوله‌ندی

سه‌عات ١٠ی پاش نیوه‌ڕۆی ڕۆژی پێنج شه‌ممۆ ٢٧ی خاكه‌لێوه‌ی ١٣٨٣ی هه‌تاوی، به‌ڕێز "تین كۆكس" tiny kox سه‌رۆكی فراكسیونی حیزبی سوسیالیستی هوله‌ند له‌ پارلمانی ئه‌و وڵاته‌ به‌ هاوڕێیه‌تیی به‌ڕێز سه‌ردار دۆسكی، ئه‌ندامی كۆمیته‌ی ناوه‌ندی ئه‌و حیزبه‌و كاندیداتۆری ئه‌ندامه‌تیی پارلمانی ئورووپا سه‌ردانی بنكه‌ی پێوه‌ندی‌یه‌كانی حیزب له‌ هه‌ولێریان كرد. ئه‌و هه‌یئه‌ته‌ له‌لایه‌ن هاوڕێیانی به‌ڕێز كاك حه‌سه‌ن شه‌ره‌فی ئه‌ندامی ده‌فته‌ری سیاسی‌و كاك كه‌ماڵ كه‌ریمی ئه‌ندامی كۆمیته‌ی ناوه‌ندی‌و به‌رپرسی پێوه‌ندی‌یه‌كانی حیزب له‌ هه‌ولێر، به‌ گه‌رمی پێشوازی لێكرا.

له‌ دیدارێكی نزیك به‌ دوو سه‌عاتدا، به‌ڕێز "تین كۆكس" مه‌به‌ستی خۆی له‌ سه‌فه‌ر بۆ كوردستانی عیراق به‌یان كرد وخوشحاڵی خۆی ده‌ربڕی كه‌ گوێ بۆ باسی هه‌یئه‌تی خانه‌خوێ له‌پێوه‌ندی له‌گه‌ڵ وه‌زعی ئێران و كوردستانی ئێران به‌ گشتیی و سیاسه‌ت‌و هه‌ڵوێسته‌كان‌و ڕوانگه‌ی حیزبی دێموكراتی كوردستان له‌پێوه‌ندی له‌گه‌ڵ ئاڵوگۆڕه‌كانی ئه‌م دوایانه‌ی ناوچه‌ی ڕوژهه‌ڵاتی نیوه‌ڕاست به‌تایبه‌تی ڕابگرێ.

هاوڕێی به‌ڕێز كاك حه‌سه‌نی شه‌ره‌فی له‌و باره‌یه‌وه‌ به‌ درێژی باسی ڕابردووی تێكوشانی حیزب و سیاسه‌ت‌و هه‌ڵوێست‌و ئامانجه‌كانی حیزبی دێموكراتی كوردستانی بۆ هه‌یئه‌تی میوان كردو له‌پێوه‌ندی له‌گه‌ڵ مه‌سه‌له‌ جیهانی‌و ناوچه‌یی‌یه‌كاندا، له‌گه‌ڵ هه‌یئه‌تی میوان ئاڵوگۆڕی بیروڕایان كرد.

هه‌روه‌ها هه‌ر دوولا پێیان له‌سه‌ر پێوه‌ندی‌یه‌كانی دووحیزب و هاوكاری زیاترو به‌رینتریان داگرته‌وه‌. سه‌عات ١٢ی نیوه‌ڕۆ هه‌یئه‌تی میوان له‌ لایه‌ن هه‌یئه‌تی حیزبه‌وه‌ به‌ڕێ كرا. ❋

## په‌یامی پیرۆزبایی بۆ كۆنگره‌ی حیزبی شیوعیی كوردستان ـ عێراق

**له‌م ڕۆژانه‌دا حیزبی شیوعیی كوردستان ـ عێراق، سێهه‌مین كۆنگره‌ی خۆی به‌ڕێوه‌برد. له‌و پێوه‌ندی‌یه‌داو پێش به‌ڕێوه‌چوونی كۆنگره‌كه‌، ده‌فته‌ری سیاسیی حیزب، په‌یامێكی بۆ سێهه‌مین كۆنگره‌ی حیزبی شیوعیی كوردستان ـ عێراق نارد. ده‌قی په‌یامه‌كه‌ به‌م‌جۆره‌یه‌:**

**به‌ڕێزان ئه‌ندامانی ڕێبه‌رایه‌تیی حیزبی شیوعیی كوردستان ـ عێراق!**
**به‌ڕێزان ئه‌ندامانی كۆنگره‌ی سێهه‌می حیزبی شیوعیی كوردستان!**
**له‌گه‌ڵ سڵاوی دۆستانه‌و ڕێزی تایبه‌تیماندا:**

به‌بۆنه‌ی به‌ستنی سێهه‌مین كۆنگره‌ی حیزبه‌ تێكۆشه‌ره‌كه‌تان به‌ گه‌رمی پیرۆزباییتان لێ‌ده‌كه‌ین. هیوادارین كۆنگره‌كه‌تان پڕبه‌رهه‌م بێ‌و بڕیاری باش‌و به‌سوودی ئه‌وتۆی لێ‌بكه‌وێته‌وه‌ كه‌ بتوانێ حیزبه‌ تێكۆشه‌ره‌كه‌تان به‌ره‌و خه‌بات‌و چالاكی نواندنی زیاتر ڕێنوێنی بكاو سه‌رئه‌نجام له‌ گه‌یشتن به‌ ئامانجه‌ ئینسانی‌و نه‌ته‌وایه‌تی‌یه‌كانتان نزیك بكاته‌وه‌.

پێوه‌ندی‌یه‌كانی نێوان حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران‌و حیزبی شیوعیی كوردستان له‌ كۆنه‌وه‌ ده‌ستی پێ‌كردوه‌و له‌ ڕه‌وتی درێژه‌دانی‌دا زۆر برگه‌ی زێڕین‌و جێگای شانازیی به‌خۆیه‌وه‌ بینیوه‌و هه‌رگیز تووشی ئاڵۆزی‌و لێكدابڕان نه‌هاتووه‌. بۆیه‌ به‌ پێویست ده‌زانین به‌ش به‌ حاڵی خۆمان وێڕای شانازیكردن به‌ ڕابردووی پێوه‌ندی‌یه‌كانی نێوانمان له‌سه‌ر درێژه‌دان به‌م پێوه‌ندی‌یه‌ بێ‌خه‌وش‌و برایانه‌یه‌ پێ‌دابگرینه‌وه‌و به‌هێزكردنی به‌ ئه‌ركی خۆمان دابنێین.

بۆ كۆنگره‌كه‌تان سه‌ركه‌وتن‌و بۆ ئێوه‌ به‌ڕێزان له‌شساغی‌و به‌خته‌وه‌ری به‌ ئاوات ده‌خوازین.

**ده‌فته‌ری سیاسیی حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران**
**٤ی ئاوریلی ٢٠٠٤ی زایینی**

# چەند هەواڵ لە کوردستانەوە

## تیکاب:

### تاڵانچی‌یەکانی ڕێژیم لە ئاوایی "زرشوان"و شارۆچکەی "شاهین‌دژ"دا

لە ئاوایی "زرشوان"ی سەر بە ناوچەی تیکاب، ڕێژیم خەریکی کارکردن لەسەر کانگایەکی زێڕە کە بە پێی هەواڵەکان، ساڵانە ٨ تۆن فلیزی بەنرخی لێ‌بەرهەم دێ. تەنانەت چەندین شیرکەتی بیانی کاری لەسەر دەکە کە یەکێك لەو شیرکەتانە، شیرکەتێکی ئۆتریشی‌یە. شایانی باسە کە کارخانەی تواندنەوەو شوێنی کارکردنی لەسەر مەوادده خامەکەی لە شاری زەنجانەو خەڵکی هەژاری ناوچەکەش نەك وەك کرێکاریش لەو کانگایەدا وەرناگیرێن، تەنانەت مافی ئەوەیان نیە بە دەوری ئەو شوێنەش‌دا هاتوچۆ بکەن.

هەر لە درێژەی ئەو هەواڵەدا هاتوە کە، ١٠ ساڵ لەوەپێش لە نزیك شاری شاهین‌دژ تابلۆیەك چەقێنراوە کە لەسەری نووسرابوو کارخانەی سیمانی شاهین‌دژ، بەڵام ئێستا دەرکەوتوە کە ئەو شوێنە کانگایەکی بەنرخی بەردەو خاوەن ئیمتیازەکەشی ئاغای ڕەفسەنجانی‌یە کە هەر ئێستاش خەریکن کاری لەسەر دەکەن‌و بەرهەمەکەی دەگوازنەوە بۆ شاری ورمێ.

## سەردەشت:

### هێزەکانی ڕێژیم لاوێکی کوردیان کوشت

ڕۆژی دووشەممە ١٧ی خاکەلێوەی ١٣٨٣ی هەتاوی، دەستەیەك لە خەڵکی کاسبکاری ئاوایی بنەخەلەفی ناوچەی سەردەشت کە بە مەبەستی دابینکردنی بژێویی بنەماڵەکانیان ڕوویان کردبووە ناوچە سنووری‌یەکانی کوردستان، لە گەڕانەوەدا کەوتنە نێو کەمینی هێزە تاڵانچی‌یەکانی ڕێژیم‌و لە ئاکامی پەلاماری ئەو دژی گەلی‌یانەدا، لاوێك بە ناوی "ڕەحمان خزری" کوڕی شەهید "محەممەد خزری" کەوتە ناو چۆم‌و بەداخەوە گیانی لە دەست دا، دوای سێ ڕۆژ تەرمی ناوبراو لە ناو چۆمەکەدا دۆزرایەوە. پاشان خەڵکی بێزارو وەزاڵەهاتووی ئاوایی لە نێو ڕق‌وقینێکی زۆردا تەرمی ناوبراویان لە تەنیشت گڵکۆی باوکی شەهیدی بە خاك سپارد. شایانی باسە کە باوکی ناوبراو لە نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سەنگەری خەبات بە دژی ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی‌دا شەهید بوو.

## سەقز:

### دەرکردنی کارمەندانی نەخۆشخانەی خومەینی

بە پێی هەواڵی شیرکەتی "غەرب کار" ٤٣کەس لە کارمەندانی نەخۆشخانەی خومەینی شاری سەقزی دەرکردوە و هەروەها ٥٦کارمەندی دیکەش کە هەر یەکە زیاتر لە ١٢ساڵ پێشینەی کارکردنیان لەو شوێنە دا هەیە، هەڕەشەی دەرکردنیان لەسەرە، هەرچەند ئەو کارمەندانە ئیدارەی کاریان لەو پێوەندی‌یەدا ئاگادار کردۆتەوە، بەڵام بەداخەوە هیچ وڵامێکیان پێ نەداونەوە.

# ڕێزگرتن لە ١٠ی خاکەلێوە، ڕۆژی شەهیدانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات

## ئاڵمان:

ڕۆژی شەممە ١٥ی خاکەلێوەی ١٣٨٣ی هەتاوی، کۆمیتەی حیزب ـ ئاڵمان لە شاری کۆڵن، بەبۆنەی ١٠ی خاکەلێوە، ڕۆژی شەهیدانی کوردستانەوە، ڕێوڕەسمێکی پێك هێنا. ڕێوڕەسمەکە سەرەتا بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب"و ڕاگەیاندنی دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێ‌کرد. بە شوێن ئەوەدا هاوڕێ عەلیی قازی وتارێکی بەو بۆنەوە خوێندەوە، پاشان هاوڕێ خالید حەسەن‌پوور، هەر بەو بۆنەوە وتاری کۆمیتەی حیزبی پێشکەش کرد. لە درێژەی ڕێوڕەسمەکەدا چەند بابەتێکی ئەدەبی خوێندرانەوە. لە کۆتایی‌دا بەشداران سەردانی پێشانگای شەهیدانی کوردستانیان کرد کە لەودا زیاتر لە ١٣٠٠ وێنەی شەهیدان پیشان درابوو. ئەو حیزب‌و لایەنانەش کە پەیامیان ناردبوو، بریتی‌بوون لە:

پارتی دێموکراتی کوردستان، یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، حیزبی سۆسیالیستی کوردستان ـ تورکیە، حیزبی سۆسیالیستی دێموکراتی کوردستان، کۆمەڵەی کوردەکانی دەرەوە (کۆمەڵ)، کۆمکار

## سوئێد:

ڕۆژی شەممە ١٥ی خاکەلێوەی ١٣٨٣ی هەتاوی، بەبۆنەی ١٠ی خاکەلێوە، ڕۆژی شەهیدانی کوردستان، کۆمیتەی حیزب ـ ویستروس، ڕێوڕەسمێکی بە بەشداریی ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزب‌و نوێنەری لایەنە سیاسی‌یەکانی کوردستان، پێك هێنا.

ڕێوڕەسمەکە سەرەتا بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب"و ڕاگەیاندنی دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێ‌کرد. پاشان لەلایەن هاوڕێ فەرەیدوون حسێنی‌یەوە پەیامی کۆمیتەی حیزب خوێندرایەوە. هەروەها لە درێژەی ڕێوڕەسمەکەدا هاوڕێ عەلی عینایەتی وەسیەتنامەی پێشەوا قازیی خوێندەوە. ئەو پارت‌و لایەنانە کە لەو ڕێوڕەسمەدا پەیامیان خوێندەوە، بریتی بوون لە:

پارتی دێموکراتی کوردستان، یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، کۆمیتەی ڕیفراندۆم، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان (کۆمەڵە)، یەکیەتیی کوردان (سوئید)، کۆمیتەی یەکیەتیی لاوانی دێموکرات (سوئێد)

## سوئێد ـ ئۆرەبرۆ،

ڕۆژی یەکشەممە ١٦ی خاکەلێوەی ١٣٨٣ی هەتاوی، کومیتەی حیزب لە ئۆرەبرۆ بە بۆنەی ١٠ی خاکەلێوە، ڕۆژی شەهیدانی کوردستان ڕێورەسمێکی پێك‌هێنا. سەرەتای ڕێورەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب"و ڕاگەیاندنی دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ ڕێزلێنان لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان دەستی پێ‌کرد. پاشان پەیامی کومیتەی حیزب لەلایەن هاوڕێ خالید گەردی‌یەوە خوێندرایەوە. شایانی باسە پەیامی ئەو حیزب‌و لایەنانە لەو ڕێورەسمەدا خوێندرایەوە:

پارتی دێموکراتی کوردستان ـ ئۆرەبرۆ، کەرتی سێی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان ـ ئۆرەبرۆ، یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران ـ ئۆرەبرۆ، یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران ـ ئۆرەبرۆ، یەکیەتیی ئافرەتانی حیزبی سوسیالیستی کوردستانی عێراق فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردی‌یەکان، کۆمەڵەی کوردیی شاری ئۆرەبرۆ

❋ ڕۆژی ١٥ی خاکەلێوەی ١٣٨٣ی هەتاوی، کومیتەی حیزب لە سوئێد بە بۆنەی ١٠ی خاکەلێوە ـ ڕۆژی شەهیدانی کوردستان ـ لە شاری لینشۆپینگ ڕێورەسمێکی پیك‌هێنا. سەرەتا ڕێورەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب"و ڕاگەیاندنی دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ ڕێزلێنان لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان دەستی پێ‌کرد. پاشان لەلایەن هاوڕێ حەمەرەسووڵ کەریمی بەرپرسی کومیتەی حیزب ـ لینشۆپینگ چەند وتەیەك پێشکەش کرا، پاشان هەر بەو بۆنەوە پەیامی کومیتەی حیزب ـ سوئێد لەلایەن هاوڕێ کەماڵ حەسەنپوورەوە پێشکەش کرا. هەروەها لە درێژەی ڕێورەسمەکەدا هاوڕێ نافیع هرووری پەیامی پارتی دێموکراتی کوردستان‌و هاوڕێ ئاوات نستانی پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران‌و هاوڕێ مەریوان نستانی پەیامی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتیان پێشکەش کرد. دیارە هەر لەو ڕۆژەدا هەر بەو بۆنەوە بە هەمان شێوە ڕێورەسمێکی دیکە لە شاری ویسترووسی سوئێد بەڕێوەچوو. لەو ڕێورەسمەدا هاوڕێ فەرەیدوون پەیامی کومیتەی حیزب ـ سوئێدی بەو بۆنەوە پێشکەش کرد، پاشان پەیامەکانی پارتی دێموکراتی کوردستان ـ یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، کومیتەی رفراندۆم، برووسکەی ماتەمینی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی‌کوردستان، کۆمەڵەی کوردە فەیلی‌یەکان، یەکیەتیی کوردان‌و یەکیەتیی لاوان خوێندرانەوە.

شایانی باسە کە نێوئاخنی ڕێورەسمەکان، کۆمەڵێك بابەتی بۆنەیی‌و ئەدەبی بوون. ❋

# بڕیاری دادگای میکونووس

# پەڵەیەکی هەمیشەیی بە تەوێڵی کۆماری ئیسلامی‌یەوە

**قادر وریا**

ڕۆژی ١٠ی ئاوریلی ١٩٩٧ (٢١ی خاکەلێوەی ١٣٧٦)، دادگای بەرزی ئەیالەتی بێرلین پاش ٢٤٦ ڕۆژی لێکۆڵینەوە لە پەروەندەی تیرۆری میکونووس (تیرۆری نەمران دوکتور سادق شەرەفکەندی، فەتتاح عەبدولی، هومایوونی ئەردەڵان‌و نووری دێهکوردی، بڕیاری یەکجاریی خۆی لەبارەی بەڕێوەبەرانی ئەو تیرۆرە ڕاگەیاند. دادگای بێرلین وێڕای بڕینەوەی حوکم بۆ هەر یەك لەو تاوانبارانە کە نەخشەی تیرۆرەکەیان جێبەجێ کردبوو، بەڕێوەبەرانی پلە یەکی کۆماری ئیسلامی (ڕێبەری ڕێژیم، سەرکۆمار، وەزیری دەرەوەو وەزیری ئیتلاعات‌و ئەمنییەت)ی بە بەڕێوەبەری ئەسڵیی تیرۆرەکە ناساند.

دادگای بێرلین لە حوکمی ئازایانەو دادپەروەرانەی خۆی‌و هەروەها لە ڕەوتی لێکۆڵینەوەکانی‌دا، هەر خۆی بە دۆزینەوەی ڕاستی‌یەکان لە بارەی کارەساتی ١٧ی سێپتامبری ریستۆرانی میکونووسەوە نەبەستەوە. بەڵکوو چۆنیەتیی کارکردنی ماشێنی تیرۆری کۆماری ئیسلامیی لە تەواوەتیی خۆی‌دا لە قاو داو، هەموو دنیای لەو ڕاستی‌یە تێگەیاند کە نەك هەر تیرۆری ریستۆرانی میکونووس، بەڵکوو دەیان تیرۆری دیکەی موخالیفانی کۆماری ئیسلامی لە سەرانسەری جیهان، هەر بە هۆی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی‌یەوە ئەنجام دراون‌و، لە سەرووترین ئاستی حکوومەتی‌و دەوڵەتی‌دا پلان‌و نەخشەیان بۆ دارێژراوە. لە ڕاستی‌دا ڕەوتی کارو، لێکۆڵینەوەکان‌و ئاکامی کارە بە نرخ‌و پیرۆزەکەی ئەو دادگایە، ناساندنی نێوەڕۆك‌و چۆنیەتیی جێبەجێکردن‌و بەڕێوەبردنی تیرۆریزمی دەوڵەتی لەلایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی‌یەوە، بوو. دەکرێ بڵێین بڕیاری دادگای بێرلین خاڵێکی وەرچەرخان‌و یەکێك لە گرنگترینی ئەو ڕووداوانە بوو کە لە ناساندن‌و لە قاودانی ماهییەتی تیرۆریستی‌و ئینسانکوژانەی کۆماری ئیسلامی‌دا ڕۆڵی بنەڕەتییان هەبوو. دەکرێ گرنگیی ئەم بڕیارە ئازایانەو دادپەروەرانەیەی دادگای بێرلین بەم جۆرە ڕیزبەندی بکەین:

١ـ لەگەڵ ئەوەی تیرۆری میکونووس نە یەکەمین‌و نە دوایەمین تیرۆر بوو کە لەلایەن کۆماری ئیسلامی‌یەوە بەڕێوە دەچوو، بەڵام یەکەم جار بوو دادگایەکی بەرزی وڵاتێکی گرنگی ئورووپایی کە خاوەنی سیستمێکی قەزایی سەربەخۆو موعتەبەرە، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی وەك تیرۆریست دەناساندو ڕێبەرانی پلە یەکی ئەو ڕێژیمەشی بە بەرنامەدارێژو هەڵسووڕێنەری سەرەکیی ماشێنی تیرۆر لەو سیستمەدا ناو دەبرد.

٢ـ کۆماری ئیسلامی سەرەڕای هەموو هەوڵەکانی، هەر لە دانی قەول‌و بەڵێنی هاوکاری‌و کارهاسانی لە بوارەکانی ئابووری‌و بازرگانی‌دا بە ئەڵمان بگرە، تا دەگاتە فشارو هەڕەشەی جۆراوجۆری سیاسی‌و ئەمنییەتی‌و دیپلوماتیك‌و بازرگانی بۆسەر دەوڵەت‌و کاربەدەستانی ئەو وڵاتە، نەیتوانی پێشی ڕەوتی کاری دادگا بگرێ‌و خۆ لە پێکهاتنی ریسوایی‌یەك لە ئاستی جیهاندا، ڕزگار بکا.

٣ـ بە هۆی حوکمی مێژوویی بڕیاری داگای بێرلینەوەو، ئەو هەموو بەڵگەو زانیاری‌یە بڕوا پێکراوانەی لەو پێوەندی‌یەدا وەدەست پۆلیس‌و دەزگای قەزایی ئەڵمان کەوتن، دەرکەوت لەپشت زۆربەی نزیك بە تەواوی کردەوە تیرۆریستی‌یەکان کە لە دژی نەیارانی کۆماری ئیسلامی لە هەر شارو پێتەختێکی دنیادا بەڕێوەچوون، دەستی ئەو ڕێژیمە هەیە. بەڵام ئەگەر لە بارەی تیرۆرەکانی دیکەوە بۆ وێنە تیرۆری دوکتور قاسملوو (ڤییەن)، دوکتور شاپوری بەختیار (پاریس)، دوکتور کازمی ڕەجەوی (ژنێڤ)، محەممەد حوسێن نەقدی (ڕۆم)و . . . حوکمی لەم چەشنی بڕیاری دادگای بێرلین، دەرنەچوون، تەنیا لەبەر بەرژەوەندخوازیی دەوڵەتانی ئوتریش، فەرانسە، سویس‌و ئیتالیا بووە. واتە ئەو دەوڵەتانە لەبەر بەرژەوەندو قازانجە جۆراوجۆرەکانیان کە زۆرتریان ئابووری‌و بازرگانی بوون، ئامادە بوون ڕاستی‌یەکانی‌و خوێنی قوربانی‌یەکان‌و دادپەروەری بخەنە ژێرپێ‌و، بەم جۆرە ئەو ڕێژیمە جینایەتکارو تیرۆریستەیان لە دەست عەداڵەت، ڕزگار کردوە.

٤ـ حوکمی دادگای بێرلین بۆ جیهانی دەرخست سیستمی تیرۆرو ئینسانکوژی لە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران‌دا ماهییەتێکی دژ بە ئازادیخوازی‌و دێمۆکراسی ویستنی هەیە. واتە لەو ڕێژیمەدا لە تیرۆر بۆ کوشتنی کەسانێك کەلك وەردەگیرێ کە ڕەخنەو ناڕەزایەتییان لە سیستمی سیاسیی حاکم بەسەر وڵات‌دا هەیەو داوای ماف‌و ئازادی‌یە ئینسانی‌یەکان دەکەن. تیرۆرو ئینسانکوشتن لەو ڕێژیمەدا کە بە ڕواڵەت زۆر لە پەیماننامەو کونوانسیۆنە نێونەتەوەیی‌یەکانی قبووڵ‌و ئیمزا کردوون، نەك هەر بە شتێکی دزێوو ناپەسەند دانانرێ، بەڵکوو وەك شتێکی پیرۆز سەیری دەکرێ‌و تەوجیهی شەرعی‌و ئایینی بۆ دەبینرێتەوە.

٥ـ بە هۆی لێکۆڵینەوەی بەربڵاو لە ڕەوتی کاری دادگاداو شاهیدی‌دانی زۆر لەو کەسانەی ئاگایان لە چۆنیەتیی هەڵسووڕانی ماشێنی تیرۆری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەبوو، هەروەها بە یارمەتیی ددان پێدانانی ژمارەیەك لە تاوانباران‌و زانیاری‌یەکانی دەزگا ئەمنییەتی‌یەکانی ئەڵمان‌و هێندێك وڵاتی دیکە،دەرکەوت کە تیرۆریزم یەکێك لە پایە ئەسڵی‌یەکانی سیاسەت‌و دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی پێك دێنێ. لە ڕاستی‌دا ڕوون بۆوە کە هەموو دەزگاو نیهادو بنکەو دامەزراوێکی ئەو ڕێژیمە ـ یا ناوی جۆراوجۆری سیاسی، ئابووری، دیپلۆماتیك، فەرهەنگی، ئایینی‌و تەنانەت خێرخوازانەشیان لەسەر بێ ـ یا بەشێکن لە دەزگای تیرۆرو جاسووسی‌و ئینسانکوژیی کۆماری ئیسلامی یا بەپێی ئەرکێك کە لە سەرووترین ناوەندەکانی دەسەڵاتەوە بۆیان دیاری کراوە، لە خزمەت ئامانج‌و بەرنامەو نەخشە تیروریستی‌یەکانی کۆماری ئیسلامی دان.

٦ـ حوکمی مێژوویی دادگای بێرلین، هەم لە ئاستی نێونەتەوەیی‌دا، هەم لە ئاستی نێوخۆیی‌دا، کۆماری ئیسلامیی ئێرانی تووشی تەنگەژەو قەیران کرد. لە ئاستی نێونەتەوەیی‌دا، ئەو ڕێژیمە لەگەڵ ریسوایی‌یەکی بێ‌وێنە بەرەوروو بوو. جگە لەوەی ڕاگەیەنە گشتی‌یەکانی جیهان بەگشتی‌و ڕۆژئاوا بەتایبەتی بۆ ماوەی چەندین ڕۆژ بە بۆنەی ئەو حوکمەوە، تیرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامییان لەقاودا، زۆربەی دەوڵەتانی ئورووپاییش لە ژێر فشاری بیروڕای گشتیی خەڵکی وڵاتەکانیاندا ناچار بوون سەفیرەکانی خۆیان لە ئێران بانگ بکەنەوە. ئەم حوکمە وای کرد لە درێژخایەنیش‌دا، نوێنەرایەتی‌یەکان‌و هەموو جموجۆڵ‌و هەوڵ‌و تێکۆشانێکی کۆماری ئیسلامی لە وڵاتانی جیهان‌داو، هەر جۆرە پێوەندی‌یەکی وڵاتان لەگەڵ ئەو ڕێژیمە بەچاوی گومانەوە سەیری بکرێ‌و نیشانەی پرسیاری بخرێتە سەر.

بەڵام لە بواری نێوخۆیی‌دا، حوکمی دادگای بێرلین شوێنەوارێکی زۆر قووڵتری لەسەر ورەی خەڵکی وەزاڵەهاتووو خەبات‌و تێکۆشانی ئازادیخوازان‌و خەباتگێڕانی ئێران لە دژی ئەو ڕێژیمە دانا. دیارە ئەوان لە مێژبوو نێوەڕۆکی ئەو ڕێژیمەیان بۆ دەرکەوتبووو لە مێژساڵیش بوو داوایان دەکرد کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی، ناوەندە سیاسی‌و حوقووقی‌و قەزایی‌یەکانی جیهان لەو تاوان‌و جینایەتانە کە ئەو ڕێژیمە دەیانکا، بێدەنگ نەبن. بەڵام ئەوەی تا ئەو کات دیبوویان بەداخەوە ساتوسەودا لەگەڵ ئەو ڕێژیمە تیرۆریستەو داپۆشینی شوێن پێ‌و جێ‌پەنجەی ئەو ڕێژیمە لە تیرۆرەکان‌دا، یا لانی کەم نەگرتنی هەڵوێستی ئازایانەو دادپەروەرانە بوو. بە هۆی دەرچوونی بڕیاری ئازایانەی دادگای بیرلینەوە بۆ یەکەمجار چاوەڕوانیی ئۆپوزیسیۆن‌و خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران هاتەدی. لە ڕوانگەی ئەوانەوە، بڕیاری دادگای بێرلین سەرەتایەك بوو بۆ هاتنە کایەی پێوەندی‌و ڕەفتارو هەڵوێستی نوێی دەوڵەتە ڕۆژئاوایی‌یەکان بەرامبەر بە ئێران. دڵگەرم بەو ریسوایی‌یەی بۆ ڕێژیمی ئێران لە ئاستی جیهانی‌دا پێك هاتبوو، خەڵکی ئێران بە تین‌و گوڕو گەشبینی‌و ئازایەتی‌یەکی زیاترەوە خەبات‌و بەربەرەکانی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی تیرۆریست‌و جینایەتکاری کۆماری ئیسلامییان بەرەوپێش برد. لە دوای دەرچوونی حوکمی دادگای بێرلینەوە بوو کە خەڵکی ئێران لە هەڵبژاردنی ٢ی جۆزەردانی ١٣٧٦دا "نا"یەکی ڕاشکاوانەیان بەو دەسەڵاتە گوت. دواتریش ڕووناکبیران‌و کەسایەتی‌یە سیاسی، فەرهەنگی‌و ڕۆژنامە نووسە ئازاکان، دەستیان کرد بە لەقاودانی جینایەت‌و ئینسانکوژی‌یەکانی دەزگای تیرۆرو جاسووسیی کۆماری ئیسلامی کە دادگای بێرلین پێشتر بەشێکی ئاشکرا کردبوو.

ئەگەر سەرنج بدەینە چارەنووسی ئەو بەشە لە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی کە لە ڕەوتی کاری دادگای بێرلین‌و پەروەندەی تیرۆری میکونووس‌دا، پەردە لەسەر ماهییەتی جینایەتکارانەیان لادرا، دروستیی ئەو حوکمەو زانیاری‌یەکانی پێوەندیدار بەو حوکمەمان بۆ دەردەکەوێ. هەموو ئەوانەی لە سۆنگەی پەروەندەی میکونووسەوە، ناویان هات‌و لەقاو دران، لەهەر دەرفەتێك‌دا کە بۆ خەڵك هاتە پێش، خەڵك دەستی ڕەدی بە سینگەوە نان، یان وەك ماکەی سەرەکیی تیرۆرو جینایەت‌و سەرکوت، ناویان کەوتە سەر زاری خەڵك‌و داوای موحاکەمەیان کرا. ئەو ریسوایی‌یەی لە هەڵبژاردنی مەجلیسی شەشەم‌دا بەسەر ڕەفسەنجانی هات، ئەو دروشمانەی لە خۆپیشاندانە خوێندکاری‌یەکان‌دا لە دژی خامەنەیی بەرز بوونەوە، ئیفشاگەری‌یە ئازایانەکان لە دژی فەللاحیان‌و هاودەستەکانی‌و خۆونکردن‌و لەبەرچاولاچوونی ـ هەرچەند ڕواڵەتیی ـ زۆر لەو کەسانەی لە ناوەندو دەزگاو دامەزراوەکانی پێکهێنەری ماشێنی تیرۆری کۆماری ئیسلامی‌دا مۆرەی سەرەکین، بەڵگەن بۆ ئەو ڕاستی‌یە کە حوکمی مێژوویی دادگای بیرلین، لەسەر بناغەی ڕاستی‌و حەقیقەت‌و دادپەروەری‌و شناختی ورد لە سیستەمی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی درا.

٧ ساڵ بەسەر دەرچوونی حوکمی دادگای بیرلین‌دا رابردوە، بەڵام ئەم حوکمە هەر وەك یەکێك لە وەکیلەکانی بنەماڵەی قوربانی‌یەکانی تیرۆری میکونووس گوتوویەتی، پێوەندیی بە رابردووە نیە، بەڵکوو بەشێك لە سەردەمیی ئێستایە. ئەم حوکمە بەزۆر هۆ، بۆ ئێستاش زیندووو موعتەبەرە. چونکە بیرەوەریی تیرۆری سەدان‌و هەزاران مرۆڤی ئازادیخواز بە هۆی کۆماری ئیسلامی‌یەوە، لە ویژدانی بەخەبەری ئینسانەکان لە ئێران‌و دەرەوەی ئێران‌دا بە زیندوویی ماوەتەوە. حوکمی مێژوویی دادگای بیرلین، بەشێکە لە واقعییەتی ئەمڕۆ سەردەمی ئێستا، چونکە ئەوانەی دادگای بیرلین وەك دەسەڵاتدارانی تیرۆریستی کۆماری ئیسلامی، ناساندنی، هەروا جڵەوی دەسەڵاتیان لە ئێران‌دا بەدەستەوەیەو، لەسەر کوشتنی موخالیفان‌و نەیارانیان، بەردەوامن. حوکمی مێژوویی دادگای بێرلین بەشێکە لە واقعییەتی ئەمڕۆ، چونکە دەوڵەتانی ئورووپایی تا ئێستاش بەگرتنەپێشی سیاسەت‌و هەڵوێستی سازشکارانە بەرامبەر بەو ڕێژیمە، هەروا پێشی تڕۆکرانی لە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی‌داو فڕێدرانی بۆ نێو زبڵدانی مێژوو لەلایەن خەڵکی وڵاتەکەمانەوە، دەگرن. حوکمی مێژوویی دادگای بێرلین لە ڕوانگەی خەڵکی ئێران‌و هەموو ئۆگرانی عەداڵەت‌و دادپەروەری‌و حەقیقەتەوە هەروا زیندووو موعتەبەرەو، دەبێ بکرێتە بناغەیەك بۆ لێکۆڵینەوەو بڕیاردان لەبارەی پەروەندەی تیرۆری دەیان کەسایەتیی ئازادیخوازی ئێرانی لە پێتەخت‌و شارەکانی ڕۆژئاوادا. دەبێ بکرێتە بناغە بۆ دادگایی‌کردنی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بەلەنێوبردنی هەزاران مرۆڤ کە لە بەندیخانەکان‌دا لەنێویان بردن، بە ڕۆژی ڕوون ڕفاندیان‌و بێ‌سەروشوێنیان کردن. ئەم حوکمە دەبێ وەك دادخوازی (کیفرخواست)ێکی موعتەبەر لە ڕادەی جیهانی‌دا، بۆ دادگایی کردنی خامەنەیی، ڕەفسەنجانی، فەلاحیان، ویلایەتی‌و دەیان‌و سەدان دەسەڵاتبەدەستی دوێنێ‌و ئەمڕۆی ئەو ڕێژیمە بەکار بهێنرێ کە هەر ئێستاش لەپەنا تیرۆرو تۆقاندن‌و دەمکوت کردن‌دا، بەسەر خەڵك‌و وڵاتی ئێران‌دا فەرمانڕەوایی دەکەن.

لە ٧ ساڵەی دەرچوونی حوکمی مێژوویی دادگای بیرلین‌دا، بەڕێزەوە یادی شەهیدانی کارەساتی میکونووس‌و هەموو قوربانی‌یەکانی دەستی تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی دەکەینەوە. لەگەڵ ناردنی هەزاران سڵاو بۆ ئەوانیش‌دا، سڵاو بۆ هەموو ئەو مرۆڤە ئەرکناس، هەقیقەتخوازو ئازاو دادپەروەرانە دەنێرین کە بێ سڵەمینەوە لە هیچ هەڕەشەو ترس‌و فشارێك، یارمەتییان بە ڕوونبوونەوەی حەقیقەت‌و بەڕێوەچوونی عەداڵەت کردو بوون بە هۆی دەرچوونی بڕیاری مێژوویی‌و ئازایانەی دادگای بیرلین.

❋ ❋ ❋

# شەهیدانی بێرلین، چراخانێ بەخوێن هەڵدەکەن

عیرفان رەهنموون

**شـەهیدانی بێـرلین، ئـەو رۆڵـە جوامێرو نەمرانەی نەتەوەکەمانن کە بە خوێنی گەشیان "بێرلین"یان کـردە چـراخان. ئـەو خوێنـە گەشـانەن کـە نـاهێڵن بـۆ سـاتێکیش کـاروانی سەوداسەرانی ئازادی، بێرێبوار بـێ، ئەو سروودە ئاگرینانەن کە هەرگیز لە رۆحـی کـورددا ئـاوا نـابن. ئـەوان ئـاوازێکی نـەمرن کـە گۆرانییـەکی ئەبەدی بۆ ئازادی‌و ئەڤین‌و بـەرخۆدان دەچڕن. ئەوان. . . کۆمەڵـە مرۆڤـێ بوون لە درەخت‌و پەپوولەو بە شەونمی ئازادی دەدوان‌و بۆ هەمیشە، باڵ لـە شێعر دەڕوێنن. شەهیدە کەڵەگەتەکان! ئێوە ئەو مانا قووڵەن کە لە تەك هەر چـوار وەرزدا، شانبەشـان بـەڕێوەن. بستەباڵاو دەروون نەخۆش‌و شۆڤینیست بوون ئەو تیرۆریستانەی کـە ڕێگایـان بـەخۆیان دا، دەسـتڕێژ بکـەن لـە گوڵجاڕی "میکونووس". میکونووس. . . ئەو ریستورانەیە کە بۆ هەمیشـە زایەڵـەی خـەبات‌و بانگـەوازی سەرفرازیتانی تێدا دەشەکێتەوە.**

دادگـای "میکونـووس" لـە کۆبوونـەوەی رۆژی ١٠ی ئـاوریلی ١٩٩٧داو لـە دووتـوێی بڕیـارێکی دادپەروەرانـەو بوێرانـەو مێـژووییدا، رێبەرانی کۆماری ئیسـلامیی ئێرانـی لـە بەرزترین ئاستی دەسەڵاتدارەتیدا بەتاوانی دەرکردنی فـەرمانی تـیرۆرو بـەڕێوەبردنی ئەو فەرمانە نامرۆڤانەیە تاوانبار کرد کـە بووە هۆی شەهیدبوونی هاوڕێی تێکۆشەرو بەبڕشت "کاك دوکتور سەعید"، رێبـەری ماندوویی‌نەناسـی حیزبـی دێمـوکراتی کوردستانی ئێـران‌و هاوڕێیـانی هەمیشـە زیندوو "کاك فەتتاح عەبدولی"، ئەندامی کۆمیتەی ناوەنـدی‌و نوێنـەری حیـزب لـە ئورووپـا و "کـاك هومـایوونی ئـەردەڵان، نوێنەری حیزب لە ئاڵمان‌و دۆستی نزیکـی حیزب‌و گەل "بەڕێز نووری دێهکوردی".

ئەو بڕیارە مێژووییە لـە زۆر گۆشـە نیگاوە شایانی سەرنج‌و لـێوردبوونەوەیە. چـونکە لـە لایەکـەوە ئـەو دادگایـە، دادگایـەکی ئاسـایی نـەبوو، لەلایـەکی دیکـەوە بکـوژانی دڵـڕەش‌و، تیرۆرکـراوە مەزنـەکانیش، مرۆڤگـەلێکی ئاسـایی نەبوون. تیرۆریستان کە پێکهاتبوون لە دوو نەتەوەی جیاواز ـ ئێرانی‌و لوبنانی ـ بەڵام چەترێکی ئیدئۆلۆژیکی هاوبەشی ترسـناك هـەردووکیانی کـۆ کردبـۆوەو بـەرەو ئـەو مەبەسـتە گـڵاوو نامرۆڤانەیـە راپێچـی کردبوون. ئەو ئیدئۆلۆژییەش چ نیە، جگە لە ئیـدئۆلۆژیی ئیسـلامی سیاسـی، ئـەو ئیدئۆلۆژییـەی کـە زۆر لووتبەرزانـەو بەناڕەوا، لافی ئەوە لـێدەدا کـە رەوایـی گوفتارو کردەکانی لـە چـەمکە لاهـوتی‌و ئاسمانی‌یەکانەوە وەردەگرێ. ئیدئۆلۆژییەك کە هـەوڵ دەدا هـەموو رەنگـەکانی ژیـان بسـڕێتەوەو رەنگـی رەش بەسـەر مـرۆڤو سروشـت‌و ژیـاندا بسـەپێنێ. لەلایـەکی دیکـەوە تیرۆرکـراوە ژیاندۆسـت‌و دڵپەپوولەیی‌یەکان، سەر بـە نەتەوەیـەکی بندەست بوون. ئەوان خـەباتیان بـۆ ئـەوە دەکرد کە رەنگە رەش‌و ژیانکوژەکان، بـاڵ بەسەر مرۆڤو سروشت‌و ژیـاندا نەکێشـن. ئەوان ئاوازێکی ئەهوورایی بوون کە لە ژێر دەسەڵاتی تاریکیدا، سروودێکی رەنگاورەنگیان بۆ سروشـت‌و ژیان‌و مرۆڤ دەچڕی.

بۆیـە دەتـوانین بێـژین کـە ئـەو دادگـا مێژووییـە، دادگاییکردنی تاریکی‌و شەوەزەنگی ئەنگوستەچـاو بـوو، بـە مەبەسـتی هـەڵهاتنی هـەتاوی هەقیقـەت. لـەو دادگـا دادپەروەرانەیەدا، نەتەوەی باڵادەست، تیرۆریزمـی دەوڵـەتی، ئیسلامی سیاسی، دادگایی‌و تاوانبارو سزایان بۆ بڕایەوەو رێز دانرا بۆ ئازادی، دێموکراسـی‌و خـەباتی هەقخوازانـەی گـەلی مافخوراوی کورد.

دوابەدوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی کارەساتی "میکونووس" رێژیمی کۆماری ئیسلامی، کەوتـە جوینـەوەی ئـەو سیاسـەتە ناسراوەی کە پاش تـیرۆرو شـەهیدکردنی رێبـەری لێهـاتووی نەتەوەکەمان "کاك دوکتـور قـاسملوو"و هاوڕێیـانی بـەکاری هێنـا. واتـە بڵاوکردنـەوەی پڕوپاگەنـدەی ژەهـراوی‌و بەلاڕێدابردنی بـیروڕای خـەڵکی جیهـان بەمەبەسـتی قامـك درێژنەکردن بەرەو کۆماری ئیسلامی. لێرەدا چەند نموونە لـەو هەوڵە نەزۆکانە وەبیر دێنینەوە:

ـ "وتەبێـژی وەزارەتـی دەرەوەی رێـژیم رایگەیانـد کـە ئەوانەی کۆماری ئیسـلامی لـەو رووداوەدا تاوانبـار دەکـەن، دوژمنی ئێرانن‌و، دەیانەوێ پێوەنـدیی ئێـران لەگـەڵ وڵاتـانی ئورووپاییدا ئاڵۆز بکەن." *

ـ رۆژنامـەی "کـەیهانی هـەوایی" چـاپی تـاران، ژمـارە ١٠٠٠، رێکەوتی چوارشەممە (٣٠ی سـێپتامبری ١٩٩٢) لـە زمان سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوی کوردی عێراقی کە ئەندامی یـەکێك لـە رێکخراوەکـانی کوردسـتانی عێراقـەو ناویشـی ناهێنـێ، نووسـیویەتی: "کـوژرانی دوکتـور "سـادق شەرەفکەندی"و هاوڕێکـانی بەدەسـتی جـەناحی موخـالیفی نێوخۆیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێـران کـە خوازیـاری جودابوونەوەی ئێرانن، رووی داوە." *


شەهید هومایون ئەردەڵڵان

ـ "عـەلی ئەکبـەر نـاتیق نـووری" سـەرۆکی ئـەوکاتی مەجلیسی ئێـران لـە کۆبوونـەوەی ئیمـام جومعـەکان (٢١ی سێپتامبری ١٩٩٢) رایگەیاند کە: "تـیرۆری دوکتـور سـادق شەرەفکەندی‌و رێبەرانی دیکەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەلایەن ئەمریکاوە بەرنامەڕێژی کراوەو بەڕێوەچووە، بۆ ئەوەی ئێران لە جیهاندا بێئیعتیبار بکـاو پێوەنـدی ئێـران‌و ئاڵمان تێك بدا." *

دوای شکستی ئاشکراو ریسوابوونی کۆمـاری ئیسـلامی لە بڵاوکردنەوەی ئەو پڕوپاگەندە ژەهراوییانەدا، رێژیم خۆی بۆ پەلەقاژەیەکی دیکە ئامـادە دەکـردو تـا ئەندازەیـەکیش لـە سەرکەوتووبوونی هەوڵەکانی لەو بوارەدا دڵنیابوو. ئەوەش بـۆ ئـەوە دەگەڕایـەوە کـە کۆمـاری ئیسـلامیی ئێـران، پـێش کارەساتی میکونووس بەدەیان تیرۆری دیکەی ئەنجام دابوون،و توانیبـووی خـۆی لـە چـنگی عەدالـەت رزگـار بکـاو لـەو دەغەڵبازییـەدا ئـەزموونێکی زۆری وەسـەریەك نـابوو،و دەسەڵاتبەدەسـتانی ئـەو رێژیمـە هـەرگیز پێشـبینی ئـەوەیان نەدەکرد کە دەستە بەهێزو بەشکۆکانی عەدالـەت بـەرۆکیان بگـرێ. بۆیـە هـەر دەسـتبەجێ دوای ئەنجامـدانی ئـەو جینایەتـە سامناکە، هەموو هێزی خۆیان چڕکردەوە کە بیروڕای خەڵکی جیهـان بەلاڕێدا بەرن. بۆیە سەرەتا لە ژێرەوە خـەریکی ساتوسـەودا لەگـەڵ دەوڵەتی ئەوکاتی ئاڵمان بوون تا لەو رێگایەوە پـێش بـە پێکهـاتنی دادگا بگرن. بەڵام سەربەخۆیی دادگای ئاڵمان‌و رابردووی چەند سـەد ساڵەی سەربەخۆیی دادگا لە دەزگای بەڕێوەبەریی "قوەی موجریە"و بوێری‌و مافخوازیی دادستان، هەنگاوەکانی رێژیمیان لەو پێوەندییەدا شـل کـردەوە. بـەڕێز کـاك سـەلامی عـەزیزی لـەو پێوەندییـەدا نووسیویەتی:

"دەزگـای قـەزایی بـێ لەبەرچـاوگرتنی مەسـایلی سیاسـی‌و ئابووری‌و دیپلۆماسی بۆ نیشاندانی راسـتی‌و عەدالـەت، کارەکـانی خۆی درێژە پێ دا. لـە نێـوان دادسـتان‌و ئاغـای "ئیشـمیت بـاور" وەزیری موشاویری "صدراعظم" بۆ کاروباری ئەمنییـەتی دا لەسـەر



مەسـەلەی "میکونـووس" نـاکۆکی پەیـدا بـوو. بـیروڕای گشـتیی خەڵکی ئاڵمان‌و دەزگـا راگەیەنـە گشـتی‌یەکان مـوافیقی بۆچـوونی دادستان بوون‌و پەیتا پەیتا ئەسنادو بەڵگەی "میکونووس"یان بڵاو دەکردەوە کە نەخشی راسـتەوخۆی کۆمـاری ئیسـلامیی ئێـران لـە پیلانەکەدا زیاتر نیشان دەدا. بە نووسرانی ئیددیعانامەی دادستانی، پەروەندە تەکمیل‌و ئامادەی ناردن بۆ دادگای جینایی بێرلین بوو."

لە بڕیاری کۆتایی دادگای میکونووس‌دا چەند خاڵی سـەرەکی، جەختیان لەسەر کراوەو بە ئاشکرا پەردە لەسەر تیرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی هەڵ دەدەنەوە. بـەڕێز کـاك سـەلام عـەزیزی لـە "سەفەری بێگەڕانـەوە ـ لاپـەڕەکانی ١٩١ ـ ١٩٢"دا ئامـاژە بـە گرنگترینیان دەکا کە بریتین لە:

١ـ لە کۆماری ئیسلامی‌دا ئۆرگانێکی غەیرە قانوونی‌و خـاریج لە قانوونی ئەساسی بەناوی "شورای عملیات ویژە" پێك هاتوە کـە رێبـەری شـۆڕش، سـەرکۆمار، وەزیـری واواك، وەزیـری دەرەوە، فەرمانـدەی سـوپای پاسـداران ئەنـدامی ئەسـڵی ئـەو شـوورایەن. بەرپرسایەتیی ئەو شوورایە رێبەریی شۆڕشی ئێرانە.

٢ـ هیچ کردەوەیەکی تیرۆریستی‌و کوشتنی ئەفراد لـە دەرەوەی ئێران بێ پەسندکردن‌و بڕیاری ئەو شوورایە بەڕێوە ناچێ.

٣ـ تیرۆری میکونووس راستەوخۆ لەلایەن ئەو شوورایەوە پەسند کراوەو بڕیاری لەسەر دراوەو بەڕێوەچووە.

٤ـ ئەو تاوانبارانـەی کـە بـە زینـدان مـەحکووم کـراون، وەك داردەسـت‌و عـامیلی ئیجرایـی بـە حیسـاب هـاتوون‌و تاوانبـارانی ئەسڵی، رێبەرانی هەرە بەرزی کۆماری ئیسلامین.

٥ـ تیرۆری دوکتور قاسملوو هاوڕێیانی لە ساڵی ١٩٨٩دا لـە ڤییەن بە دەستووری حکوومەتی ئێران ئەنجام دراوە.

دەستنیشانکردنی ئەو خاڵانە لە حوکمی دادگای میکونـووس‌دا راست مانای ئەوەیە کە تیرۆری ئـەفرادی ئۆپۆزیسـیۆنی ئێرانـی لـە دەرەوە، لەلایەن حکوومەتی ئێرانـەوە ئـەنجام دەدرێ. کـەوابوو ئـەو حکوومەتـە تیرۆریسـت‌و جینایـەتکارەو "مقولـە"ی تیرۆریزمـی دەوڵەتی لە پێوەندی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی‌دا بە تەواوی راسـتەو پڕبە پێستی خۆیەتی.

دوای دەرچـوونی بڕیـاری مێـژوویی دادگـای میکونـووس‌و ریسوابوونی کۆماری ئیسلامی لە ئاستی نێونەتەوەییدا، رێژیمی خـوێن‌و جینایـەت زۆر بێشەرمانە جاش‌و خۆفرۆش‌و پاسدارو بەسیجی‌یەکانی لە شارەکانی کوردسـتان کۆکردەوە، بە مەبەستی دەربڕینی ناڕەزایی دژی ئەو ئەنجامانەی کە لە دادگای میکونووس کەوتنـەوە. بـەڵام خـەڵکی ئـازادیخوازی کوردستان نەتەنیا دەستی رەتیان بە سینگی کورد کوژانەوە نا، بەڵکوو بە بڵاوکردنەوەی شـیرینی‌و پیرۆزبـاییکردن لـە یـەکتر، خۆشـحاڵیی خۆیـان لـە ریسـوابوونی رێـژیم‌و دادگاییکرانی بکوژانی رێبەرانی نەتەوەکەیان دەربڕی.

کۆماری ئیسلامیی ئێران کە لە خەڵکی شۆڕشگێڕی کوردستان نائومێد ببوو، بـەو پەڕی رووهەڵماڵراوی‌یەوە پەنای بردە بەر نوێنەرانی داسەپاوو بـەناو کـوردی مەجلیسـی پێنجەم تا دەهۆڵی ریسوابوونی بگاتە گوێی دنیا. ١٥ کـەس لـەو بـەناو نوێنەرانـە بـۆ سەلماندنی کوردنەبوونی خۆیـان نامەیـەکیان بـۆ ئاغاکـەیان ـ عـەلی ئەکبـەر هـاشمیی رەفسەنجانی ـ ناردو بێشەرمانە بڕیـاری دادگـای میکونووسیان مـەحکووم کـردو بـە دادگایەکی سیاسی‌و ناعادیلانەیان لە قەڵەم داو بەدەستی خۆیـان بەڵگـەی خیانـەتێکی مێژوویی‌و نەتەوەیی‌یان ئیمزا کردو نەفرەت‌و بێزاریی کۆمـەڵانی خـەڵکی کوردستـانیان بۆخۆیان کڕی.

## بێرلین بۆ جاری دووهەم، تاران شەرمەزار دەکاتەوە

بە مەبەستی رێزدانان بۆ یادو بیرەوەریی رێبـوارانی رێگـای ئـازادی، دێموکراسـی‌و مافە زەوتکراوەکانی نەتەوەی کورد، بڕیاربوو رۆژی چوارشەممە رێکـەوتی ٣١ی مارسـی ٢٠٠٤، پەردە لەسەر تابلۆی بیرەوەریی قوربانییانی تیرۆری میکونـووس (کـاك دوکتـور سەعیدو هاوڕێیانی)، لەشاری بێرلین پایتەختی وڵاتی ئاڵمان، لابدرێ، بەڵام لەبەر هەندێ هۆ کە پێوەندی بە کارشکێنی‌یەکانی رێژیمی تیرۆریستی کۆماری ئیسلامی‌یەوە هەبوو، بۆ رۆژی ٢٠ی ئاوریلی ٢٠٠٤ وەدواخرا. شایانی باسە بڕیارە لە رێورەسمی پەردەلادان لەسەر ئەو پەیکەرە، "هانس یواخیم ئیرك" لەلایەن دادگای میکونووس‌و بـەڕێز دوکتـور مـیرۆ عەلیار، بە نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وتار بخوێننـەوە. کۆمـاری ئیسلامیی ئێران کە هەوڵێکی زۆری دا پێش بە پێکهاتنی دادگای بێرلین بگرێ یان هـەر نەبێ بەلاڕێیدا بەرێ، دوای شکستی ئاشکرای لەو هەوڵە نەزۆکانەدا، بە تـەواوی هێـزو توانـاوە تێدەکۆشێ لە هەر رێگایەکەوە بۆی بکرێ، پێش بە دانانی ئەو تـابلۆ مانـادارو بەنرخە بگرێ. شارەداری کۆنەپەرستی تاران، بڕیاری ئەم دواییانەی شارەداری بێرلینی بۆ دانانی تابلۆی بیرەوەریی تیرۆری میکونووس، بە هەوڵی بۆ سووکایەتیکردن بە کۆمـاری ئیسلامی لە قەڵەم داو بە ناردنی نامەیەك بۆ شارەداری بێـرلین، ئاگـاداری کـردەوە کـە "شارەداری بێرلین دەبێ خۆی بپارێزێ لە هەر چەشنە هەوڵێ بەمەبەستی سووکایەتیکردن بە کۆماری ئیسلامیی ئێران." ناوبراو لە نامەکـەیدا هەڕەشـەی لـە شـارەداری بێـرلین کردوە کە "ئەم هەنگاوە بێوەڵام نامێنێتەوە".


شەهید فەتتاح عەبدولی

بەگوێرەی هـەواڵی رۆژنامـە ئاڵمانی‌یەکان "بێرلینەر رتیونگ، بێرلینەر مۆرگن پۆست"، بـەڕێز "کلاوز ڤۆڤە رایت"، شـارەداری گشتیی بێرلین، وەڵامی شارەداری تارانی داوەتەوەو رایگەیاندوە کە "ئەو نایهەوێ پێش بە پەردەلادان لـە تـابلۆی بیرەوەریـی قوربانیـیـەکانی تـیرۆری میکونـووس لـە سـاڵی ١٩٩٢دا بگـرێ". بـەڕێز "رایـت" لـە بەشێکی دیکەی نامەکـەیدا بـۆ شـارەداری تـاران، ئامـاژە بـەوە دەکـا کـە "ئـەو لـە رووی سیاسی‌یەوە ناتوانێ دەست بخاتە نێو بڕیاری پارلمانێك کە بەشێوەی ئـازادو دێموکراتیـك هەڵبژێراوەو ناتوانێ سەربەخۆیی پارلمانی ناوچەیی پێشێل بکا."

ئێـستا دوای تێپـەڕینی ٧ سـاڵ بەسـەر بڕیـارە مێژوویی‌یەکـەی دادگای بێـرلین (میکونووس)دا، هاوکێشە سیاسی‌یەکان لەهەر سێ ئاسـتی نێونەتـەوەیی، ناوچـەیی‌و نێوخۆییدا وەرچەرخانێکی مەزنیان بەخۆوە دیـوەو ناوچـەی رۆژهـەڵاتی نێوەڕاسـت لـە کردەوەدا بۆتە گۆڕەپانی سەرەکیی شەڕی جیهانیی دژە تیرۆرو پێدەچێ لە داهاتوویـەکی نەزۆر دووردا، گەردەلوولی بە تەوژمی دێموکراتیزاسیۆن بـەرەو ئێـرانیش بێتـەوە. بۆیـە بڕیاری کۆتایی دادگای بێرلین لە رووی سیاسی‌یەوە، گرنگی‌یەکی زێدەتری پەیدا کردوە لە بەراورد لەتەك ساڵی ١٩٩٧دا، واتە ساڵی دەرچوونی بڕیاری کۆتایی دادگـای مێـژوویی میکونووس.

پاش تێپـەڕینی نزیـك بـە دوازدە سـاڵ لـە شـەهیدبوونی ئـەو رێبـەرە مەزنانـەی نەتەوەکەمان، سڵاو دەنێرین بـۆ گیـانی پاکیـان‌و پـەیمان نـوێ دەکەینـەوە کـە تاسـەر درێژەدەری رێگای سەوزیان بین.

❊❊❊

سەرچاوە:

(*) کتێبی "سەفەری بێگەڕانـەوە"، نووسـینی تێکۆشـەری نـەمر، کـاك سـەلام عەزیزی ـ لاپەڕەکانی ٢٨، ٣٨، ٣٩، ١٩١، ١٩٢

❊❊❊

# وەبیرهێنانەوەی شەڕێکی نەخوازراو بۆ مەبەستێکی خێر

ب. هانا

٣١ی خاکەلێوەی ئەمساڵ ٢٥ ساڵ بەسەر پیلانێکدا رادەبرێ کە بووە هۆی هەڵگیرسانی شەڕێکی خوێناوی لە نەغەدەو رووداوێکی زۆر تاڵی لە پێوەندیی برایانەی نێوان رۆڵەکانی دوو گەلی کوردو ئازەری زمانی لەو شارەدا لێکەوتەوە.

لە ٣١ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٥٨دا میتینگی سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە ستادیۆمی وەرزشیی شاری نەغەدە کە بە مەبەستی پێداگرتنەوە لەسەر پێوەندیی برایانەی نێوان دوو گەلی کوردو ئازەربایجانیو پێویستیی پتەوکردنی ئەو پێوەندییە پیرۆزو لەمێژینەیەو، بەبەشداریی دانیشتووانی کوردو ئازەریی ئەو شارەو ناوچەکانی دەوروبەری پێک هاتبوو، لەچەند لاوە کەوتە بەردەسڕێژ. تەقەکردن لەو میتینگە کە بە پێی بەرنامەی لەپێشدا دارێژراوو لەلایەن چەند مۆرەیەکی بەدناوی حکوومەتی پاشایەتیو دەمڕاستی رێژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو لەو شارە رێک خرابوو، بوو بە هۆی داسەپانی شەڕێکی نەخوازراو بەسەر رۆڵەکانی دوو گەلی براو هاوزنجیری ئازەربایجانیو کورددا، کە هەتا رۆژی ٣ی بانەمەڕ درێژەی هەبوو. لە ئاکامی ئەو شەڕە چەپەڵەدا سەدان کەس ژنو منداڵو پیرو پەککەوتەی کورد بە دەستی پاشماوەکانی رێژیمی پێشووو بەکرێگیراوانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی کوژرانو بریندار بوون. زۆربەی هەرە زۆری دانیشتووانی کوردی نەغەدە لە شاری خۆیان هەڵقەندرانو ئاوارەی شارو گوندەکانی دەوروبەر بوون. چەندین کەسی بێتاوان لە دانیشتووانی ئازەری زمانی ئەو شارەو گوندەکانی دەوروبەریش پڕیشکی ئاگری ئەو شەڕەیان گەیشتیو کوژرانو بریندار بوون. لەمانەش ناخۆشتر زیانێکی گەورە بە پێوەندیی برایانەو لەمێژینەی رۆڵەکانی دوو گەلی کوردو ئازەربایجانی لەو ناوچەیە گەیشت. دەمڕاستەکانو دەسەڵاتدارانی رێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی کە بۆخۆیان نەخشێکی بنەڕەتییان لە هەڵگیرساندنو قووڵ کردنەوەی ئەو شەڕەدا هەبوو، لە ئاکامە زیانبارەکانی ئەو شەڕەو کەلێنی پێکهاتوو لە بەینی رۆڵەکانی کوردو ئازەربایجانیدا بە قازانجی مەبەستە چەپەڵەکانی خۆیان کەڵکیان وەرگرت. ئەوان بەدنەدانی هەستی نەتەوەییو ئایینیی ئازەری زمانەکان لەو ناوچەیەو ناوچەکانی دیکەدا کەلەمێژساڵ بوو پێکەوە بە تەباییو برایەتی دەژیان، هێزێکی زۆریان بۆ سەرکوتو پەلاماربردنە سەر کوردەکانو بزووتنەوەی هەقخوازانەی ئەوان کۆکردەوەو لە ژێر پشتیوانیی ئەرتەشو هێزە چەکدارە تازە پێکهاتووەکاندا، سەدان کەس لە دانیشتووانی گوندەکانی کوردستانیان لە سندووس، لاجان، شارویران، شامات، ناوچەکانی مەهاباد، میاندواو، تیکابو بۆکان، بە دەستی ئازەری زمانەکان قەڵاچۆکرد.

شەڕی خوێناویی ٣١ی خاکەلێوەی نەغەدە، بەبۆنەی تێپەڕینی چارەکە چەرخێک بەسەریدا، رەنگە لەبیر زۆرکەس چووبێتەوەو کەلێنێکیش کە لە سۆنگەی ئەو شەڕەدا لە بەینی رۆڵەکانی دوو گەلی کوردو ئازەربایجانیدا دروست بوو، بەهۆی تێپەڕینی زەمانو روونبوونەوەی راستییەکان، بەخۆشییەوە بەرەو تەواوبوون رۆیشتوەو، جێگای خۆی داوە بە فەسڵێکی تازە لە برایەتیو هاوپێوەندی. هەر لەجێشدا وەبیرهێنانەوەی ئەو شەڕە ئەگەر بۆ کولاندنەوەی برینەکانو پەرەپێدانی گومانو بەدبینی لە نێوان ئەو دوو گەلەو کەڵکی خراپ وەرگرتن لە هەستی نەتەوەییو ئایینیی ئەوان بۆ لە بەرامبەر یەکتر راگرتنیان دا بێ، مەحکوومە. بەڵام یادکردنەوەی ئەو شەڕە چەپەڵە ئەگەر بە مەبەستی روونکردنەوەی راستییەکانو دەرس لێوەرگرتنو پێشگیری لە دووپاتبوونەوەی هەر رووداوێکی ناخۆش لە نێوان رۆڵەکانی گەلە جیاوازەکانی ئێران بە تایبەتی کوردو ئازەربایجانی لە داهاتوودا بێ، شتێکی زۆر پێویستو بەجێیە. بەتایبەتی کە لە لایەکەوە ئەم رووداوە زۆر بە کەمی لەلایەن لایەنە پێوەندیدارەکانەوە کەوتۆتە بەرباسو لێکۆڵینەوە. ئەوەندەی من ئاگادار بم جگە لە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کە چەند جارێک، ئەویش بۆ مەبەستی خێر، یادی کردۆتەوە، تەنیا هێندێک کاربەدەستی کۆماری ئیسلامی بۆ وێنە "جەلایی پوور" لە وتوویژو نووسینەکانیاندا، ئاوڕیان لەو شەڕە داوەتەوە. لەو ئاوڕدانانەوەشیاندا ئەوەی مەبەستیان نەبووبێ، روونکردنەوەی راستییەکان بووە. ئەوان بەو هۆیەوە کە بەرپرسایەتیی راستەوخۆیان لە جێبەجێکردنو بەرەوپێشبردنی سیاسەتو پیلانەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستاندا هەبووە، هەموو هەوڵیان ئەوە بووە پاکانە بۆ رێژیمو هاودەستەکانی لە ناوچەدا بکەنو، حیزبی دیموکراتو بزووتنەوەی هەقخوازانەی کوردستان تاوانبار بکەن. تیشک خستنە سەر رووداوەکانی رابردوو کە پێوەندییان بە دراوسێیەتیی دوو گەلەوە یا سەرجەمی گەلانی ئێرانەوە هەیە، لەو بارەشەوە گرنگە کە ئەوان لە داهاتووشدا بە حوکمی مێژووو زۆر هۆکاری دیکە، ناچارن پێکەوە بژینو بە هاوکاریو هاوخەباتیی یەکتر دەبێ بناغەی وڵاتە هاوبەشەکەیان دابمەزرێنن. ئەگەر بە چاوی رەخنەگرانەو بە دوور لە دەمارگرژی، رووداوو کارەساتەکانی رابردوو لە لایەن هێزو لایەنو کەسایەتییە بەرپرسەکانی نەتەوەکانی پێکهێنەری ئێرانەوە هەڵ نەسەنگێنرێن، ئەگەر سیاسەتو هەڵوێستو بڕیارە ئوسوولیو بەرپرسانەو پێشکەوتنخوازەکان لە کاتو قۆناغە ئەستەمەکاندا وەبەرچاو نەگیرێنو دەست تێکەڵاوکردنی ئاگایانەو نائاگایانەی کەسانێک لەم یا ئەو گەلو نەتەوە لەگەڵ رێژیمی دیکتاتۆرو کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی لە دژی گەلێکی دیکەو خەباتە هەقخوازانەکەی یا بۆ دروستکردنی شەڕو ناکۆکی قەومی، بە توندی رەخنەی لێ نەگیرێ، دۆزینەوەی بناغەیەکی تازە بۆ هاوکاری، هاوپێوەندیو هاوخەباتی، بەکردەوە مسۆگەر نابێ.

لە بارەی شەڕی نەغەدەو کوشتاری کوردەکان لەو شارەو زۆر گوندو ناوچەی کوردستانەوە کە کۆماری ئیسلامی بە پیلانگێڕیی بەکرێگیراوانی خۆیو بەدنەدانی هەستی نەتەوەییو ئایینیی هێندێک لە ئازەری زمانەکان ئەنجامی داون، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەمیشە دەسەڵاتدارانو بەڕێوەبەرانی کۆماری ئیسلامیی بە تاوانبارو عامیلی سەرەکی زانیوە. چونکە جگە لەوەی ئەو دوو گەلە رابردوویەکی درێژیان لە پێوەندیی برایانەو هاوخەباتی بە تایبەتی لە سەردەمی دوو حکوومەتی میللیی ئازەربایجانو کۆماری کوردستاندا هەبووە، ئەو ویستو داخوازانەش کە حیزبی دێموکراتو رێکخراوە سیاسییەکانو خەڵکی کوردستان بە دوای رووخانی رێژیمی پاشایەتیدا هێنایاننەگۆڕێ، هیچیان لە دژایەتی لەگەڵ مافو ئازادییەکانی خوشکو برا ئازەربایجانییەکان دا نەبوون. بە پێچەوانەوە، حیزبی دێموکراتو بزووتنەوەی کوردستان هەمیشە داواکارو پشتیوانی دابین بوونی مافە نەتەوایەتییەکانی هەموو گەلانی بندەستی ئێرانو یەک لەوان ئازەربایجانییەکان بوون. بەڵگەیەکی بەهێزی دیکە بۆ راستیو دروستیی ئیددیعای حیزبی دێموکرات لە بارەی بێزار بوونی لە هەڵگیرسانی شەڕی نێوان کوردو ئازەری ئەوەیە، لە حاڵێکدا پیلانەکە لە دژی میتینگی ئاشتیخوازانەی حیزبی دێموکرات رێک خرابووو سەرەڕای ئەوەی ئەرتەشی کۆماری ئیسلامی بە پشتیوانی لە شەڕ هەڵایسێنانو بە دژی کوردەکان هاتبووە نێو رووداوەکەو، ئاخوند حەسەنی دەمڕاستی سەرەکیی رێژیم لە ئازەربایجانی رۆژئاوا، چی لە توانای دا هەبوو بۆ کوشتاری کوردەکان وەکاری خستبوو، "ئەو حیزبە ئەوپەڕی نیازپاکیی خۆی نیشان داو توانی لە رۆژی ٢ی بانەمەڕدا ئاگربەس رابگەیەنێو بۆ رۆژی دواتر بە یەکجاری کۆتایی بە شەڕەکە بێنێ".[1] سەرەڕای هەموو ئەو راستییانەش، حیزبی دێموکرات لە وەبیرهێنانەوەی ئەو رووداوەدا، بە بۆنەی وەبەرچاونەگرتنی حەساسیەتە قەومیو ئایینییەکانی دانیشتووانی ئازەری زمانی ئەو شارەو پێکهێنانی میتینگێکی گەورە لەو شارە بێ حیسێب کردن بۆ ناسک بوونی هەلومەرجی ئەوکاتی شاری نەغەدە بەم چەشنە رەخنەی لەخۆی گرتوە:

"گومان لەوەدا نیە کە هەروەک گوترا ئەو شەڕە ئاکامی پیلانێکی چەپەڵی پاشماوەکانی رێژیمی شاو بەکرێگیراوانی رێژیمی ئیسلامی دژی خەڵکی کوردستانو حیزبی دێموکرات بوو. بەڵام بە هیچ جۆر دروست نیە لێرەدا حیزبی دێموکراتی کوردستانیش بێخەتا لەقەڵەم بدرێ. راستییەکەی ئەوەیە کە دوور بوونی رێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات بۆ ماوەی دەیان ساڵ لە وڵاتو هێندێک هەستی دەتوانم بڵێم منداڵانەی بەرپرسانی ناوچەی نەغەدە بوونە مایەی ئەوەی حیزبی دێموکرات لە ناسک بوونی هەلومەرجی ئەو شارە حاڵی نەبێو تێنەگا کە پێکهاتنی میتینگێکی دەیان هەزار کەسی ـ کە بەشێکی زۆریشیان چەکدار بوون ـ دەتوانێ چ کارەساتێکی دڵتەزێنی بەدواوە بێ".[2]

ئێستا کە ٢٥ ساڵ لەو رووداوە تاڵە رادەبرێ، جێگای خۆشحاڵییە کە نێوەرۆکی راستەقینەی کۆماری ئیسلامی بۆ خوشکو برا ئازەری زمانەکانیش بە تەواوی روون بۆتەوەو، شانبەشانی پەرەگرتنی بێزاری لەو رێژیمە هەوڵو تێکۆشانێکی بەرچاو بە تایبەتی لە نێو رووناکبیرانو کەسایەتییە فەرهەنگییەکانی ئازەربایجانیدا، بۆ هێنانەگۆڕی ویستو داخوازە نەتەوەییەکانیان، دەستی پێکردوە. بێگومان رێکخراوو کۆمەڵەو ناوەندە فەرهەنگیو رووناکبیرییەکانی ئازەربایجانو کەسایەتی دێموکرات، ئازادیخوازو نەتەوە پەروەرەکانی ئەو گەلە، لە هەموو کەس باشتر دەتوانن شاهیدی بۆ نیاز پاکیی کوردەکان بە گشتیو سیاسەتو هەڵوێستە ئوسوولیو دروستەکانی حیزبی دێموکرات بە تایبەتی، بە پشتیوانی لە خەباتو ویستو داخوازە نەتەوەییەکانی ئەو گەلە، بدەن. چاوەڕوانیی ناسێندرانی عامیلانی زۆر کارەساتی خوێناویی وەک شەڕی نەغەدە، قارنێ، ئیندرقاش، قەرەگۆڵو سەوزیو سەرچنار، حەسەن لۆلانو، دروستبوونی کەلێن لە پێوەندیی کوردو ئازەربایجانیدا لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە، شتێکی بێجێیە. چونکە هەروەک گوترا ئەو رێژیمە بۆخۆی بەرپرسو تاوانباری سەرەکیی هەموو ئەو جینایەتانەیە. بەڵام زۆر بەجێیە کە رووناکبیران، ئازادیخوازانو تێکۆشەرانی ئازەربایجانی بە چاوێکی رەخنەگرانەوە ئاوڕ لەو رووداوە تاڵو ناخۆشانە بدەنەوەو ئەو کەسانە لەقاو بدەن کە یا بە دنەدانی دەمارگرژیو کەڵک وەرگرتنی خراپ لە هەستی نەتەوەییو ئایینیی ئازەرییەکان، بە پەرەپێدانی فەرقوجیاوازی لە دژی کوردەکان لەو شوێنانە کە کوردو ئازەری پێکەوە دەژین، بۆ ماوەی زیاتر لە دوو دەیە خزمەتیان بە مەبەستە چەپەڵەکانی کۆماری ئیسلامی کردوە.

ئەزموون وەرگرتن لە رابردوو لەلایەکو لەلایەکی دیکەوە هاوکاریو هاوخەباتیی نێوان رۆڵەکانی دوو گەلی کوردو ئازەربایجانیو هەموو گەلانی ئێران بە مەبەستی هێنانە سەرکاری رێژیمێکی دیموکراتیکو فیدراڵ کە شانبەشانی ئازادییەکانی هەموو هاونیشتمانان، مافەنەتەوایەتییەکانی گەلانی بندەستی ئێرانیش دابین بکا، دەتوانێ هەم رووداوە ناخۆشو نەخوازراوەکان لەبیربەرێتەوەو پێشی دووپاتبوونەوەیان بگرێ، هەم باشترن بناغە بۆ هاوژیانیی گەلانی ئێران لە داهاتوودا، بێنێتە کایەوە.

سەرچاوەکان:

١) "کوردستان" ئورگانی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران)، ژمارە ١٤٩ خاکەلیوەی ١٣٦٨، وتاری "یادێک لە شەڕی نەغەدە"

٢) "نیوسەدە تێکۆشان" (ئاوڕێک لە رابردووی خەباتو تێکۆشانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، عەبدوڵڵا حەسەن زادە، بەرگی یەکەم ـ چاپی یەکەم، فەسڵی سێهەم، شەڕی نەغەدە، لاپەڕی ١٥٠

❊❊❊

# کوردو رەوتێکی جیاوازی ناسیونالیستی

مەحموود شێرزاد

دوای راپەڕینی ١٩٩١ی گەلی کوردی کوردستانی عێراقو بە دەستەبەربوونی بەشێک لە مافە رەواو ئینسانییەکانیو بە سەقامگیربوونی دەسەڵاتێکی خۆماڵی، لەراستیداو لە روانگەی هەموو بەشەکانی دیکەی کوردستانەوە لەلایەک بوو بە ناوەندێکی کوردایەتی هێوابەخشو لە لایەکی دیکەشەوە لە پەنا خەباتی بەردەوامی حیزبو لایەنە سیاسییەکانی پارچەکانی دیکە، تا ئێستاش لە رێگەی راگەیەنو بڵاوکراوەو. . . رۆڵی توخمێکی چالاک دەگێڕێ لە پێوەندی لەگەڵ وشیاریی سیاسی ـ نەتەوەییدا. لێرەوە دەکرێ بڵێین خەباتی سیاسی ـ نەتەوەییو بە گشتی ناسیونالیزمی کوردی لە ژێر کاریگەریی سەرجەم هەڵسووکەوتو دەرئەنجامەکانی بە تایبەت ئەو ناوەندەوە پێ دەنێتە قۆناغێکی جیاوازەوە، واتە وەک توخمێکی چالاک ئاراستەی بەشێکی زۆر لە ناسیونالیزمی کوردی دەستکاری دەکا، بە جۆرێک کە کۆمەڵێک تایبەتمەندیو فۆڕمی نوێی پێ دەبەخشێ، بەو مانایە ناسیونالیزمێکی جیاواز کە لەسەر شانی رابردوو راوەستاوە، دیهەوێ ئێستا بکات بە بنەمای داهاتوویەکی ئاوەدان. هەربۆیەش گەلی کورد لە گەڵ ئەوە لەو ماوەیەدا وشیارانەتر هەستی بە هیواو هومێدێک کردوە، وشیارانەتریش ئەو مافەی بە خۆی داوە بە گومانەوە سەیری ئەو دۆخە هەستیارە بکاو نیگەرانیی لەوە هەبێ کە نەکا لەلایەن دراوسێیەکانو دوژمنانەوە ئەو دەسەڵاتە تووشی قەیرانێک بکرێ یا بە پێچەوانەوە خۆی تووشی قەیرانێک بکاو ئەو ئەزموونە لە دەست بدا بە جۆرێک دیسان بگەڕێتەوە سەر هێڵی خولانەوە بە دەوری بازنەی مێژوویەکی چەندپاتەی پڕ لە هەورازو نشێوو تراژیدیو وێرانیدا. ئەوەش نیشانەی ئەوەیە کە کورد خۆی سەر بە یەک خاکو یەک نەتەوە دەزانێ هەر بۆیەش زۆر سروشتییە سەرجەم جموجۆڵەکانی ئەو بەشە رزگارکراوە کاریگەری راستەخۆو بەرچاویان هەبێ لەسەر هەستو نەستی مرۆڤی کورد لە هەموو بەشەکانی دیکەی کوردستاندا.

بۆ وێنە دەسکەوتەکانی راپەڕینو دوای راپەڕین دەبنە هۆی ئەوەکە خۆشییەکی کوردانەی بەرچاو دڵو دەروونی ئەو نەتەوەیە دابگرێ، واتە هیواو گڕوتینێک لەسەر بنەمای ئێمەش مافی ژیانمان هەیە، دەبێ خاوەنی خۆمانو نیشتمانی خۆمانو دەبێ باوەڕمان بە خۆمان هەبێ بە مرۆڤی کورد دەبەخشێ، بەو مانایە کورد ناچار دەکا لە بەراورد لەگەڵ رابردوودا هێندێ قووڵتر بیر لە خۆیو هەڵکەوتی نەتەوەیی خۆی بکاتەوەو لە درێژەی ئەو رەوتەدا پیشڕەوی بکا. بەڵام کاتێ ناسیونالیزمی کوردی لەسەر ئاستی بزووتنەوە لەو بەشەدا، مێژووی کۆنو برینی کارەساتەکانی چەند هەناسە لەوەپێشی وەک ئەنفالو کیمیبارانو کۆڕەوە میلیۆنییەکەی نەورۆزی ساڵی ١٩٩١ فەرامۆش دەکاو بەبێ گوێدان بە بەرژەوەندیی نەتەوەییو هەستیاریی بارودۆخەکە شەڕی براکوژی دەست پێدەکا، ناسیونالیزمی کوردی بە گشتی جارێکی دیکە خۆی لەناو ئۆقیانووسێک لە ناهومێدیدا دەدۆزێتەوە، واتە جارێکی دیکە دەکەوێتەوە بەر پەلاماری هەڕەشەیەکی ترسناک، هەڕەشەیەک کە خۆی بواری سەرهەڵدانی پێداوە، ئەویش ئەوەیە کە رەنگە ئەو ئیرادە کەمەی کە دوای خەباتێکی دوورو درێژی پڕ لە رووداوو کارەساتی دڵتەزێنو خوێناوی توانیویەتی بگەڕێنێتەوە سەر ئیرادە سەرکوتکراوو لێزەوت کراوە نەتەوەییەکەی لە دەستی بداو بۆ جارێکی دیکە تووشی گریمانی خۆ بە کەم گرتنی نەتەوەییو کۆی ئەو بارودۆخە نالەبارانەی بکاتەوە کە لە رابردوودا هەیبووە، هەر بۆیەش لێرەوە کورد دوای ئازادیی بەشێک لە نیشتمانەکەی بەو هۆیەوە بڕوایەکی وای بە خۆی نامێنێو بێزاری ناچاری دەکا بیر لە کۆچو جێهێشتنی ئەو نیشتمانە بکاتەوە، هەرچەندە کۆچ کردن بە شێوەیەکی جیددی وەک پرۆسەیەکە لە کۆتایی دەیەی ٦٠ی هەتاوییەوە سەرجەم کوردستانی داگرتبوو، بەڵام لەو بەشە رزگارکراوەدا پرۆسەکە جیددیتر بەرچاو دەکەوێ. پرۆسەی کۆچ کردن یەکێکی دیکە لەو هۆکارە ئەرێنییانەیە کە نەقورچکێک لە ناسیونالیزمی کوردی دەگرێو بە شێوەیەکی کەم وێنە وریای دەکاتەوە، واتە ناسیونالیزمی کوردی دەباتە قۆناغێکی نوێترەوە، ئەویش ئەوەیە کە خۆی بەراورد دەکا لەگەڵ نەتەوەو وڵاتانی دیکەی جیهاندا. کەوابوو ناسیونالیزمی کوردی تا ئەوکاتە بە شێوەیەکی جیددیتر بیری لە خۆی نەکردبۆوە، روانگەی رەخنەگرانەی لە سەرخۆی نەبوو، تەنانەت هیچ چەشنە پرسیارێکی چارەنووسسازو وریاکەرەوەی لە هەمبەر خۆیەوە بۆ نەهاتبووە پێش. بەڵام کۆچ کردنو ئاوارە بوون بوو بە هۆکارێک تا ئەو ناسیونالیزمە بە بینینی نەتەوەو نیشتمانێکی دیکە بیر لە خۆیو لە نیشتمانی خۆی بکاتەوەو گومانو پرسیار لە خۆی بکا کە بۆ؟؟

لێرەوە ناسیونالیزمی کوردی چیدیکە لە ستراکتۆرێکی داخراودا نامێنێتەوەو هەرگیزیش بەو بارودۆخە نالەبارانە رازی نابێ کە دێنە سەر رێی.

بەڵام لەگەڵ هەمووی ئەوانەدا کۆمەڵێک هۆکاری دیکەش هەن کە ئەمڕۆ لە پشت وریاکردنەوەی ناسیونالیزمی کوردییەوە دەماندوێنن، هاوپەیمانەتیی کورد لەگەڵ بەرەی دژی تیرۆریزمو رۆڵی کورد لە پرۆسەی ئازادیی عێراقو سەرجەم کارەساتە پێوەندیدارەکان بەو پرۆسەوەو لە هەمووان گرینگتر چەسپاندنی فیدرالیزم لەسەر بنەمای جوغرافیاییو نەتەوەییو مێژووی لە یاسای دەوڵەتی کاتیی عێراقدا، لە لایەک پێمان دەڵێ کورد لەسەر بنەمای وشیارییەکی ناسیونالیستی هەڵسووکەوتی کردوە کە دەکرێ بڵێین بەرهەمی ئەو قۆناغەیە کە لە سەرەوە باسمان کرد لە لایەکی دیکەشەوە بۆتە بنەمای گۆڕانێکی قووڵتر لەو بوارەدا کە دەکرێ لە داهاتوودا چاوەڕوانی بەرهەمەکانی بین. کاتێ کە رێژیمی بەعس دەرووخێو سەدام دەستگیر دەکرێ، کورد بە روویەکی گەشەوە دەڵێ، سێبەری شومی یەکێک لە دێکتاتۆرەکانمان لەسەر لاچوو پیرۆز بێ لە کوردو نوخشە بێ لە دیکتاتۆرەکانی دیکە، واتە، دەسەڵاتدارانی ئێرانو سووریە. کاتێ کارەساتی دڵتەزێنی ١ی شووبات روودەدا ناسیونالیزمێکی ماتەمبار هەموو بەشەکانی کوردستان دادەگرێو لە دەوری شەمی یادی رۆڵە شەهیدەکانیان کۆیان دەکاتەوەو لەگەڵ بیرکردنەوە لە چارەنوسی ئەو نەتەوەیە لە گوتارێکی یەک دەنگدا روو لە سەرکردە کوردەکان دەکا بۆ یەکگرتوویییەکی نەتەوەییو یەکخستنەوەی ماڵی کورد. هەر بە هەمان شێوەش کاتێ یاسای کاتەکی لە لایەن ئەنجوومەنی حوکمی عێراقەوە ئیمزا دەکرێو لە پەسندکردنی فیدرالیزمێکی نەتەوەیی ـ جوغرافیایی ـ مێژووییدا بەشێکی دی لە ئاواتەکانی کورد وەدی دێ، زیاتر لەو بەشە لە بەشەکانی کوردستانی ئێرانو سووریەدا، کۆمەڵگای کوردی دەرژێتە نێو شەقامەکانو لەگەڵ بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستانو رووخانی هێماکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانو سووریە لە هەر دوو بەشە ناوبراوەکەدا، شادیی خۆیان دەردەبڕنو لەگەڵ بڵاوکردنەوە شیرینیو یەکتر لە ئامێزگرتن پیرۆزبایی لە خۆیانو نەتەوەی کورد دەکەن.

لێرەوە دەکرێ ئەو ناسیونالیزمە وەک ناسیونالیزمێکی جیاواز، ئامادەو نەتەوەیی پێناسە بکرێ، ئامادە بەو مانایە کە لەگەڵ هەر کردەوەیەک بە خێرایی دژکردەوەیەک لە خۆی نیشان دەدا، نەتەوەیش بەو مانایە کە کردەوەو دژکردەوەکان ناگەڕێنێتە سەر ئەو بەشەی کە ژینگەی خۆیەتی، بەڵکوو بە پێچەوانە، واتە رەوتێکە لەگەڵ ئەوەدا دروشمی نەتەوەیی گەورەترو راشکاوانەتری هەڵگرتوە، دەیهەوێ پێمان بڵێ کە دەبێ لەسەر بنەمای بەرژەوەندی نەتەوەیی کار بکەین، کەوابوو دەکرێ بڵێین ناسیونالیزمێکە لەسەر ئاستی کۆمەڵگا گەڕاوەتەوە ناو ستراکتۆری خۆی، گەڕانەوەیەک نەک بە مانای خۆ تەریک خستنەوەو پچڕاندنی پێوەندی لەگەڵ جیهانی دەرەوە، بەڵکوو بە مەبەستی خوێندنەوەو راڤەکردنی خۆی، بەو مانایە لایەنە ناکۆکو دژبەیەکەکانی ناو یەکەی ناسیونالیزمی کوردی دەسکاری بکا تا چیتر رۆڵی سەرەکیترین هۆکارەکانی شکەستو هەرەسهێنانی بزووتنەوەکان نەگێڕن، بە لایەکی دیکەشەوە خەریکە بە شێوەیەکی راشکاوانەترو یەک دەنگ بە نەتەوە باڵادەستەکان دەڵێ کە راستە من لەگەڵ ئێوەدا جیاوازیم هەیە، بەڵام، ئەو جیاوازییە نیشانەی ئەوە نیە کە من لە بەراورد لەگەڵ ئێوەدا نەتەوەیەکی بچووکترم، بەڵکوو، بە پێچەوانە منیش دەتوانم خاوەنی خۆمو کیانی خۆم بمو شوێنی خۆم هەبێ لەو وڵاتەو لەو جیهانەدا.

❊❊❊

# کێشەی کوردو هەڵوێستی هێندێ ڕووناکبیری ئێرانی

## بەبیانووی قسەکانی داریووشی هومایون، ئەندامی ڕێبەرایەتیی پارتی مەشرووتەی ئێران

رامبود لوتفپووری

زۆرجار هێندێ لە ڕووناکبیرانو سیاسەتوانانی ئێرانی یا بەهۆی ناشارەزایی لە کێشەی کورد، یا بە ئەنقەستو بۆ شێواندنی بنەماکانی ئەم کێشەیە، کێشەی نەتەوایەتیی کورد تا ئاستی کێشەیەکی تاکەکەسیو کێشەی هاووڵاتیبوونو دێموکراسی نزم دەکەنەوە، بەبیانووی پاراستنی یەکپارچەیی خاکی ئێرانو ئێرانیبوونی کورد، حاشا لە بوونی کوردو مافە نەتەوایەتییەکانی دەکەنو تەنیا وەك قەومێ، مافی کەلتووری، ئەویش بەو شێوەو سنوورانەوە کە خۆیان بۆی دیاری دەکەن، پێ ڕەوا دەبینن.

یەکێ لەو سیاسەتوانانە، داریووشی هومایۆن لە ڕێبەرانی پارتی مەشرووتەی ئێرانە، کە ماوەیەك لەوەپێش لە "رادیۆ فەردا"وە لە میزگردێکدا، هێندێ لە بۆچوونەکانی خۆیو هاوبیرەکانی خستە بەردەم بیرورای خەڵکی ئێرانەوە. لێرەدا بەکورتی چاوێ بەسەر قسەکانیدا دەخشێنینو هێندێ لە بۆچوونە نادروستەکانی کە دەرحەق بە نەتەوەی کوردو مافەکانی دەربڕیون، دەستنیشان دەکەین.

ئاغای هومایۆن لەسەرتاسەر قسەکانیدا، کورد وەك قەومێ ناو دەباو تەنیا مافی کەلتووری بۆ بە ڕەوا دەزانێ. بەڕاستی پێناسەی ئەوان بۆ قەومو میللەت چیە؟ مەگەر میللەت یا نەتەوە بە کۆمەڵە خەڵکێك ناگوترێ کە خاوەنی کەلتووری هاوبەش، کیانی هاوبەش، مێژووی هاوبەشو ویستو خەمی هاوبەش بن؟ ئەدی چۆنە کە کورد کە هەموو ئەم تایبەتمەندییانەی هەیە، تا ئاستی قەومێ کە هێشتا وشیاریی نەتەوەیی نیەو ڕەنگە خاوەنی ویستو خەمی هاوبەش نەبێ، نەوی دەکەنەوە؟ کەسانێکی وەك ئاغای هومایۆن، چاك ئەم ڕاستییانە دەزانن، بەڵام بۆ مەبەستێکی تایبەت سنووری ئەم چەمکانە دەشێوێنن، نەتەوە مافی دیاریکردنی چارەنووسی هەیە، ئەو مافانەی کە بۆ نەتەوە لەبەرچاو گیراوە، سیاسینو دەگەڕێنەوە بۆ چارەنووسی سیاسیی نەتەوە، بۆ نموونە نەتەوە بۆی هەیە بڕیار بدا کە دەیهەوێ چۆنو لە چ قەوارەیەکی سیاسیدا بژی، بۆی هەیە داوای ئۆتۆنۆمی، فیدراڵی یا سەربەخۆیی بکا، بۆی هەیە دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی هەبێ، بەڵام قەوم ڕەنگە تەنیا مافی کەلتووری پێ ببڕدرێو بۆی نیە داوای دیاریکردنی چارەنوسی لەو شێوازانەدا کە باسمان کرد، بکا. ئەوە ڕاست لەبەر ئەوەیە کە ئاغای هومایۆن پێ لەسەر مافی کەلتووریی کورد دادەگرێو دەڵێ من سەبارەت بە خودموختاریو فیدرالیسم حەساسیەتم هەیە، چونکە نایهەوێ دان بە نەتەوەبوونی کورددا بنێو مافی چارەنووسی بۆ بەڕەسمی بناسێ. باس لە دێموکراسیو ئازادیی تاکەکان دەکا، بەڵام ئامادە نیە ببینێ مرۆڤی کورد، خۆی، خۆی پێناسە بکاو خۆی چارەنووسی دیاری بکا، بە گیانێکی "قەییم مەئابانە"وە کورد بەو جۆرەی کە خۆیان پێیان خۆشەو لە بەرژەوەندیی خۆیان دایە پێناسە دەکەنو مافی بۆ دیاری بکەن.

**ئاغای هومایۆن! ئەگەرچی جەنابت حەساسییەتت بە وشەی فرەنەتەوەییبوونی ئێران هەیە، بەڵام ئەمە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرەو نکۆڵیکردن لەو ڕاستییەش، هیچ شتێ لە نێوەرۆكو بنەمای کێشەکە ناگۆڕێ**

دەبێ بە ئاغای هومایۆنو هاوبیرانی بگوترێ کێ ئەو سەلاحییەتەی بە ئێوە داوەو ئەو مافەتان لە کوێ بەدەست هێناوە کە کورد بە خۆی بناسێننو سنوور بۆ مافو داخوازەکانی دیاری دەکەن؟

دەڵێ قەومەکانی ئێران دەتوانن بە زمانی خۆیان دەرس بخوێننو دەزگای ڕاگەیاندنیان هەبێ!!

ئاغای هومایۆن! کورد تەنیا بۆ کوردی خوێندنو نووسینو بەدەستهێنانی دەزگایەکی ڕاگەیاندن ئەو هەموو ساڵە خەباتی نەکردووەو ئەو هەموو شەهیدەی نەداوە، قەتیش بە تەما نەبوە کەسانێکی وەك جەنابت! مافی بۆ دیاری بکەنو بڵێن دەبێ چی بکاو چۆن بژی، بۆیە لێبڕاوانە هاتۆتە گۆڕەپانی خەباتو وەك مرۆڤێکی ئازادو شارستانی، وەك نەتەوەیەکی وشیارو ئاگا، دەیهەوێ خۆی چارەنووسی خۆی دیاری بکا، نەك سواڵی مافەکانی خۆی لە کەس ناکا، بەڵکوو بە کردەوە سەلماندوویەتی کە ئازایانە خەباتیان بۆ دەکا.

ئاغای هومایۆن لەسەرانسەری قسەکانیدا هەوڵ دەدا کێشەی کورد، وەك کێشەی هاووڵاتیبوون پیشان بداو نێوەرۆکە نەتەوایەتییەکەی لێبسڕێتەوە.

ئاغای هومایۆن! ئەگەرچی جەنابت حەساسییەتت بە وشەی فرەنەتەوەییبوونی ئێران هەیە، بەڵام ئەمە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرەو نکۆڵیکردن لەو ڕاستییەش، هیچ شتێ لە نێوەرۆكو بنەمای کێشەکە ناگۆڕێ. تەنیا بە دانی مافی تاکەکەسی بە خەڵکی ئێرانو جێگیرکردنی دێموکراسی لەوێدا، مافی نەتەوەکانی ئێرانو هەموو ئەو کەسانەی لە ئێراندا دەژین، دەستەبەر ناکرێ. دێموکراسی لە سیستمی دەسەڵاتی زۆرینەیە، کەوابوو کەمە نەتەوەکان دیسان چارەنووسیان دەکەوێتە دەست زۆرینەوە. بۆیە فیدرالیزم، بۆ دەستەبەرکردنی ئازادیی کەمە نەتەوەکان لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیانو سەقامگیربوونی دێموکراسییەکی ڕاستەقینە، لە وڵاتێکی فرەنەتەوەی وەك ئێراندا، پێویستییەکی حاشاهەڵنەگرەو بە دێموکراسیو مافی تاکەکانەوە گرێ دراوە. لە وڵاتێکی وەك کانادا، لەگەڵ هەبوونی مافی تاکەکەسیو هاووڵاتیبوون، قەت پێش بە نەتەوەی "کێبێکی" نەگیرا لەوەی کە لە ریفراندۆمێکی دێموکراتیکدا چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن.

ئێوە دەڵێن کە دەسەڵات لە ئێراندا دەبێ دابەش بکرێو ناوەندگەرێتی لە دەسەڵاتدا نەمێنێ، ئەدی ناڵێن کە چۆنو بە چ میکانیزمێ ئەو کارە دەکرێ؟ ئەگەر بەشێوەی خودموختاریو فیدرالیزم نەبێ، ئەی چی بێ؟

دەڵێ، دەبێ ناوچەکانی ئێران، دەسەڵاتی ناوچەییان هەبێ. بەڵام دیاری ناکا ئەم زاراوە ناڕوونە چیە؟و لەسەر چ بناغەیەك پێك دێو سنووری دەسەڵاتی چیە؟

بەڕاستی ئەگەر مەبەستێکی دیکەی لە گۆڕێدا نیە، بۆ بەردەوام لە چەمكو زاراوە ڕوونەکان خۆ دەدزنەوەو تێدەکۆشن بە هێندێ چەمكو زاراوەی نارِوونو ساختە، ڕاستییەکان بشێوێننو کوردیان پێ بخاپێنن. بۆ ڕەسەنایەتیی ئازادی ئینسانو مافی دیاریکردنی چارەنووسی، لەبەر هێندێ بڕوای نادێموکراتیکی خۆتانو بەبیانووی پاراستنی یەکپارچەیی خاکی ئێران لەبەرچاو ناگرن، ئایا بەڕاستی لە ڕامانی ئێوەدا خاكو سنوورە ساختەکان لە مرۆڤو ویستەکانی پیرۆزترو ڕەسەنترن؟

چارەنووسی دەیان دەسەڵاتی وەك سەددامو بەعس، پیشانی داوە کە یەکیەتیی بە واتای یەکدەستکردنەوەو تواندنەوەی نەتەوەیەك لە نەتەوەیەکی باڵادەستدا، نەك هەر سەرکەوتوو نابێ، بەڵکوو دەبێتە هۆی شکانی نەتەوەی باڵادەست. سەپاندنی زمانی نەتەوەی باڵادەست وەك تاکە زمانی ڕەسمی لە ئێرانو سەپاندنی گوتاری ئەو نەتەوەیە وەك گوتاری زاڵ بەسەر ئێرانو دیاریکردنی ماف بۆ کەمە نەتەوەکانی ئێران لەلایەن ئەو نەتەوەوە، بۆ کوردو گەلانی دیکەی ئێران قەت بە مانای یەکیەتیو بەرابەری نیە.

یەکیەتیی ڕاستەقینە ئەو کاتەیە کە جیاوازییەکان قەبووڵ بکرێن، مافەکان بەرابەر بن، یەکگرتنەکە ئارەزوومەندانە بێ، نە بە زۆریو سەپاندن، نەتەوەکانی ئێران دەبێ خۆیان دیاری بکەن دەیانهەوێ لە ناو چ چوارچێوەیەکی سیاسیداو لەژێر دەسەڵاتدارەتیی چ سیستمێکدا بژین.

ئاغای هومایۆن دەڵێ، نابێ بە ئۆستانی کوردستان! ئیختیارگەلێك بدەین!! بەڵام بە ئۆستانەکانی دیکە وەك ئۆستانی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا!! نەدرێ، ئەوە نابەرابەریو هەڵاواردنە!!

لێرەدا ئاغای هومایۆن بە ئەنقەست جەخت لەسەر جیایی کوردستانو ئازەربایجانی ڕۆژئاوا دەکاو دەیهەوێ ناسنامەی کوردی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا بخاتە ژێر گومانو پرسیارەوە.

یەکەم، ئاغای هومایۆن! کە باس لە کوردستان دەکرێ، مەبەست لە هەموو ناوچە کوردنشینەکانی ئێرانە، کە تەنیا لە ئۆستانی کوردستان بە ناوەندێتی سنەدا بەرتەسك نابێتەوە، بەڵکوو ئۆستانی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، کوردستان، کرماشان، ئیلامو بەشێکیش لە لوڕستان بە کوردستان دەناسێنرێنو کوردێکی سنەیی ئەوەندە خۆی بە کوردستانی دەزانێ کە کەسێکی خەڵکی ئیلام، کرماشان، ورمێ یا مەهاباد.

دووهەم، ئاغای هومایۆن! کە باس لە فیدرالیزم دەکەین، یانێ دەبێ دەسەڵات بەسەر هەموو نەتەوەکانی ئێراندا دابەش بێو هەموو نەتەوەیەکی ئێران لە چوارچێوەی جوگرافیایی خۆیدا دەسەڵاتێکی ناوچەیی هەبێو دەسەڵاتی ناوەندیش لە کۆی ئەم دەسەڵاتانە پێك هاتبێ. کەوابوو کەس نەیگوتوە کورد دەسەڵاتی هەبێ، بەڵام بەلووچو تورکو عەرەبو. . . نەیانبێ.

پێمان سەیرە، ئەگەر ئێوە تا ئێستا جیاوازیی کوردو گیلەکتان نەزانیبێ کە وەك یەکیان بەراورد دەکەن، ڕەنگە گیلەك تەنیا خۆی بە فارس نەزانێ، بەڵام هەوڵی گەشەو پەرەدان بە زمانو کەلتووری خۆی نەداوە، هەستی بە پێویستی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی نەکردوە، بەڵام کورد، نەك هەر خۆی بە فارس نەزانیوە، بەڵکوو بوونێکی سیاسیی تایبەت بۆخۆی لەبەرچاو دەگرێو گیانێکی نەتەوەیی لەبەر دایە، بۆیە ڕاگەیاندنی یاسای دەوڵەتی کاتیی عێراق، بەو چەشنە کوردەکانی مەهاباد، مەریوان، بۆکان، سنەو قامیشلیو. . . دەورووژێنێ. کورد وەك نەتەوەیەك بەدوای مافی نەتەوایەتیو سیاسییەوەیە، بەڵام گیلەکەکان ڕەنگە بەهەر هۆیەك تەنانەت باسی مافە کەلتوورییەکانیشان نەکەن.

**کورد، نەك هەر خۆی بە فارس نەزانیوە، بەڵکوو بوونێکی سیاسیی تایبەت بۆخۆی لەبەرچاو دەگرێو گیانێکی نەتەوەیی لەبەر دایە، بۆیە ڕاگەیاندنی یاسای دەوڵەتی کاتیی عێراق، بەو چەشنە کوردەکانی مەهاباد، مەریوان، بۆکان، سنەو قامیشلیو. . . دەورووژێنێ**

ناوبراو لە بەشێکی دیکە لە قسەکانیدا دەڵێ، باس لە مافی نەتەوایەتیو پێداگرتن لەسەر هێندێ وشەی وەك فیدراڵیزم، دێموکراسی لە ئێراندا دەخاتە مەترسییەوە.

ئاغای هومایۆن! بۆ ئەوەی کە دێموکراسی نەکەوێتە مەترسییەوە، دەبێ نەتەوەی باڵادەستو دەسەڵات لە ئێراندا زۆرتر دڵی ئاوەڵا بێ، نەك ئەوەی کە کورد دەست لە مافەکانی خۆی هەڵگرێ، ئێوە خەریکن پرسیارەکە دەسڕنەوە، بەجێگای ئەوەی کە کێشەکان چارەسەر کەن، دایدەپۆشن! تاکەی دەبێ کورد لەبەر پاراستنی دێموکراسی کە قەت لە ئێراندا بەدی نەهاتوە، باسی مافەکانی نەکاو چاوی لەسەر ئەو هەموو چەوساندنەوەیەدا بنووقێنێ. لە حاڵێکدا دابینبوونی مافی گەلان خۆی بەشێکی گرنگی دێموکراسی بە مانای ڕاستەقینەیە. تاکەی ئێوە بەبیانووی پاراستنی یەکپارچەیی خاکی ئێرانو پێشگرتن بە کەڵکی خراپ وەرگرتنی دوژمنان، حاشا لە مافی کوردو ویستە ڕەواکانی دەکەن، فیدراڵیزم لە وڵاتێکی فرە نەتەوەدا، دەستەبەری دێموکراسییە، دەنا دێموکراسی بەبێ فیدرالیزم، بە مانای دیکتاتۆریو زاڵبوونی زۆرینەیە، ئەویش لە کاتێکدا کە زۆرینەو کەمینە جیاوازیی کەلتووریو نەتەوایەتیی قووڵیان هەیە.

**یەکیەتیی ڕاستەقینە ئەو کاتەیە کە جیاوازییەکان قەبووڵ بکرێن، مافەکان بەرابەر بن، یەکگرتنەکە ئارەزوومەندانە بێ، نە بە زۆریو سەپاندن**

ئاغای هومایون! کورد تەنیا لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا غەدری لێنەکراوەو نەچەوسێنراوەتەوە، بەڵکوو بە درێژایی مێژوو هەموو دەسەڵاتەکانی ئێران مافەکانی کوردیان پێشێل کردوەو کە دەنگی هەڵبڕیوە، دەستیان لە بەردەم داگرتوەو دەنگیان خنکاندوە. مەگەر ڕەزاشا سمایل ئاغای سمکۆی شەهید نەکرد؟ مەگەر حەمەڕەزاشا، پێشەوا قازی محەممەدو هاوڕێیانی لە سێدارە نەداو دەیان نموونەی دیکە. بۆیە ئەو ستەمو ڕەشەکوژییانەی دەرحەق بە نەتەوەی کورد لە ئێراندا کراوە، تەنیا تایبەت بە کۆماری ئیسلامی نینو جیاوازییان هەیە لەگەڵ ئەو ستەمو چەوساندنەوانەی کۆماری ئیسلامی کە دەرحەق بە لایەنە سیاسیو فکرییەکانی ئێرانی دەکا.

کورد بە تاوانی جیاییخوازی بەردەوام لەبەردەم زەبرو سەرکوتو هەڵاواردندا بووە. ئەگەرچی لە هیچ قاموسێکدا خودموختاریو فیدراڵیزم، بە واتای جیاییخوازی بەکار نەهاتوەو بە پێچەوانەوە جۆری جوانو پەسندی پێکەوە ژیانە، بەڵام بە پێی هەموو یاسا ئینسانیو نێونەتەوەییەکان، هەر نەتەوەیەك مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی هەیە، لە ماددەکانی ١و ٥٥و ٧٣و ٧٦ چارتەری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا دان بە مافی نەتەوەکان بۆ بڕیاردان لەسەر چارەنووسی خۆیاندا نراوە، هەروەها هەر لە بەندی ١ی جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکاندا کە ئاغای هومایون مانۆڕی زۆری لەسەر دەداو وەك سەرچاوەیەك بۆ دیاریکردنی مافی نەتەوەکانی ئێران ئاماژەی پێ دەکا، دان بە مافی چارەنووسی نەتەوەکاندا نراوە. کەوابوو لەڕاستیدا ئەو بیرە یا دەسەڵاتانەی کە نەتەوەیەك بە بیانووی هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنی ئەم مافە شارستانییە، سەرکوت دەکەن، پێشێلکەری مافو یاسا نێونەتەوەییەکانو دەبێ وەڵامدەر بن لە کوێ ئەو مافەیان هێناوە کە بە بیانووی پاراستنی قەوارەیەکی سیاسی، دەتوانن یەکێ لە سەرەتاییترین مافە شارستانییەکانی مرۆڤو نەتەوەکان کە دیاریکردنی مافی چارەنووسە، پێشێل بکەن.

نەتەوەی کورد لە هەموو پارچەکاندا سەلماندوویەتی کە بە وشیاریی نەتەوەیی گەیشتووەو مافەکانی خۆی بە باشی دەناسێ، بۆیە زۆر شێلگیرو وشیارانە هەوڵی بەدەستهێنانی ئەو مافانەی داوەو گەیشتۆتە قۆناغێ کە چیدی بە چەواشەکردنو شێواندنی ڕاستییەکانو دابەزاندنی ئاستی مافەکانی لەلایەن ناحەزانییەوە (مافی هاووڵاتیبوون بەجێگای مافی نەتەوایەتی) فریو ناخوا، ئەم چەشنە ڕووبەڕووبوونەوەیە لەگەڵ کێشەی کورددا، هیچ شتێ لە خودی کێشەکە ناگۆڕێو ناتوانێ کێشەی کورد چارەسەر بکا.

هیوادارین ئاغای هومایۆنو هەموو هاوبیرانی زیاتر لە دێموکراسی بە مانای واقیعیی خۆی بگەنو لە جیاتی پەنابردن بۆ پێچەوانە نیشاندانی ڕاستییەکان، ڕێگاچارەی ڕاستو دروستو دێموکراتییانە بۆ کێشەی کورد لە ئێراندا دەسنیشان بکەن.

❊❊❊

# تەبلیغکردن بۆ "صیغە" بێحورمەتی بە کەسایەتیی ژنانە

خەدیجە مەعزوور

ماوەیەك لەمەوبەر تەلەڤزیۆنی کۆماری ئیسلامی بەبۆنەی جەژنی نەورۆزەوە، سریالێکی نوێی بڵاو کردەوە کە لەو سریاڵەدا پێوەندیی نێوان ژنو پیاو بەشێوەیەکی دزێوو نامرۆڤانە نیشان درابوو. ئەم زنجیرەیە بەسەرهاتی ژنێك بوو کە منداڵی نەدەبووو لەگەڵ مێردەکەی لە شوێنێك کاری دەکرد کە پێوەندی بە کاروباری "ژنان"ەوە هەبوو. سریاڵەکە ئەوەی نیشان دەدا کە ئەم ژنە "ڕووناکبیر"ە بۆ ئاسایش، ڕاحەتیو خاوەن منداڵبوونی مێردەکەی ژنێك کە یەکێك لە هەڤاڵە نزیكو خۆشەویستەکانی‌یەتی وەك "سیغە" بۆ مێردەکەی هەڵدەبژێرێو ئامادەی دەکا تا لەگەڵ مێردەکەی نزیکی بکاو لەو ڕێگایەوە مێردەکەی ببێتە خاوەن منداڵ.

لەڕاستی‌دا نیشاندانی زنجیرەیەکی تەلەفیزیۆنیی ئەوتۆ لە سەروبەندی نەورۆز، لە تەلەفیزیۆنی کۆماری ئیسلامی‌دا، نە تەنیا جێگای خۆشحاڵی نەبوو، بەڵکوو زۆر خەڵكو لایەنی هورووژاندو ئەوانی ناچار بە ڕەخنەگرتن لەم زنجیرەیە کرد. چونکە ئەم زنجیرەیە لە پێش هەموو شتێك‌دا دژایەتیی قووڵی خۆی سەبارەت بە ژنان ڕا دەگەیاندو پشتیوانیکردن لە فەرهەنگی پیاوسالاریی زەقتر دەکردەوە. ئەم سریاڵە لەلایەك ژنانی ڕووناکبیرو لایەنگرانی مافی ژنانی بە لایەنگری لە سیغە نیشان دەدا کە فەرهەنگێکی کۆنەپەرستانەو بەجۆرێك فەحشایەو لەلایەکی دیکەوە سووکایەتی بە ژنانەو بەتایبەت ئەو ژنانەی کە لە بواری مافی مرۆڤدا چالاکن، دەشکێنێو لە نیهایەت‌دا فەرهەنگی دزێوی سیغە تەبلیغ دەکا کە فەرهەنگێکە کە کەسایەتیی ژن پێشێل دەکاو ژن دەکاتە دەسکەلای کەسانی لەخۆڕازی کە هەرکات مەیلیان لێبوو بۆ چەند ساتێك خۆش ڕابوێرن، بەدانی بڕێك پارە مەیلی خۆیان دامرکێنن. بە ئاشکرا سیغە برەوپێدانی فەحشا یا لەشفرۆشی‌یە لە کۆمەڵدا. چونکە لە نێوان سیغەو لەشفرۆشی‌دا جیاوازی‌یەك وەبەرچاو ناکەوێو هەردووی ئەم دیاردانە تێرکردنی پیاو لە بواری جینسی‌یەوەیە.

**جیاوازیی نێوان ژیانی هاوبەش لەگەڵ سیغەدا ئەوەیە کە قەراردادی سیغە لە ماوەی پێوەندیی نێوان ژنو پیاودا دیاری دەکرێ، جا سەعات، ڕۆژ، حەوتوو یا. . . بێ.**

زۆر لەمێژە سیغە لەنێو بەشێك لە خەڵکی ئێران یانی پەیڕەوانی مەزهەبی شیعەدا باوە، بەڵام هەر لە سەرەتای بەدەسەڵاتگەیشتنی کۆماری ئیسلامی لە ئێراندا، سیغە وەك فەرهەنگە دزێوو ڕزیوەکانی دیکە، برەوی پێدراوە. دەسەڵاتبەدەستانی ئێران هەر لە سەرەتاوە سیاسەتی دژی "ژن"یان لە هەموو بوارەکانی کۆمەڵدا گرتە بەرو بەدایم لەو بیرەدا بوون کە چ هەنگاوێك باوێن بە قازانجی ژنان نەبێو شەخسییەتی ژن لە کۆمەڵو بنەماڵەدا تیرۆر بکەن؟ بۆ گەیشتن بەو مەبەستەش پەنایان بۆ زۆر چەکی ژەنگاویو دژی ئینسانی بردوە کە یەکێك لەو چەکانە زیاتر زیندووکردنەوەی فەرهەنگی پیاوسالاری لە جۆرە هەرە کۆنەپەرستانەکەی‌دا بووە. ئەم فەرهەنگە بەهەموو جۆرێك سێبەری شوومی خۆی بەسەر کۆمەڵی ئێران بەتایبەت بەسەر ژیانی ژنان‌دا کێشاوەو لەسەر چارەنووسی ژن بڕیار دەداو لە نیهایەت‌دا ئەوەی مەبەستیەتی دەی‌کا. بۆ وێنە ئەو پیاوانەی بەهۆی جۆراوجۆری وەك پیریو بەساڵدا چوون، ناتوانن ژیانی هاوبەش پێك بێنن، یا ئەو پیاوانەی ناتوانن بن بە خاوەن منداڵ، یا بێکارن، یا هەژارن، ناتوانن ژیانی هاوبەشی دایمی پێك بێنن، سیغەیان بۆ دیاری دەکەن. سیغە تەنیا بۆ جێبەجێکردنی نیازە جینسی‌یەکانی پیاوانە نە ژنان.

سیغە چیە؟ سیغە ئیزدواجی کاتی‌یە کە پیاوێك لەسەر مەیلو هەوەسی خۆی بۆ ماوەیەکی دیاریکراو لە بەرامبەر دانی پوولێك بە ژنێك کەڵکی لێوەردەگرێ، ئەوەش بەو مەرجەیە کە نە لە سەرەتادا، ژیانی هاوبەش پێکهێنانێكو نە لە کۆتایی‌دا تەڵاقێك لەگۆڕێ دایە.

سیغە بە دوو مەبەست دەکرێ: ١ـ چێژوەرگرتنی پیاو لە بواری جینسی‌یەوە ٢ـ دروستکردنی منداڵ کە لێرەدا گرنگ نیە ئەو منداڵە بەبێ دایك گەورە دەبێو دایکی نیە، یان تەنانەت بێباوکیش دەمێنێتەوە. قەراردادی سیغە وەك قەراردادی ژیانی هاوبەش پێکهێنانی ژیانی هەمیشەیی نیە، بەڵام لە سیغەدا تەنیا ئامادەبوونی کەسێکی ئایینی پێویستە.

جیاوازیی نێوان ژیانی هاوبەش لەگەڵ سیغەدا ئەوەیە کە قەراردادی سیغە لە ماوەی پێوەندیی نێوان ژنو پیاودا دیاری دەکرێ. جا سەعات، ڕۆژ، حەوتوو یا. . . بێ. ئەو بڕە پوولەی کە لە بەرامبەر ئەو ماوەیەدا کە پیاوەکە لەگەڵ ژنەکە ڕادەبوێرێ، دەبێ بدرێ بە ژن، هەر لە سەرەتای قەراردادەکە پێی دەدرێ.

**کۆماری ئیسلامیی ئێران بە نیشاندانی ئەو جۆرە زنجیرە تەلەفیزیۆنی‌یە بە خەیاڵ تەبلیغات بە قازانجی سیغە دەکا، بەڵام نازانێ بە نیشاندانی ئەم جۆرە زنجیرانە، زیاتر لەوەی کە لەلایەن خەڵکەوە بێزراوە، دەبێزرێو بەتایبەت ژنان کە ئەو هەموو بێحورمەتیو تیرۆری کەسایەتی کردنەیان پێ تەحەممول ناکرێ، بەهەر شێوەیەك بکرێ نییەتی پیسی دەسەڵاتبەدەستانی کۆماری ئیسلامی لەقاو دەدەنو ماهییەتیان لەوە زیاتر بۆ بیروڕای جیهانی ڕوون دەکەنەوە.**

***

## ڕاپۆرتی کۆتایی دەورەی ١٥٦ی سەرەتایی پێشمەرگە

دوانیوەڕۆی ڕۆژی شەممە، ڕێکەوتی ١٥ی خاکەلێوەی ١٣٨٣ی هەتاوی پۆلێکی دیکە لە لاوانی کوردستان، دەورەی سەرەتایی لە بارهێنانی پێشمەرگەیان لە فێرگەی سیاسی ـ نیزامیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دا، تەواوکرد و بە ڕیزی تێکوشەرانی حیزبی دیموکرات پەیوەست بوون. لە ڕێوڕەسمێککە بەم بۆنەوە لە فێرگەی سیاسی ـ نیزامیی حیزب دا بەڕێوە چوو، هاوڕێ سەیدڕەزا دروودگەر ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، هەیئەتی نوێنەرایەتیی کۆمیسیۆنی سیاسی ـ نیزامی، کادرو پێشمەرگەکانی فێرگەو دەیان کەس لە تێکوشەرانی حیزبو بنەماڵەکانیانو لاوانی بەشدار لە دەورەکەدا بەشدار بوون، پێشمەرگە سەرکەوتووو نموونەکان بە بەشدارانی ڕێوڕەسمەکە ناسێنران.

ڕێوڕەسمەکە سەرەتا بە سروودی نەتەوایەتیی"ئەی ڕەقیب" دەستی پێ کرد. پاشان بەڕێز سەیدرەزا دروودگەر بەم بوونەیەوە وتەیەکی پێشکەش کرد.

کاك سەید ڕەزا دروودگەر لە سەرەتای وتەکانی‌دا وێڕای پیرۆزبایی لە بەشدارانی دەورەی ١٥٦ی سەرەتایی بەبۆنەی کۆتایی‌هاتنی دەورەکەیان، ئیشارەی بە گرینگیی ئامووزش لە نێو حیزب دا کردو گوتی:"هەر ئامووزشێك و هەر کۆبونەوەیەكو هەر دەورەیەك بۆ تەقوییەتی ڕوح و جسم و بردنە سەری زانیاری موقەددەسە، بە خۆشی‌یەوە و بە هیمەتی مامۆستایانی فێرگە ئەو دەورەیە، ئەو شتانەی لێ بەدی دەکرێ."

ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب لە درێژەی وتەکانی‌دا ئیشارەی بەوە کرد کە لە وڵاتاندا، لاوەکان دەبرێنە سەربازی کە شێوەی ئیجباری هەیە، بەڵام ڕووی لە پێشمەرگەکانی دەورە کردو وتی:" ئێوە بە دڵخوازی خوتان هاتوون بۆ پێشمەرگایەتی."

بەڕێزیان لە وتەکانی‌دا بە درێژی باسی وەزعی کوردەکانی لە کوردستانی عێراق کردو وێڕای ئیشارە بە خەباتو فیداکاریی کورد لەو بەشەی کوردستان‌دا دەسکەوتەکانی کورد لە کوردستانی عێراق و چەسپاندنی مافی نەتەوایەتیی کوردی لە قانوونی کاتیی ئەو وڵاتەدا بە بەرهەمی ئەو خەباتو فیداکاریو قوربانیدانە زانی. پاشان باسی نەخشی هاوپەیمانیەتیی کوردی لەگەڵ بەرەی پێشکەوتووو دێموکرات لە جیهان‌دا کرد کە لە دژی بەرەی دواکەوتووو دیکتاتۆر ڕاوەستاوە.

ناوبرا لە دوایین بەشی وتەکانی‌دا جارێکی دیکە پیرۆزبایی لە بەشدارانی دەورەکە و مامۆستایان و بەرێوەبەرانی فێرگە کردو بۆ بەشدارانی دەورەو خەباتی گەلەکەمان هیوای سەرکەوتنی خواست.

لە بەشێکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا یەکێك لە مامۆستایانی فێرگە ڕاپۆرتی بەرنامەو کارو تێکوشانی فێرگەی پێشکەش کرد. دواتر بەشدارێکی دەورەکە بە نوێنەرایەتی لە لایەن هاوڕێیانیەوە پەیامی کۆتایی دەورەی پێشکەش کردو لە پەیامەکەی دا سوپاسی بەرپرسو مامۆستایانی فێرگەی کرد بۆ هەوڵو تێکۆشانیان لە پێناو پەروەردە کردن و پێگەیاندنی لاوانی کوردستان ئامادە کردنیان بۆ تێکۆشان لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا. پاشان هاوڕێ خالید وەنەوشە ئەندامی ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی، خەڵاتی بە سەر ژمارەیەك لە بەشدارانی دەورەکەدا دابەش کرد.

لە بەشێکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا چەند گۆرانی بە هاوکاری کۆڕی هونەریی حیزب پێشکەش کران. کۆتایی هێنەری ڕێوڕەسمەکە کورتە شانۆیەکی کومیدی بوو کە هەر دوو دەورەی ١٥٦و ١٥٧ی سەرەتایی ئامادەیان کردبوو.

❊❊❊

## بەڕێوەچوونی چەند ڕێوڕەسمێك بەبۆنەی نەورۆزو هاتنی ساڵی نوێوە

### دانمارك:

ڕۆژی شەممە ٨ی خاکەلێوەی ١٣٨٣ی هەتاوی، لە لایەن کومیتەی هاوکاریی کورد (PDKI، PDK، PNK) بە بەشداریی زیاتر لە ٦٠٠ کەس لە کوردەکانی دانیشتوو لەو وڵاتەدا بە بۆنەی نوێبوونەوەی ساڵی هەتاویو هاتنی جێژنی نەورۆز، ڕێوڕەسمێکی بەشکۆ پێك‌هات. سەرەتای ڕێوڕەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب" و ڕاگەیاندنی دەقیقەك بێدەنگی بۆ ڕێزلێنان لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان، دەستی پێ‌کرد. پاشان هاوڕێ مەجید کاکەوەیسی بەو بۆنەیەوە پەیامی کومیتەی هاوکاری خوێندرایەوە کە هەر دەقی ئەو پەیامە لەلایەن هاوڕێ سەفەر عەزیزی بە زمانی دانمارکی پێشکەش کرا. شایانی باسە کە بەشداریکردنی هونەرمەندانی گۆرانیبێژو ئەدیبانی نیشتمانپەروەر، ڕێوڕەسمەکە زیاتر ڕازاندبۆوە.

### نۆروێژ:

ڕۆژی شەممە ١٥ی خاکەلێوەی ١٣٨٣ی هەتاوی، بەبۆنەی جێژنی نەورۆزەوە، کۆمیتەی حیزب لە "ئوستیفۆلد" و کۆمەڵەی کەلتووری کوردیو کۆمەڵەی کوردیی دێموکراتو چەند لایەنێکی دیکە بەناوی کۆمیتەی نەورۆزەوە، ڕێوڕەسمێکی شکۆداریان پێك هێنا. لەو ڕێوڕەسمەدا بەرپرسی کۆمیتەی پارتی کرێکارانو زۆربەی کوردەکانی دانیشتووی ئەو ناوچەیەو چەندین میوانی‌ئافریقاییو کۆسۆڤۆیی بەشدار بوون. شایانی باسە کە دوای پێشکەشکردنی پەیامی پارتی کرێکاران، هونەرمەندان پەیوەند جافو دەلال، بە دەنگی خۆشی خۆیان ڕێوڕەسمەکەیان زیاتر ڕازاندەوە.

### ئامریکا:

ڕۆژی شەممە ٧ی خاکەلێوەی ١٣٨٣ی هەتاوی، کۆمیتەی حیزب لە ئامریکا، ڕێوڕەسمێکی بەبۆنەی جێژنی نەورۆزەوە پێك هێنا. ڕێوڕەسمەکە سەرەتا بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب" و ڕاگەیاندنی دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێ کرد. پاشان لەلایەن بەرپرسی کۆمیتەی حیزبەوە، هاوڕێ جەماڵ عەبدوڵڵازادە، پەیامێك بەو بۆنەوە پێشکەش کرا. لە درێژەی ڕێوڕەسمەکەدا چەندین بابەتی ئەدەبیو هەروەها چەند گۆرانی‌یەکی شادو هەڵپەڕکێی جۆراوجۆری کوردی پێشکەش کران. شایانی باسە کە ڕێوڕەسمەکە تا کاتژمێر ١٢ی نیوەشەو درێژەی کێشا.

❊❊❊

### کانادا

### ڕێوڕەسمێك بە بۆنەی دەستبەکاربوونی کومیتەیەکی حیزب

ڕۆژی سێ‌شەممە ٤ی خاکەلێوەی ١٣٨٣ی هەتاوی، کومیتەی حیزب ـ ئیدمونتون بە مەبەستی ناساندنو دەسبەکارکردنی کومیتەکەیان ڕێوڕەسمێکیان بە بەشداریی ئەندامو لایەنگرانی حیزب پێك‌هێنا. سەرەتای ڕێوڕەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب" و ڕاگەیاندنی دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ ڕێزلێنان لە گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێ‌کرد. پاشان هاوڕێ ئەحمەد پاڵانی لەلایەن کومیتەی حیزبەوە وتەیەکی بەو بۆنەوە پێشکەش کرد، بەدوای ئەودا خاتوو لیمۆ مورادی وتارێکی بە زمانی ئینگلیزی پێشکەش کرد. لە درێژەی ڕێوڕەسمەکەدا کومیتەکانی یەکیەتیی نشتمانیی کوردستان، پارتی دێموکراتی کوردستان، کۆمەڵە، هەروەها شاعیر جەلال بەرزنجی پەیامی پیرۆزباییان پێشکەش کرد.

## پرسەنامەی پەنابەرانی کوردی ئێرانی لە شاری وان

بەڕێز دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران!

بە داخوپەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی شەهیدکرانی ٦هاوڕێی تێکوشەرو خۆراگر،(محەممەدعەزیز قادری، ئەرشەد ڕەزایی، یوونس محەممەدپور، موزەفەر کازمی، عەدنان ئیسماعیلی، و مەعرووف سوهرابی) بیست. ئەو هاوڕێیانە کە لە پیلانێکی ناجوامێرانەو دژی ئینسانی دا لە لایەن بزوتنەوەی ئیسلامی‌یەوە لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی بە کۆماری ئیسلامیی ئێران تەحویلْ درانەوە، پاش ساڵهای ساڵ تەحەمولکردنی وەحشیانەترین ئەشکەنجەکانو دژوارترین هەلومەرجی نێو سیاچاڵەکانی کۆماری ئیسلامی، کۆڵیان نەداو سەرەنجام سەربەرزانە گیانیان لە پێناوی بەرز ڕاگرتنی ئامانجەکانیان دا بەخشی و سەربەرزییان بۆ هاوڕێو کەسو کارەکانیانو سەرشۆڕییان بۆ جەللادەکانی نێو زیندان بە دی هێنا.

ئێمە وەك بەشێك لە پەنابەران یکوردی ئێرانی دانیشتووی شاری وان لە تورکیە وێڕای مەحکوومکردنی ئەو جینایەتە سامناکەی کۆماری ئیسلامی، سەرەخۆشیی لە گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بە گشتیی و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و هاوڕێو بنەماڵەی سەربەرزی ئەو شەهیدانە بەتایبەتی دەکەینو خەمو پەژارەی خۆمانتان پێڕادەگەیەنین.

شایانی باسە بۆ ڕێزگرتن لەو شەهیدانە، لە شاری وان ڕێوڕەسمی پرسەو سەرەخۆشی بە بەشداریی ژمارەیەکی بەرچاو لە پەنابەرانی کوردی ئێرانیی دانیشتووی ئەو شارە بەڕێوەچوو یادو بیرەوەری ئەو ڕۆڵە تێکۆشەرانە بەرز ڕاگیرا.

بەرزو پیرۆز بێ یادی ئەو پۆلە شەهیدە و سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان

مەرگو نەمان بۆ کۆماری ئیسلامی و سەرجەم دوژمنانی گەلی کورد

**پەنابەرانی شاری وان ـ تورکیە**

**٢٠٠٤/٣/١٦**

KURDISTAN
Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan
No: 387 19 Apr 2004

بۆ خوێندنەوەی چاپەمەنیو بڵاوکراوەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانو وەرگرتنی زانیاری لەبارەی حیزب، بڕواننە ئەم ئادرەسانەی خوارەوە لەسەر ئینتێرنێت:

www.kurdistanmedia.com
e- mail:
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdk-iran.org
e- mail:
pdkiran@club-internet.fr

ماڵپەڕی رادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران:
www.rdki.com

## پەیامی سەرەخۆشیی کانوونی هونەرمەندانی ئێرانی لە تاراوگە

### بۆ دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

کوشتنی بە کۆمەڵی ٦خەباتگێری قارەمانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە دەستی رێژیمی چەپەڵی ویلایەتی فەقیهـ مەحکووم دەکەین و بۆ حیزبو بنەماڵەی بەرێزی ئەو شەهیدانە سەبووری و خۆراگری بە ئاوات دەخوازین.

یادیان بەرێزو رێگایان پر رێبوار بێ
سلاو بۆ هەموو شەهیدانی گەل
بەرقەرار بێ ئاشتی و ئازادی لە نیشتمانی دیلماندا

**کانوونی هونەرمەندانی ئێرانی لە اراوگە**

## لە نامەیەکدا بۆ سەرۆکایەتیی پارلمانی ئورووپا:
# فراکسیۆنی کورد لە مەجلیسی شوورای ئیسلامی داوای ئازادیی لەیلا زانای کرد

ئەندامانی فراکسیۆنی کورد لە مەجلیسی شوورای ئیسلامیدا داوایان لە سەرۆکایەتیی پارلمانی ئورووپا کرد بۆ ئازادیی "لەیلا زانا" ئەندامی کوردی پارلمانی تورکیە لە زیندانی ئەو وڵاتەدا، هەوڵ بدا. لە نامەی فراکسیۆنی کورددا هاتوە:

یەکێك لە هاوکارانی ئێوەو ئێمە بە ناوی خاتوو لەیلا زانا، ماوەی دە ساڵە لە زیندانی توررکیەدا بەند کراوە. ئەو تەنیا داوای مافی یەکسانی بۆ ئەو کەسانە کردوە کە نوێنەریانەو هەوڵی داوە فەرهەنگی نەتەوەکەی خۆی بپارێزێ. ئایا نوێنەر، جگە لەمە ئەرکێکی دیکەی هەیە؟ دە ساڵ لە باشترین ساڵەکانی تەمەنی ئەو وەکیلو نوێنەری میللەتە لە بەندیخانەکانی تورکیەدا بە فیرۆ چوو؟ ئایا ئەو هەموو دەستدرێژییە بۆ سەر مافی مرۆڤەکانو شارۆمەندان بەس نیە؟ ئەویش لە سەردەمێکدا کە تورکیە هەوڵ دەدا بێتە ریزی وڵاتانی یەکیەتیی ئورووپا؟ ئێمە ئەندامانی "فراکسیۆنی کورد" لە مەجلیس شوورای ئیسلامیدا، لەپێناوی داکۆکی لە مافەکانی ئەو نوێنەرە ئازادیخوازەو ئەو کەسانەی لەیلا زانا نوێنەرایەتییان دەکا، داوا لە جەنابتو هاوکارانی بەرێزت لە پارلمانی ئورووپادا دەکەین کە بە هەنگاوی پارلمانتاریانەو جیددی، بۆ رزگار کردنی ئەو، لە بەندیخانەی تورکیە، بە تایبەتی لەو رۆژانەدا کە تورکیە دەیهەوێ بێتە نێو یەکیەتیی ئورووپا، تێبکۆشن".



**سایتی: "اخبار روز"**

# لێکۆڵینەوەکان بەمجۆرە لە گیرۆدەبوونی خەڵکی ئێران بە بەڵای "ئیعتیاد" دەدوێن

ئاکامەکانی لێکۆڵینەوەیەك، نیشان دەدەن بە گوێرەی هەڵسەنگاندنەکانی ساڵی ڕابردوو، زیاتر لە ٨ میلیون کەس لە خەڵکی ئێران بە تەواوی موعتادنو نزیکەی ٣٠٠ هەزار کەسیش موعتادی نەناسراو لە وڵاتدا هەن کە ساڵانە زیاتر لە١٣٨٠ تۆن تریاك، ٢٠٨ تۆن "شیرە"و ٤٣٦ تۆن هێرۆئینو مورفین دەکێشن. ئاکامەکانی ئەو لێکۆڵینەوەیە کە "فەریبورز رەئیس دانا" کردوویەتی، هەروەها نیشان دەدا کە بە گوێرەی هەڵسەنگاندنەکان لە سەرەتای ساڵی ١٣٨١دا، نزیکەی ٢٥/٣٪ی دانیشتووانی وڵات موعتاد بوونو نزیکەی ٧/١٪ی دیکە سەدی ٣٠ تا٦٥، لەگەڵ ئەگەری موعتاد بوون لە ماوەی ٢ ساڵی داهاتوودا بەرەو روون.

لێکۆڵینەوە لە رەوتی پەرەگرتنی ئیعتیاد لەم ساڵانەی دواییدا، دەریخستوە کە نێونجی تەمەنی ئیعتیاد هاتۆتە خوارو ژمارەیەکی زیاتر لە ژنانو قوتابیان بەو بەڵا ماڵوێرانکەرە، گیرۆدە بوون. لەلایەکی دیکەشەوە، جۆرو بەرفرەوانیی بەکارهێنانی ماددە بێهۆشکەرەکان لە گۆڕان دایە. بە جۆرێك کە شانبەشانی زۆر بوونی موعتادەکان، وەرگرتن لە ڕێگای کاریگەرتریش پەرەی ستاندوە. بوونی ماددە خاریجیو پڕ مەترسییەکان لە نێو ماددە بێهۆشکەرەکاندا وای کردوە شوێنەواری ماڵوێرانکەرتر لەباری جیسمیو روحییەوە لەسەر موعتادان دابنێن.

بە بۆچوونی "رەئیس دانا" کێشەو گرفتە کۆمەڵایەتییەکان، نەبوونی ئیمکاناتو پێداویستییەکانی ئاسوودەیی بۆ لاوان، نەبوونی ئازادییە جۆراوجۆرەکان، گیروگرفتە جینسییەکانو رووبەروو بوون لەگەڵ فەرقو جیاوازیدانان، هۆی سەرەکیی پەنابردنی موعتادان بۆ ماددە بێهۆشکەرەکانن. رەوتی بەرەو ژوور چوونی مەسرەفی ئەو ماددانەش لەو ناتەواویو گرفتانەوە سەرچاوە دەگرێ کە بەرهەمی وەزعی خراپی ئابووری بەتایبەتی نەداری، بێکاریو بوونی ڕایەڵکەی بەهێزی قاچاغن. ئەم لێکۆڵەرە بەوەجە بەرنامە جۆراوجۆرەکانی رێژیمی بۆ بەرەوروو بوونەوە لەگەڵ ئەو قەیرانە بە ناسەرکەوتوو و بێئاکام زانیوە.



## پێشانگایەکی هونەری لە مەهاباد



شەشەمین پێشانگای بەهرەو یەکەمین پێشانگای ئەنجومەنی "هنرهای تجسمی" لە رۆژی٢٥ خاکەلێوەوە بە بەشداریی ٢٥ هونەرمەند (١١ کچو ١٤ کوڕ) لە شاری مەهاباد بە ٧٥ تابلۆ، پێکهاتوو لە ٤٦ کار (رەنگ رەوغەن)، ٣ کار (ئابرەنگ)، ١٠ کار (گۆواش)، ١ کار (مێداد رەنگ)، ١ کار (تەرراحی)، ٢ کار (کولاژ)، ٢ کار (نەقاشیی بەرجەستە)، کراوەتەوە.

شایانی باسە کە ئەم پێشانگایە هەتا ٣ی بانەمەڕ بەردەوام دەبێ. ئەو هونەرمەندانەی لەم پێشانگایەدا بەرهەمیان هەیە بریتین لە:

١ـ ئیسماعیل عیزەت خاهـ ٢ـ ئومێد پێرەو ئیسلام ٣ـ سەعادەت قازی ٤ـ بەهار قازی ٥ـ دوکتور جەماڵ شێخولئیسلامی ٦ـ یووسف ئەقدەم ٧ـ کامران سەیدیان ٨ـ نەجمەدین خوش رەوش ٩ـ نەسرین بارین ١٠ـ نەسرین نەوید نیا ١١ـ بەهار خزرزادە ١٢ـ هێدی ئاب رەوش ١٣ـ سۆزان گوڵاوی ١٤ـ ئازاد بیژەنی ١٥ـ سالار ویدادی ١٦ـ سلێمان ناسری ١٧ـ شادی شەریفی ١٨ـ هاوار ئەسەدی ١٩ـ فارووق سامانی ٢٠ـ هێلین نادر ئەحمەدی ٢١ـ نەشمیل ئەحمەد نژاد ٢٢ـ خەزاڵ سەروەر ٢٣ـ شەیدا کەریمی ٢٤ـ بەهارە یووسفی ٢٥ـ نارین جیهانی.

# تورەیی و نارەزایەتی دەربرینی زانا ئایینییەکانی مەهابادوپیرانشار سەبارەت بە نێوەرۆکی کتیبی ئاخوند جویباری

ئاخوندیك بە ناوی "یعصوب الدین رستگار جویباری" لەم دوایانەدا کتێبیکی لە ژێر ناوی "حقیقت وحدت در دین و حکمت عیدالزهرا"دا بڵاوکردۆتەوە. وەك (نامەی سەرئاوالای رۆژی ٢٠ی خاکەلێوەی زانا ئایینییە سوننی مەزهەبەکانی مەهابادو دەوروبەر بۆ بەرپرسانی رێژیم داهاتوە، ئەو کتێبە لە تیراژی بەرینی٢٠٠٠٠ بەرگ دا چاپ بووە و ژمارەیەکی زۆریشی بە خۆرایی لە ناوچە سوننینشینەکانی ئێران دا بڵاو کراوتەوەوهێندیك لە مامۆستا ئایینییەکان ناوچە نوسخەی تایبەتییان بۆ ناردراوە. مامۆستا ئایینییەکانی کوردستان لە نێوەرۆکی ئەو کتێبە زۆر تورە ونارازیی و لەو بروایەدان کە بە سەدان نوونەی بێحورمەتی بە سوننیمەزهەبەکان و خەلیفەکانی جێگەی رێزی ئەو مەزهەبەی تێدایە کە لە ٤٠نموونەیان دەست نیشان کردوون.

لەو پێوەندییەدا، بە سەدان مامۆستای ئایینی ناوچەکانی پیرانشار، شنو و نەغەدە رۆژی ١٣ی خاکەلێوە لە مزگەوتی جامیعەی پیرانشار کۆبوونەوە وبیروڕایی خۆیان لە نێوەرۆکی ئەو کتێبە دەربری. رۆژی ٢٠ی خاکەلێوەش مامۆستایانی ئایینی مەهابادودەوروبەر نامەیەکی سەرئاوەلایان بڵاو کردوە. لەو نامەیەدا دوای ئاماژە کرد نبەو کارشکێنییە و کەندو کۆسپو گیروگرفتانە کە لە لایەن کاربەدەستانەوە دەخرێتە سەررێی سوننیمەزهەبەکان ـ بۆ وێنە رێگا نادری(رادیوکانی مەهابادو سنەش ناوی هێندیك لە "خلفای راشدین" بڵاو بێتەوە. یا لە شارێکی گەورە وەك تاران مزگەوتی سوننی مەزهەبەکان هەبێ. باسی ئەوە کردوە هۆی چییە ئەو ئازادییە دەدرێ بە کەسێك کە ئاوا بە راشکاوی بێ حورمەتی بە سوننی مەزهەبەکان و شتە پیرۆزەکانی ئەوان بکا.

## ملدانی دەسەڵاتدارە نیزامییەکانی میانمار لە بەرانبەر فشاری کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی دا
# ئانگ سان سووچی بۆ چی ئازاد دەبێ

ئۆپۆزیسیۆنی میانمار رایگەیاند کە رێبەرەکەی "ئانگ سان سووچی" بەم زووانە ئازاد دەکرێ. بە پێی راپورتی هەواڵدەریی فەرانسە یەکیەتیی نەتەوەیی بۆ خەڵك سەرداری رایگەیاند: ئێمە هیوادارین و چاوەڕوانین ئانگ سان سووچی و ئوئێن ئو زۆر زوو ئازاد بکرێن، بەڵام بە روونی رێکەوتەکەی نازانین.

سووچی براوەی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێلوجێگرەکەی "ئوئێن ئو" لە مانگی مەی رابردوودا لە هێرشێکی ئاژاوەچییەکانی لایەنگری دەسەڵاتی نیزامی دا بۆ سەر کاروانی هەڵگری ناوبراو دەسگیر کران. هەروەها بنکەی ئەو یەکیەتییە داخرا. بەڵام بەرپرسانی میانمار بەیانیی رۆژی ٢٨ی خاکەلێوە پلۆمپی ئەو بنکەیەیان شکاندوەو چاوەڕوانی دەکرێ رێبەری جووڵانەوەی خەڵك سەرداریی میانمار بەم زووانە ئازاد بکرێ.

پێش بینییەکان سەبارت بەم مەسەلەیە بەم شێوەیە کە ئانگ سووچی لە نێوان جێژنەکانی ساڵی نوێو کۆنوانسیۆنی نەتەوەیی ئەم یەکیەتییە لە ١٧ی مەی دا ئازاد بکرێ کە ئەوە یەکەم هەنگاو لە نەخشەی رێگای حەوت قۆناخیی میانمار بەرەو خەڵك سەرداریە.




لەم دواییانەدا رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان داوای لە دەوڵەتی میانمار کردوە ئەو ئازاد بکاو ئەوەشی راگەیاندوە کە بە بێ بەشداریی حیزبی یەکیەتی بۆ خەڵك سەرداری لە کۆنفرانسی یاسای بنەڕەتی دا، ئاکامەکانی ئەو، ئیعتبارو رەواییان نابێ.

هەر لەم کاتەدا، زیاتر لە ٢٠٠چالاکی لایەنگری خەڵك سەرداری لە میانمار لە هەنگاوێکی سیمبولیك دا، بە مەبەستی راگەیاندنی داواکانیان بۆ ئازادیی خاتوو "سووچی" رێبەری ئۆپۆزیسیۆنی ئەم وڵاتە، رۆژی ٢٩ی خاکەلێوە رێپێوانێکی کەم وێنەیان لە "یانگۆن" بەرێوە برد.

# تاوانێك کە مێژووی کورد لێی نابووری!

**بەرلە ماڵاوایی**

**م. رەوانپاك**

نووسەری ئەم دێرانەو، ئەم ستوونەش بە ئەرکی خۆیان زانیوە نەك جارێك، بەڵکوو چەند جارو لە چەند بۆنەدا لەبارەی خەمێکەوە بدوێن کە بە تێپەڕبوونی زەمان تۆزی فەرامۆشیی لێنانیشێو، نەك لە دەیەکانی داهاتوودا، بەڵکوو بۆ هەتاهەتایە لە مێژووی نەتەوەکەماندا هەر بە زیندوویی دەمێنێتەوە. ئەم خەمە هەر بە تەنیا خەمی منو هاوبیرانمو ئەو بنەماڵانە نیە کە پێوەندییان بە قوربانییەکانی رووداوێکی تاڵو هەر لەوکاتەدا پڕ شوورەییەوە هەیە. خەمی هەموو ئەو کەسانەیە کە خاوەن ویژدانو لە نەریتە جوانو بایەخە پیرۆزەکانی نێو کەلتووری نەتەوەکەیان، لە بنەما ئینسانییەکانی دینو ئایینی زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی کوردستانو، لە ئەخلاقو رێوشوێنە ناسراوو شارستانیو دنیاپەسندەکانی عالەمی سیاسەتو خەباتو تێکۆشانی شۆڕشگێڕانە دانەبڕاون.

نزیکەی ٨ ساڵ لەمەوبەر، دەستەیەکی ٧ کەسی لەو کەسانەی ژیانی خۆیان بۆ بەرەوپێش بردنی خەباتی ئازادیخوازانەیگەلەکەیان لە کوردستانی ئێران تەرخان کردوە، لە کاتی گەڕانەوە لە مەڵبەندی تێکۆشانیان، لە نزیك هەڵەبجە تووشی پرسگەی رێکخراوێکی کوردستانی دەبن. گریمان پێشبینی ئەوەشیان کردبێ، ئەم پرسگەیەو ئەو کۆمەڵە چەکدارەی ئەوان لە ماشێن دادەبەزێنن، هی تاقمێك بە ناوی "بزووتنەوەی ئیسلامی"ن. بەڵام چلۆن بیان زانیبا کەسانێك هەن کە سەرەڕای دانانی ناوی "پێشمەرگە"و "رێکخراوی خەباتکار" لەسەر خۆیانو تێکۆشان لەژێر ناوی "ئیسلام"و "کوردایەتی"دا، ئەوەندە نوقمی خەیانەتو خۆفرۆشیو کاسپی بە ناوی سیاسەتەوە بوون کە ئامادەن سەرەتاییترین رێوشوێنە ئەخلاقییەکانو بەها پیرۆزەکانی نێو ئایینی ئیسلامو نەریتە جوانەکانی نێو میللەتەکەیان بخەنە ژێر پێ؟ چلۆن باوەڕ بکەن کەسانێك کە ئیددیعای خەبات لە دژی ستەمو زۆرداریو چەوسانەوە دەکەن، تاقمێك کە خۆی بە خەمخۆری کوردو کوردستان دادەنێو لافی بەربەرەکانی لەگەڵ داگیرکەران لێدەداو، بە ناوی برەوپێدانی ئەخلاقو رێوشوێنی ئیسلامیو نەهێشتنی دزی، درۆ، خەیانەتو زۆر دیاردەی دزێوی دیکە هاتۆتە مەیدان، پڕ شوورەییترین تاوان دەرحەق بەوان ئەنجام دەدا؟ ئەم هاوڕێیانەمان بێگومان بە مێشکیشیاندا نەهاتوە، ئەو کەسانەی لە یەکەم دیداردا بە رووی خۆشو بە زمانی لووس بەخێرهاتنیان دەکەنو وەك میوان بەرەو بنکەکەیان رێنوێنییان دەکەن، چەند سەعاتیتر، یەك بە یەك بۆ ژوورێکی دیکە بانگیان دەکەنو بە چەند کەس سواری سەریان دەبنو دەستو دەمو لاقیان دەبەستنو دەیانخەنە نێو تەلیسو لەسەر قەرارو تەونو بەستی پێشوو، وەك نێچیرێکی بەقیمەت تەحویلی ئینسانکوژەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیان دەدەنەوە.

ئێستا کە رێژیمی ئینسانکوژو دژ بە کوردی کۆماری ئیسلامی، وێڕای دانانی بە شەهیدکردنی ٦ کەس (*) لەو هاوڕێیانەماندا، پەردەشی لەسەر هاودەستیی تاقمی بزووتنەوەی ئیسلامی لەم تاوانەدا، لاداوەو تەنانەت کوشتنەکەی خستۆتە ملی ئەوان، دەبێ میراتگرانی ئەو تاقمە روونی بکەنەوە ئەم خزمەتەیان بە کۆماری ئیسلامیو ئەم خەیانەتە گەورەیان بە حیزبی دێموکراتو گەلی کورد لە پێناوی چیدا کردوە؟ ئایا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو خەڵکی کوردستانی ئێران، دوژمنایەتیی ئەوانیان کردبوو و شەڕیان لە دژی راگەیاندبوون؟ یا خۆفرۆشتنو خزمەت بە رێژیمی ئێران بە ئەرکێکی رێکخراوەییو ئایینیی خۆیان دەزانن؟ حیزبی دێموکرات تا ئەوکاتە هیچ کێشەیەکی لەگەڵ ئەو تاقمەدا نەبووەو کاری بەسەر کاریەوە نەبوە. کەواتە مەسەلەکە خۆشخزمەتی بە رێژیمی ئێرانە، جا چ لە پێناوی دەسکەوتی ماددیدا بووبێ، چ لەبەر "هاوپەیمانەتیی سیاسی"و بوونی ئەو رێکخراوە وەك کلکی دەزگای تیرۆرو جاسووسیی ئەو رێژیمە بووبێ.

میراتگرانی "بزووتنەوەی ئیسلامی" کە بە حەق شایانی ناوی "ئینسانفرۆشەکانی ئەم سەردەمە"ن، چلۆن لەگەڵ ئاکامەکانی بەرپرسایەتیی ئەنجامدانی ئەو تاوانە گەورەیە بەرەوروو دەبنەوەو، چ وەڵامێکیان بۆ ئەو تەوژمو فشارانە دەبێ کە لەم پێوەندییەدا دەخرێتە سەریان، بۆ خۆیان دەزانن. بەڵام بیروڕای گشتیی خەڵکی کوردستان، حیزبو رێکخراوە سیاسییەکانو کۆڕو کۆمەڵەو ناوەندە مرۆڤدۆستەکانو لە سەرووی هەموانەوە ئەو هێزو لایەنانە کە تاقمێکی ئینسانفرۆشو کلكو هاودەستی دەزگای تیرۆرو ئینسانکوژیی کۆماری ئیسلامی، لە سێبەری دەسکەوتەکانی خەباتی ئەواندا، درێژە بە مانەوەی خۆی دەدا، نابێ لەم تاوانە بێدەنگ بن. ناکرێ چەپەڵترین تاوانەکان، ئەویش دەرحەق بە رۆڵە دێموکراتو نیشتمانپەروەرەکانی گەلی کورد کە وەك میوان لەسەر خاکی ئەم بەشەی کوردستان دەژین، لە ژێر ناوی "ئیسلامی"و "تیکۆشانی سیاسی"دا بەرێوە بچنو، ئەنجامدەرانو بەرێوەبەرانیان، لە لێپرسینەوەی سیاسیو ئەخلاقیو سزای دادپەروەرانە، "مصون" (پارێزراو) بمێننەوە.

تاوانی ئینسانفرۆشانەی "بزووتنەوەی ئیسلامی" ئەوەندە گەورەیە کە مێژووی کورد هیچ کات لێی نابووری. خەمی سەرچاوەگرتووش لەو تاوانە، لەسەر دڵی هەموو مرۆڤە بە ویژدانەکان هەروا قورسایی دەکا هەتا ئەوکاتەی بەرێوەبەرانو ئەنجامدەرانی تاوانەکە دەدرێنە دەستی عەداڵەت.

(*) یەکێك لەو ٧ کەسە بە ناوی داریووش ئیسلامدوست، ٧ مانگ دوای تەحویلدرانەوە بە کۆماری ئیسلامی، لە کاتێکدا دەزگای تیرۆرو جاسووسی ئەو رێژیمە بۆ جێبەجێکردنی پیلانێکی تیرۆریستی هێنابوویانەوە بۆ کوردستانی عێراق، لە دەرفەت کەڵکی وەرگرتو خۆی رزگار کردو ئێستا لە سوئێد دەژی.